# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

٥٣
چوارشەممە
٢٠١٠/١٠/١٣
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net


## کوردو ستەمکاری

میدیای کوردی لەبەر سەما، ئاگای لەنەتەوەکان نەماوە

9-8

# بەدران حەبیب: پارتی زۆر متمانەبەخۆو لەخۆڕازییە

# لەیەکگرتنی گۆڕانو یەکێتیدا پارتی هەر مووشی نابزوێ

# گۆڕانو یەکێتی هەر دەڵێی سێوێکنو کراون بەدوو لەتەوە

پ.دەستوور

بەدران ئەحمەد حەبیب سەرۆکی دەزگای ئاراسو نووسەرو ڕۆژنامەنووسی نزیک لەسەرکردایەتی پارتی، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت ئەو هێشتا بڕوای بەوە نییە گۆڕان پارتێکی جیاوازتر بێت لەیەکێتی، پێشیوایە بەتێپەڕبوونی کات یەکدەگرنەوە.

بەدران حەبیب دەڵێت دوو حیزب ئەوەیە کەدوو ئایدیۆلۆجیان هەبێ، یان دوو بیرکردنەوەی جیایان هەبێ، یان دوو بەرنامەی دوور لەیەکیان هەبێ. لەدۆخی گۆڕانو یەکێتیدا ئەمە لەئارادا نییە، وتی "هەر دەڵێی سێوێکنو کراون بەدوو لەتەوە، پاش نیشتنەوەی کەفوکوڵو ساردبوونەوەو هێوربوونەوە، دەسلەملانە ڕوو دەداتەوەو لەجارانیش باشتر دەبنەوە برا".

بەدران حەبیب بزووتنەوەی گۆڕان وەک ئۆپۆزیسیۆن ناناسێت، دەڵێت "ئۆپۆزیسیۆن لەهەناوی گەلەوە دێتە دەرێ، ئۆپۆزیسیۆن کوڕی شەقامو دەرهاوێشتەی کۆمەڵانی خەڵکە. ئۆپۆزیسیۆن دەربڕی بێزارییە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانە. ئۆپۆزیسیۆن دروشمی مەحرومییەتە. ئۆپۆزیسیۆن داوای نانو ئازادییە. ئۆپۆزیسیۆن دەنگی نێرانەی کۆمەڵانێکی بەشخوراوە. تکایە پێم بڵێ ئەم دۆخانە کامیان لەپرسی بزووتنەوەی گۆڕاندا بەڕاست دەشکێنەوە؟".

لەبارەی تێڕوانینو گومانی بەشێک لەپارتیو نووسەرانی پارتییەوە سەبارەت بەپەیوەندییەکانی ئێرانو یەکێتیو گۆڕان، دەڵێت یەکێتیو گۆڕان دۆستایەتی زیاد لەپێویستیان لەگەڵ ئێراندا هەیە، پێیوایە نزیکبوونەوەکەی ئەو دوو هێزە لەسەرخواستی ئێرانەو گومانی ئینقلابکردنی بەسەر پارتیدا لێکردوون، لەبارەی کاردانەوەکانی پارتی لەدۆخێکی وادا دەڵێت "پارتی هەر مووشی نابزوێو مێشی میوان نابێ، پارتی حیزبێکە لەتەنگژەشدا تەرازووی بیرکردنەوەی لار نابێو کۆمیدییانە هەڵسوکەوت ناکا".

هەروەها وتی "پارتی حیزبێکی زۆر متمانەبەخۆو لەخۆڕازییە. پارتی هەستێکی هەیە پێیوایە ئەو خۆی وەک بەعەرەبی دەڵێن "وحده لاشریک له"".

لەبارەی داوا یاساییەکانی پارتی لەڕۆژنامەکان بەیاسای مەدەنی عێراقی، دەڵێت "یاسای ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەئەزموونو تاقیکردنەوەیەکی قووڵی ڕۆژنامەوانی لەکوردستانەوە نەهاتووە. من وا دەزانم ئەو یاسایە کەلەبەری زۆر تێدا هەیە. ڕەنگە بۆ زۆر شت پێویست بەوە بێ بۆ یاسایەکی تری کوردستانی یان عێراقی بچینەوە".

بەردان حەبیب سەرۆکی دەزگای ئاراس دابەوەدا نانێت کەمیدیای ئەهلیو سەربەخۆ لەکوردستاندا هەبێت، دەڵێت میدیای ئەهلی دوو بنەوای پێویستە بۆئەوەی پێی بوترێ ئەهلی، یەکەم: سەرچاوەی پارەپێدانی دیار بێ، واتە دیار بێ ئەو لایەنەی کەدەیژیێنێ کێیەو بۆچی دەیژیێنێ، دووەم دەبێ میدیای ئەهلی سیاسەتی سەربەخۆ لەکاری ڕاگەیاندندا بگرێتە بەرو لەپێناو گەیاندنی زانیاری بەجەماوەر کاربکا. کەئەم دووە نەبوون، وتی "ناشێ بەو میدیایە بوترێ ئەهلیو سەربەخۆو بێلایەن. ئەمانەش هەردووکیان لەکوردستانی خۆماندا لەئارادا نین".

دەقی چاوپێکەوتنەکە لەلاپەڕە ١٠-١١دا بخوێنەرەوە



## ئەمڕۆ مەسەلەی هەڵوەشانەوەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان یەکلاییدەکرێتەوە

زانیار محەمەد

جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند ئەگەر پرۆژە یاسای دەستەی هەڵبژاردنەکان چوارشەممە لەپەرلەمانی کوردستان تێپەڕێنرێت، ئەوا دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان.

ڕێباز فەتاح لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت "ئێمە دەمانەوێت ئەمڕۆ پرۆژە یاسای دەستەی هەڵبژاردنەکان لەپەرلەمانی کوردستان تێنەپەڕێنرێتو پەسەندکردنی دوابخرێت، تائەوکاتەی کۆدەنگی لایەنەکانی لەسەر دروستدەبێت".

هەروەها وتی "ئەگەر ئەو کۆدەنگییە دروستنەبێتو فراکسیۆنی کوردستانی سووربوون لەسەر تێپەڕاندنو پەسەندکردنی، ئێمەش هەڵوێستی خۆمان دەبێتو ئەوکاتە ئاشکرایدەکەین. لەبەرئەوە تێپەڕاندنی یاساکە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان".



## "دەزگای پاراستن ڕۆڵی نابێت لەدانانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی"

11


# کۆمپانیای سولی تێلیگراف

## بۆ ڕۆژنامەوانیو چاپو بڵاوکردنەوە




## بەردەوام ئاگاداری هەواڵو گۆڕانکارییەکان بە لەهەرکوێییەک بیت


www.arsivakurd.org

# دەستەی ئامار بە نایاسایی شێوەزاری بادینی بەکاردەهێنێت





زانیار محەمەد

شارەزایانی زمانەوانیو کەسانی پسپۆڕ رەخنە لەدەستەی ئاماری عێراقی دەگرن بەوەی لەبری دیالێکتی سۆرانی شێوەزاری بادینیان بەکارهێناوە، دەڵێن وەک ئەوە وایە نەتەوە بکەیت بەدوو بەشەوە، چونکە زمانی فەرمی کوردی دیالێکتی سۆرانییە. دەستەی ئاماری عێراقی لەبانگەشەی ئەنجامدانی سەرژمێریی عێراقدا لەساڵی ٢٠١٠ لەبری زاراوەی سۆرانی، شێوەزاری بادینی بەکارهێناوە، ئەوەش لەکاتێکدایە هەموو کاروبارە فەرمییەکان لەهەرێمی کوردستانو عێراقیش بەزاراوەی سۆرانی رایی‌دەکرێت.

رەئوف عوسمان ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "بەپێی دەستوور زمانی کوردی، زمانی فەرمیی عێراقە، زمانی فەرمیی کوردیش زاراوەی سۆرانییە، زاراوەی سۆرانیش لەسەردەمی شێخ مەحمودەوە هەبووە، لەبەرئەوە لێرەدا باسی هیچ زاراوەیەکی دیکە جگە لەسۆرانی لەئارادا نییە، زاراوەی سائیدو باو، زاراوەی سۆرانییە".

لەبارەی دانانی زاراوەی بادینی لەبری زاراوەی سۆرانی لەبانگەشەی سەرژمێریدا، رەئوف عوسمان وتی "ئەو کەسەی ئەو کارەی کردووە بادینی بووەو لەرووی سۆزدارییەوە بۆ زاراوەکەی خۆی کردوویەتی، دانانی زاراوەی بادینی لەو بانگەشەیەدا، کێشەی گەورە دروستدەکات، چونکە کاتێک زمان کرا بەدوو سێ زاراوەوە، واتای وایە نەتەوەکەت کردووە بەدوو سێ نەتەوەوە".

لای خۆیەوە محەمەد مەحوی مامۆستای کۆلێژی زمان لەزانکۆی سلێمانی لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت "ئەوەی وەک زمانی دەستوور پەسەندکراوە لەئاخاوتنو نووسیندا زاراوەی سۆرانییە، زمانی دەستووری زاراوەی سۆرانییەو بووەتە زمانی خوێندنو کاروبارەکانی حکومەتو ستانداردە".

هەروەها وتی "بەکارهێنانی شێوەزاری بادینی لەبانگەشەی سەرژمێریدا دەستووری نییەو لادانە لەدەستوور، چونکە لەدروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە زاراوەی سۆرانی زاراوەی فەرمی بووەو دەبێت ئەوانەی ئەو کارەیان کردووە، لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت".

## ئاسایش داوا لەکۆمپانیاو شوێنە گشتییەکان دەکات کامێرای چاودێری دابنێن

محەمەد نەجیب

ئاسایشی هەولێر داوای لەزۆرێک لەکۆمپانیاو دوکانو شوێنە گەشتییەکان دەکات ، کەکامێرای چاودێریکردن دابنێنو هەموو مانگێکیش ریکۆردی ئەو کامێرایانە تەسلیمی ئاسایش بکرێن.

بەپێ زانیارییەکانی دەستوور ئاسایشی هەولێر داوای لەگەشت ئەو کۆمپانیایانە کردووە کەئۆفیسەکانیان دەکەوێتە سەرجادەی سەرەکی، کەدەبێت کامێرای چاودێری دابنێنو پارەی کامێراکەش کۆمپانیاکە بیدات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەموو مانگێکیش ریکۆردی کامێراکە دەرکەنو تەسلیمی ئاسایشی بکەن.

عەقید نێروان ئەژی گۆران بەڕێوەبەری راگەیاندنی ئاسایشی هەولێر لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند "دانانی ئەو کامێرایانە هەنگاوێکی سەردەمیانەیە، لەزۆربەی وڵاتە پێشکەوتەوەکانی دونیاشدا پەیڕەوەی لەم هەنگاوە دەکرێت، ئەم هەنگاوەش بۆ چاودێری شوێنە گشتییەکانە بۆ مەسەلەی ئەمنیەت".

هەروەها وتی "بۆ مەسەلەی کۆنترۆڵکردنی تاوانو دیاردە دزێوەکانە، لەبەرئەوە ئاسایشی هەولێریش ئەوەی لەبەردەمایە کە لەزۆرترین شوێنی هەولێر دایبنێت، لەبەرئەوە ئێمە داوامانکردووە لەو کۆمپانیایانە، بەڵام کارێکی سەپێنراویش نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی کەداوامان لێکردوون خۆیان زۆر زۆریان پێخۆشبووە".

## گۆڕانکاری لەئاڵوگۆڕی پۆستی قایمقامی شەقڵاوەو قەڵادزێ راگیراوە

فەرمان چۆمانی

لەناو ئەو گۆڕانکارییانەی کەماوەیەکە باسدەکرێت، بڕیاربوو گۆڕانکاری لەپۆستی هەردوو قایمقامی قەڵادزێو شەقڵاوەدا بکرێت لەنێوان پارتیو یەکێتیدا، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی دەستوور ئەو گۆڕانکارییە راگیراوە.

بڕیاربوو پۆستی قایمقامی قەڵادزێ بدرێت بەپارتیو قایمقامی شەقڵاوەش بۆ یەکێتی بێت.

دلاوەر ئۆمەر ئەبوبەکر قایمقامی قەزای شەقڵاوە لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی "بڕیاری ئەوە هەبوو کەچەند قایمقامێک ئاڵوگۆڕیان پێبکرێت، لەنێوان سنووری پارتیو یەکێتیی، کەمن یەکێک بووم لەوانە، بەڵام تائێستا کۆتایی بەکۆبوونەوەکانی یەکێتیو پارتی نەهاتووە لەوبارەیەوە".

دلاوەر وتی "زانیاری ئەوەم نییە کەقایمقامی قەڵادزێ بێتە ئێرەو منیش بۆ ئەوێ بچم، چونکە کۆبوونەوە لەسەر ئەوە کراوەو کۆتایی بەو گفتوگۆیانە نەهاتووە کە لەسەر ئەو بابەتە هەبوون".

ئاماژەی بەوەشدا کەئەو ئاڵوگۆڕە هەر دەکرێت، بەڵام بەهۆی دیاریکردنی ئەو قەزاو قایمقامانەی ئالوگۆڕدەکرێن، بڕیارەکە نەگەیشتووەتە کۆتایی.

دەستوور پەیوەندی بەحەسەن عەبدوڵڵا قایمقامی قەزای قەڵادزێیەوە کرد، بەڵام بێ ئاگایی خۆی لەو بابەتە راگەیاند.

دەستوور پەیوەندی بەهەریەکە لەنیازی حەمە عەزیز بەڕێوەبەری راگەیاندنی لقی ١١ی پارتی لەرانیە، هەڵۆی ئەحمەد کوردە بەرپرسی هەمان لقی پارتی، زێندین سورچی بەرپرسی مەڵبەندی پێشووی شەقڵاوەی یەکێتیەوە کرد، ئەو زانیارییانەیان پشتڕاستکردەوە، بەڵام زانیاری زیاتریان نەدرکاند.

kawamuhamad@yahoo.com



کاوە محەمەد

# رێککەوتن کەستراتیژی بوو، نابێ ئاوابێت

هەرچەندەکەم ناتوانم کۆنگرەو بڕیارەکانی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا بکەمە نمونەیەک کەببێتە جێ خۆزگەی هەرێمەکەمان. بەپێچەوانەشەوە کۆنگرەو بڕیارەکانی وڵاتانی جامیعەی عەرەبی دەبینم، بەداخەوە بەنزیک لەنمونەکەی خۆمانی دەبینم. جیاوازی روونو ئاشکرای نێوان ئەو دوو نمونەیە، ئەوەیە کەئەوەی ئەورووپا، هەر لەپەنجاکانی سەدەی رابردووەوە، بناغەکەیو دواتریش فراوانبوونەکانی لەسەر بنەمای رەچاوکردنی رای گەلانی وڵاتەکانیان بنیاتنراوە. هەر بڕیارێکیان دابێت لەناو خەڵک کاریان لەسەر کردووە، هەر بەبڕیاری خەڵکیش وڵاتەکانیان بوونەتە ئەندام لەیەکێتییەکەو داوای هاوبەشی (یۆرۆ)یان قبوڵ یان رەتکردووەتەوە. تەنیا لەسەر سەرۆکەکانیان ئەوە بووە کەئیرادەی گەلەکانیان بۆ بڕیار تەرجەمە بکەن. کەچی نمونە عەرەبییەکە، تەواو پێچەوانەیە، جامیعەی عەرەبیو رێککەوتنو کۆنگرەکانیان دامەزراوەی فەوقینو تەنیا لەنێوان سەرۆکو پاشاو میرەکانیاندایەو هیچ پرسو رایەک بەگەلەکانیان ناکەن. بۆیەش دەبینین مێژووی عەرەب زۆرترین دروشمی یەکێتیو یەکڕیزی بەخەرجداوە، هاوکات زۆرترین رێککەوتنو یەکێتیو هاوپەیمانیی دووقۆڵیو چەندقۆڵیو فاشیلیش بەخۆوە دەگرێ. دوایین بڕیاریش، پشتیوانیی دووەمین لوتکەی عەرەبیی-ئەفریقیی سرت بوو لەیەکێتیی خاکی سودان، بێ ئەوەی تۆزقاڵێک ئەو هەموو مەینەتیو زوڵم و زۆرەی خەڵکی باشووری سودان لەبەرچاوبگرن کەچەندان ساڵە لەسەر دەستی حکومەتە نادیموکراتەکەی خەرتوم دووچاری هاتوونو وایکردووە داوای ریفراندۆم بکەن. ئاخر ئەوە باشوورییەکان نین کەیەکێتیی خاکی سودانیان خستووەتە بەردەم هەڕەشەی پارچەپارچەبوونەوە، بەڵکو ئەوە بەشیرو سیاسەتە توندڕەو و نامرۆییەکانییەتی کەخەڵکی باشووری وڵاتەکەی ناچارکردووە جگە لەجیابوونەوە هیچ رێگەچارەیەکی دیکە لەبەردەم خۆیاندا نەبیننەوە. بەڵام کۆنگرەکەی سرت، وەک ئەوانەی پێشوویان، بەئیمتیازەوە لوتکە بوو و هەموو سودانو گەلانو ئایندەکەی کردە قوربانیی (سەرۆک بەشیر) و داواکانی جیابوونەوەی باشووریشیان بە (پیلانی زایۆنیزمو ئیمپریالیزم) لەقەڵەمدا! (وەک موعەمەر قەزافیی سەرۆکی کۆنگرەکە لەوتەکەیدا رایگەیاند).

بۆئەوەی کەس بەهەڵە تێمنەگات، وەک لەسەرەتاوە وتم.نمونەکەی ئێمە زیاتر لەنمونە عەرەبییەکە نزیکە، بەڵام نزیکییەکە بەمانای نادیموکراتیبوونەکە نا، بەڵکو بەدیوی بەشداریی پێ نەکردنی خەڵک لەدروستکردنی بڕیارو رێککەوتنەکاندا. نمونەش رێککەوتنی ستراتیژیی نێوان یەکێتیو پارتییە کە ئەگەرچی وەک نیازو ئامانج زۆر کۆکە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خەڵک، بەڵام لەجێبەجێکردندا چەندان رەخنەو تێبینی جدی هەڵدەگرێ. سەرەکیترینیان، فەوقیبوونی رێککەوتنەکەیە کەسەرکردایەتیی هەردوولا هەر لەنێو خۆیانداو دوور لەچاو و رای قاعیدەی حیزبەکانی خۆشیان، بڕیاریان لەخاڵو برگەکانی داو تەنانەت ناوەڕۆکی رێککەوتنەکەیان بۆ ماوەی چوار ساڵ بەنهێنیو شاراوەیی هێشتەوەو ئەندامی پلەبەرزی حیزب هەبوون ناوەڕۆکی رێککەوتنەکەیان نەبینیبوو، کەچی فەرمانپێکراویش بوون کەجێبەجێی بکەن! چ جای خەڵک.

لەکاتێکدا ناونیشانی سەرەکی رێککەوتنەکە، بەرژەوەندیی خەڵکەو هەمیشەش بەو دروشمەوە رێ لەرەخنەکانی سەری گیراوە. جگە لەمەش، تائێستا زەرەرمەندانی شەڕی ناوخۆ قەرەبوو نەکراونەتەوە، لەڕووی ئیدارییەوە نەتوانراوە سنووره سیاسیو سایکۆلۆژییەکانی نێوان ناوچە دابەشکراوەکانی ساڵانی شەڕی ناوخۆ بسڕدرێنەوە، هێشتا یەکێتی لەهەولێرو پارتی لەسلێمانی بەمیوان دادەنرێن (هەندێجار میوانی ناوەختو نەخوازراویش). ئیدی بۆچی سەرکردایەتیی هەردوولا گلەیی لەئۆرگانو ئەندامانی خۆیانو خەڵک بکەن کە بەتەواوی نەچوونەتە ژێرباری رێککەوتنی ستراتیژییەوە. بۆچی نیگەرانو دڵگران دەبن بەو رەخنانەی رووبەڕووی ئەو رێککەوتنە فەوقییە دەکرێنەوە، کەئێستا لەئاستی سەرکردایەتیشدا خەریکە دەکەوێتە بەر مقاشی گەمە سیاسییەکانەوەو لەنێو خۆشیاندا پرتەوبۆڵەو ناڕەزایی سەرهەڵدەدەن.


ئاخر بەڕاستی کەرێککەوتن ستراتیژی بوو، نابێ ئاوا بێت، دەبێ بەشی سەرەکی کەرەستەکانی ستراتیژیبوونەکەی لەناو خەڵک دابینبکات، نەک تەنیا لەبازاڕە هەمیشە کراوەکانی دروشم. ئەگینا (خۆرئاسا) ئاوادەبێت. ئەمەش ئەو زەنگی مەترسییەیە کەپێویستە بمانخاتە بەردەم خوێندنەوەیەکی دیکەی ئەزموونی هەرێمەکەمانو کارگەی بەرهەمهێنانی بڕیارەکانی، تا بزانین ئاخۆ چەندە رەچاوی رای خەڵکو ئاستی بەشدارییان لەدروستکردنی بڕیاردا کراوە.

بۆئەوەی بەرچاوی هەنگاوەکانمان روون بێتو خۆمان لەنمونە عەرەبییە شکستخواردووەکە بەدوور بگرینو لەنمونە ئەورووپییە سەرکەوتووەکەش نزیک بکەوینەوە.











## پارتی لەسلێمانی روو لەهونەرمەندان دەکات





## سێرە

هەفتانە مەلا ئاریان دەینووسێت
Arian@hetaw.net

# بودەڵەیی سیاسی

لەراستیدا تەواوی جەستەی سیاسەتو پرۆسەی حزبیی لەکوردستان لەژێر هەژموونی پارتیو یەکێتیدایە، بەو واتایەی خودی پرۆسەی هەڵسوڕانو داسوڕانی هێزە سیاسییەکان بەشێوەی جیاجیا بەندە بە ئیرادەو دەسەڵاتی ئەو دوو حزبەوە. چونکە بەسەرێکدا سیاسەت ئێستا پرۆسەی خۆژیانەو سەرچاوەی ئابووریش بۆ ئەو خۆژیاندنە لەدەسەڵاتی پارتیو یەکێتیدایەو لەسەرێکی دیکەشەوە خودی حزبەکان جگە لەفاکتەری پارێزگاریکردن لەبەرژەوەندییە خوددییەکان، هیچی تر نەیهێشتونەوە. ئەمەشە دواجار ئەو جەستەیە بەدوو حزبەکەوە دەبەستێتەوە.

کۆمەڵگەی سیاسیی راستەقینە، کۆمەڵگەیەکە حزبەکان لەسەر بنەڕەتی فرە حزبیو پلۆرالیزمێکی راستینە دامەزراوە، کۆمەڵگەیەک پرۆژەی سیاسییو دیدگای سیاسیی هێزێک دەباتە دەسەڵاتەوەو متمانەش لەهێزێکی دی دەستێنێتەوە، کۆمەڵگەیەکە تەنێ قەوارەی حزبەکان بەس نییە بۆ ئەوەی رۆڵیان لەپرۆسەی سیاسیی پێبدرێت، کۆمەڵگەیەکە حزب دەسەڵات دانادۆشیو رەحمەتو نەفرەتیش بە ئیرادەی ئەو دابەشناکرێت. واتا سیاسەت بەدیوە راستەقینەکەیدا وادەکات هەمووان رۆڵیان هەبێو یاساش هەمووان بپارێزێت. بەبێ گەڕانەوەی ئیرادەی پارێزگارییکردن لەحزبەکان، ئیدی ئازادی سیاسییو سیستەمی فرە حزبی دەکەوێتە ژێر پرسیارو گومانەوە.

ئەوەی ئێستا لەکوردستان هەیە، هیچ کات ناتوانرێ لەژێر مانشێتی فرە حزبیدا کۆبکرێتەوە، چونکە ئەوە جگە لەخەسڵەتەکانی (حزبی قائید)، هیچ پێناسەیەکی تر وەرناگرێت، هیچ خەسڵەتێکی تر قبوڵ ناکات. ئەوە حزبی قائیدە وادەکات پەراوێزێک لەئازادیو ژیانێکی نیاندەرتاڵیو رۆڵێکی شایەدیدەرانە وەک مەکرەمە بداتە حزبەکان، نەک بەرەنجامی قبوڵکردنو داننانی بەرۆڵی مێژووییانەی ئەو هێزانە، بەو مانایەی حزبی قائید کاتێک دەیەوێت پەنجەکەی نەخاتە قوڵایی گەروتەوە، کە تۆ دان بەکاریگەرییە مێژووییەکەی دابنێیو شەرعیەتی ئەوەشی پێبدەیت کە بەهۆی قوڵاییە مێژووییەکەیەوە دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرێت. لەراستیدا ئەوەی لەکوردستان هەیە، رێک ئەوەیە. چونکە چیدی پارتیو یەکێتی قبوڵی ئەوەناکەن، قۆناغی دانان بەرۆڵەکەیانو پاشانیش بە شەرعیەتی مۆنۆپۆڵ، بکرێت بەهەنگاوێک بۆ شەراکەتێکی سیاسیی هاوسەنگو یەکسان لەبڕیاردان لەپرۆسە سیاسییەکە.

ئێستا کوردستان دوو بەرەیە، بەرەیەک پارتیو یەکێتیو بەرەکەی دیکەش تەواوی هێزە سیاسییەکان، بەدرێژایی ئەو مێژووە تەواوی ئەو هێزە سیاسییانە رۆڵە مێژوویەکەیان پەکخراوە، پەکخستن بە ئەندازەیەک تائەندازەی لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسیش، بەو واتایەی پارتیو یەکێتی هەرهێندە خواستیان لەحزبەکان نەبووە، دان بەشەرعیەتی شۆڕشو کاریگەرییە مێژووییەکەیان دابنێن، بەڵکە دواجار سەربەخۆیی سیاسییو سەربەستی بڕیاریدانیشیان لێوەرگرتونەوە، بەمەش ئیدی حزبەکانیش هەمیشە پشت لەخەڵکو روو لەوان چاوەڕێی مەکرەمەی بودەڵەیی خۆیان بوون. چاوەڕێ بوون، پارتیو یەکێتی بەشێک لەو سەروەتە بردراوەیان بداتێ، کە لەگەرووی هەژاران گیراوەتەوە.

بەهێزی پارتیو یەکێتی لەماوەی ساڵانی حوکمڕانی خۆیاندا، ئەگەر بەشێکی پەیوەندی بەسایکۆلۆژیای کۆمەڵگای پاش شۆڕشو لاوازی هۆشیاری هاوڵاتییو هێزی میلیشیای ئەوانەوە هەبوبێت، ئەوە بەشەکەی تری پەیوەستی بودەڵەیی سیاسیی حزبەکانی ترو رازیبوونیان بووە بەهاوبەشیکردنی ئەوان. واتا یەکێتیو پارتی هەمیشە هێزە سیاسییە بێهێزەکانی کوردستانیان لەپێناو تەسدیقی بڕیارەکانو شەرعیەتدان بەشەڕەکان بەکارهێناوەو باری لاسەنگی خۆیان پێ راستکردوونەتەوە.

هەڵبەتە تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستان ناچنە نێو ئەو خانەوە، هەندێکیان هاوارو هەندێکیشیان نووزەیان هەیە، هەشیانە مەگەر لەهەڵبژاردنی رەنگی پەڕۆی سەر بارەگاو ناوەکەی نەبێت، لەهیچی تر لەوان جیانییە، یەکەمیان نانو زمانی دەبڕێو دووەمیش گوێی دەگیرێ، خۆ سێهەم هەمیشە لەچاوەڕوانی پاداشتی وەلاو سەرنەویکردنیەتی، سێهەم رۆڵە مێژووییەکەی تەنها هێندەیە کە خەڵک داوای کارەباو ئاوی کرد لەبری پارتیو یەکێتی بەیاننامەیان لەسەر دەربکاتو بیانکاتە تابووری پێنج، کە مامۆستا داوای دەرماڵەی کرد ناوی تێکدەری لێ بنێو ئەگەر حزبێک داوای چاکسازی کرد، بیکاتە پیاوی مالیکیو سەدرو بەدر، ئەو جۆرە حزبە، هەمیشە لەئاگر گەرمترن، پارتیو یەکێتی بڕیاری شەڕ دژی گەندەڵی دەدەن، بەڕێزان تاڵەبانیو بارزانی دان بەگەندەڵیدا دەنێن، کەچی هێشتاش ئەو داوای دۆکۆمێنت دەکات؟، ئەو دوو حزبە داوای بەخشین لەخەڵک دەکەن، کەچی حزبیی ملکەچ ستایشی ئەو هەموو خزمەتگوزارییە دەکات. سەرۆکی هەرێم یاسای رۆژنامەنووسان رەتدەکاتەوەو ئیمزای ناکات، کەچی پەرلەمانتارو سەرکردەکانی ئەو حزبە چەپە عەیار بیستو چوارانە داوای رێزگرتنو دانانی بەند لەسەر رێزگرتن لەنەریت دەکەن، ئەوان لەگەڵ ئەوەن سیمبولەکان بکرێنە تابۆ.

پارتیو یەکێتی پێدەچێت ئێستا لەخوێندنەوەی رەفتاری هێزە سیاسییەکان پسپۆڕ بن، هەندێکیان لەژێر ناونیشانی (بێگوێ)و هەندەکەی تریش لەژێرناونیشانی (گوێڕایەڵ)دا کۆدەکەنەوە، چونکە ئیدی دەزانن، هەندێک لەوان ناکرێت هاواریان لێوەرگیرێتەوەو هەندەکەی تریش هەرگیز نووزەیەکیان لێ هەڵناستێت.

محەمەد حوسنی موبارەک، لەوساتەی ناکۆکییان لەگەڵ کەناڵی ئەلجەزیرە گەیشتە لوتکە، لە قەتەر سەردانی کەناڵەکەی کردو ووتی "ئەلجەزیرە هێندەی قاوغە شقارتەیەک دەبێتو ئاگرەکەی هەموو دنیا دەسوتێنێ"، ئەو راست دەکات، هەرگیز قەوارەی بچووک مانای ئەوە نییە هاوارت بچووک بێت، دەشێت لەبونەوەرێکی بچووک هاوارێکی گەورە هەڵسێت، هەروەک هەمزاتۆف ووتەنی، گەلی بچووکو ژێردەست دەبێت شمشێرەکەی تیژ بێت. کەچی حزبەکانی ئێمە نە شمشێرنو نە قاوغە شقارتەش.

# بەهۆی پەیدابوونی رکابەرەوە، گۆران نێت نرخەکانی دادەشکێنێت

کاروخ نامیق

Goran net
For Internet and Broadband Services

دوای چەندان ساڵ بێ رکابەری بازاڕی ئینتەرنێتی شاری سلێمانی، کۆمپانیای گۆران نێت داشکاندن لەنرخی خزمەتگوزارییەکانی دەکات، بەڕێوەبەری مارکێتی کۆمپانیاکەش رایدەگەنێت بەشێکی زۆر لەداشکاندنەکانیان پەیوەندی بەو کێبڕکێیەوە هەیە کەبەهۆی هاتنی کۆمپانیای نوێی ئینتەرنێتی بۆ شاری سلێمانی دروستبووە.

سامی حەمە موئمین بەڕێوەبەری مارکێتینگ لەکۆمپانیای گۆران نێت لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت چەندانجار لەرابردوودا داشکاندنیان کردووە، بەڵام رەنگە وەک داشکاندنی ئەمجارە نەبووە، لەبەرئەوەی ئێستا کۆمپانیای رکابەر دروستبووە، وتی "ئێمەش داشکاندنەکەمان باشتر کردووە".

سامی حەمە موئمین رایگەیاند دوو جۆر کێبڕکێ هەیە، کێبڕکێیەک لەنرخدا، کێبڕکێیەکی تر هەیە لەکوالیتیدا، وتی "ئێستا ئێمە لەهەردوو جۆرە کێبڕکێکە رکابەرمان نییە، هیچ کۆمپانیایەک ناتوانێت بەو نرخو کوالیتیەی ئێمە ئەو برە ئینتەرنێتەی ئێمە دابینبکات بۆ بەشداربووانی".

فەیسەڵ عەلی پسپۆڕی ئابووری دەڵێت کاتێک کۆمپانیایەک بەتەنیا لەبازاڕدا کاردەکات، دەتوانێت بەئارەزووی خۆی یاری بەنرخ بکات، بەرزی بکاتەوە یان نزمی بکاتەوە لەبەرئەوەی لەبەرانبەریدا کۆمپانیایەکی تر نییە کێبڕکێی بکات، وتی "ئەوە کێشەیەکی گەورەیە لەهەرێمی کوردستان لەساڵانی رابردوودا هەبووە، ئێستا خەریکە هەنگاو بەهەنگاو کۆمپانیای کێبڕکێکار دروستدەبێت".

فەیسەڵ عەلی وتی "تائێستا پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی دەرنەکردووە بۆ رێکخستنی شێوازی کێبڕکێ، بۆئەوەی رێگە لەقۆرخکاری بازار بگرێتو نەهێڵێت کۆمپانیایەک بەئارەزووی خۆی مامەڵە لەگەڵ بازاڕدا بکات".

عەلی وتی "پێویستە پەرلەمانی کوردستان هەوڵی جدی بدات بەزووترین کات یاسای رێکخستنی کێبڕکێ پەسەندبکات، حکومەت ناچاربکات پابەند بێت پێوەی بۆئەوەی هیچ کۆمپانیایەک بەتەنیا قۆرخی بازاڕ نەکات".

ئەو پسپۆڕە ئابوورییە رەخنە لەحکومەت دەگرێت لەبەرئەوەی پێشتر کۆمپانیای کێبڕکێکاری تر نەبووە لەبواری ئینتەرنێت لەشاری سلێمانی، وتی "دەبوو حکومەت چاودێری نرخی ئەو کۆمپانیاییەی بکردایە، نەک بەئارزووی خۆی نرخی دیاربکردایە".

بەبڕوای فەیسەڵ عەلی یەکێک لەئەرکەکانی حکومەت چاودێریکردنی کاری کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتە لەبازاڕەکانی کوردستاندا، وتی "بەڵام حکومەت وەک پێویست نەیتوانیوە ئەو ئەرکە جێبەجێبکات".

کۆمپانیای گۆران نێت ١٠٠٪ خێرایی هێڵەکەی زیاد کردووە، جگەلەوەش بەرێژەیەکی زۆر نرخی بەشداریکردنی داشکاندووە، بەهۆی پەیدابوونی رکابەرەکەی کۆمپانیای رێبەر کویک کەنرخی بەشداریکردن بۆ هێڵەکە ٦٧ هەزارەو مانگانەکەشی بڕی ٣٠ هەزار دینار.

گۆران نێت بەهۆی نەبوونی رکابەرەوە چەند ساڵێکە نرخی بەشداریکردنی بەرێژەیەکی بەرزتر لەنرخی کۆمپانیاکانی هەولێرو شارەکانی تری کوردستان بوو.



# چەند چەکدارێک شەوانە رێگری لەتانکەرەکانی نەوتی شیواشۆک دەکەن

رێبوار جەلال لەهەولێر

لەسنووری رێگای دێگەڵەو قوشتەپە، چەند چەکدارێکی نەناسراو کە بەزمانی کوردی قسەیانکردووە، بەدەموچاوی پێچراوەوە لەماوەی هەفتەیەکدا رێگریان لەنزیکەی ٦ شۆفێری تانکەرەکانی گواستنەوەی نەوتی کۆمپانیای عێراق ئۆیل کردووەو هەڕەشەی کوشتنیان لێکردوون.

شۆفێرانی گواستنەوەی تەنکەرەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراق ئۆیل دەڵێن لەسەر رێگەی سەرەکیی نێوان دێگەڵەو قوشتەپە ژمارەیەک چەکدار رێگریان لێدەکەن، کەنەوت لەکێڵگەی نەوتی شیواشۆکەوە دەگوازنەوە بۆ قوشتەپە، تائێستا لایەنە پەیوەندیدارەکان نەیانتوانیوە رێگری لەدووبارەبوونەوەی ئەو حاڵەتانە بگرنو شوفێری تانکەرەکانیش گلەیی لەبنکەکانی پاسەوانی هێزی پێشمەرگە دەکەن لەو سنوورە.

لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا شەش حاڵەتی رێگەگرتن لەتانکەرەکانی نەوت گوێزەرەوەی نێوان کیلگەی نەوتی شیواشۆکو قوشتەپە روویداوەو لەگەڵ لێدانو سوکایەتیکردن بەشوفێرەکان، رێگرەکان بەدەموچاوی پێچراوەوە داوای پارەیان لێکردوون.

حەسەن محەمەد ساڵح شوفێرێکی ئەو رێگەیە کە بەتانکەر نەوت دەگوازێتەوە، بەدەستووری وت "رۆژی ١٠/٤ لەرێی حاجی وسو دەگەڕاینەوە لەمەفرەقی چەمەرگە نزیک قوشتەپە، ئێمە دوو تانکەری نەوت بووین، "BMW"یکی رەش کەوتە دوامان، کەتازە پارەمان وەرگرتبوو لەکۆمپانیا حەقی گواستنەوەی نەوت لەشیواشۆکەوە بۆ قوشتەپە، ئەوان مەبەستیان دزیو راوڕووت بوو".

ئەو شۆفێرە کەمانگانە بەگرێبەست کاردەکات وتی "رانەوەستاین تا گەیشتینە نزیک بنکەیەکی پێشمەرگە لەحاجی وسوو، چووینە لای ئەوان، ئەوان بەپیرمانەوە هاتن، پێیانوتین ئێرە سنووری ئێمە نییەو ئاگاداری خۆتانبنو بەشەو بەڕێدا مەڕۆن، تەنیا بەڕۆژ وەرن".

ئەو شوفێرە وتیشی هەفتەی رابردوو لەشۆفێرێکی تری ئێمەیان داوە، بەڵام پارەی پێنەبووە، لەسەرەتای ئەم مانگەوە ئەوە شەشەمین رووداوە لەو رێگەیەدا رووبدات.

چەند رۆژێک لەمەوبەریش بەهەمان شێوە شوفێرێکی تورک رووبەڕووی ئەو حاڵەتە بووەتەوە.

ساڵح عەلی یەکێکی تر لەو شوفێرانەی کەتووشی ئەو ژمارە چەکدارە بووەو وتی "رۆژی ١٠/٢ کات نۆی شەو ٣ کەسی چەکدار رێیان لێگرتمو وتیان دەتکوژین، کوا پارەکانت، من وتم پارەم پێ نییە بەس مەمکوژن".

موزەفەر سوڵتان بەهجەت یەکێکی دیکە لەو شوفێرانەیە کەرێگەی لێگیراوە، وتی "ئێمە لەرێگەی حاجی ئۆمەران کارمانکردووەو کەس دەستی نەهێناوەتە رێگەمان، حەیف نییە لەو رۆژگارەداو لەکوردستانی ئازاد لەسەر رێگەیەی چل پەنجا کیلۆمەتری، ژمارەیەک چەکدار راووڕووت بکەنو رێگەمان لێبگرنو ئاسایشی کارکردنمان بخەنە مەترسییەوە".

کامەران حەسەن بانیمارانی بەڕێوەبەری ناحیەی دێگەڵە بەدەستووری راگەیاند، کەئەوان زانیارییان بەدەست نەگەیشتووە لەسەر ئەو حاڵەتانەو دوێنێ لەهاووڵاتیانەوە ئەو رووداوانەیان بیستووە.

هەروەها وتی "ئەو شوفێرانەش خۆیان نەهاتوون لەپۆلیس سکاڵا تۆماربکەن بۆئەوەی بەدواداچوون بۆ کێشەکەیان بکرێتو رێگە لەدووبارەبوونەوەی ئەو حاڵەتانە بگیرێت".

# بەبیانووی زیادەڕەوییەوە، لێکۆڵینەوە لەپرۆژەکانی هیلان سیتی دەکرێت

محەمەد نەجیب

گوماندەکرێت لەکۆی دروستکردنی ٩٢٠ خانوو، نزیکەی ٢٠ خانوویان لەلایەن کۆمپانیای رووناکی لەپرۆژەی هیلان سیتی لەکەلار بەزیادەڕەوی دروستکرابێت، شارەوانیش لێکۆڵینەوە لەو پرۆژەیەو کۆمپانیاکە دەکات.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور کۆمپانیای رووناکی کەهەڵدەستێت بەدروستکردنی ٩٢٠ خانوو لەگەڕەکی بەردەسوور لەشاری کەلار بەناوی پرۆژەی هیلان سیتییەوە، ئەو کۆمپانیایە نزیکەی ٢٠ خانوو بەزیادەڕەو دروستکردووەو کەدەبوو لەشوێنی ئەو ٢٠ خانووە بکرایە بەپارکو باخچە.

جەواد وادی سەرۆکی شارەوانی کەلار لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئێمە لیژنەیەکمان بۆ ئەو مەبەستە تەشکیلکردووە، بەهۆی ئەوەی لیژنەکە خەریکی ئەوەیە نەخشەکە لەگەڵ واقیعەکەدا بەراورد بکەن بۆئەوەی بزانین ئەوە راستە یان نا، بەڵام تائێستا لیژنەکە راپۆرتی کۆتایی نەداوە".

هەورەها وتی "بەڵام کاتێک هەواڵەکەمان بیست لیژنەیەکمان تەشکیلکردووە بۆئەوەی لێکۆڵینەوەی تێدا بکەین، بۆیە جارێ چاوەڕوانی ئەو لیژنەیەن".

ئەحمەد حەسەن ساڵح بەڕێوەبەری کۆمپانیای رووناکی بۆ زەویو دروستکردنی خانوو، رەتیکردەوە ئەوان خانووەکانیان بەزیادەڕەوی دروستکردبێت، وتی "لەو رووبەرە زەوییەی کەبەکارمان هێناوە، زیادەڕەوەیەک نییە، بۆیە ئەمە بڕیاردانێکی پێشوەختە کەهێشتا پرۆژەکە تەواونەبووە، رووبەری سەوزایش کاتێک تەواودەبێت کەخانووەکان تەواودەبن، ئێستاش رووبەری باخچەکان هەمووی ماوەتەوە، بەڵام جارێ سەوز نەکراوە، تەنیا لەبەرئەوەی کەسیاجێکی بۆ نەکراوە، بەڵام کەدواتر پرۆژەکە تەواودەبێت سیاج بۆ هەموو باخچەکان دەکرێتو رووبەری هەموو باخچەکان دەردەکەوێت".

ئەحمەد حەسەن وتی "ئێمە لە٢٥٪ی پرۆژەکە دەکەین بەسەوزای، تەنیا پرۆژەیە لەهەموو کەلارو گەرمیان کەگرنگی زۆر درابێت بەرووبەری سەوزای".

عەزیز سەعید رەشید بەڕێوەبەری جێبەجێکردنو بەرپرسی یەکەی سەرپەرشتیکردنە لەدەستەی وەبەرهێنان وتی "هیچ زیادەڕەوییەک نییە لەو پرۆژەیەدا کەئەوە شوێنی باخچەی کردبێت بەخانوو، بەڵام تێکەڵبوونێک هەیە".

ئاماژەی بەوەشدا کەهەر کۆمپانیایەک لەو زەوییەی بۆی دانراوە بۆ بینایەو سەوزای جێبەجێ نەکات، ئەوا ئیجرائاتی لەگەڵدا دەکرێت.

# پرسێکی تر پەرلەمانتارانی یەکێتی لەپارتی جیادەکاتەوە



کاروخ نامیق

پرۆژە یاسای پێکهێنانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم، راوبۆچوونی بەشێک لەپەرلەمانتارانی یەکێتی لەگەڵ بەرەی ئۆپۆزیسیۆن (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ)، لەیەکتر نزیکدەکاتەوە، بەڵام پەرلەمانتارە پارتییەکان دەڵێن، دەبێت پەرلەمانتارانیش پابەندی رێککەوتننامە ستراتیژییەکە بن.

بەشێک لەپەرلەمانتارانی یەکێتی لەلیستی کوردستانی، پێیانوایە ئەو پرۆژە یاسایە بەهۆی گرنگییەوە پێویستە بەدەنگی ٣/٢ ئەندامانی پەرلەمان پەسەندبکرێت، کەئۆپۆزیسیۆن داوایدەکات.

لەدوای مانگی ئازاری ئەمساڵەوە، ئەمە جاری دووەمە کەناکۆکیو جیاوازی بۆچوون لەنێوان پەرلەمانتارانی یەکێتیو پارتیدا دروستدەبێت، کاتێک دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتێکی گۆڤاری گوڵان لەدژی بەرهەم ساڵح پەرلەمانتارێک داوایکرد لیستی کوردستانی هەڵبوەشێتەوەو یەکێتیو پارتی هەریەکەو بەکوتلەیەکی جیاواز کاربکەن.

**پێکهێنانی کۆمیسیۆنێک کێشە دروستدەکات**

بڕیارە ئەمڕۆ چوارشەممە پەرلەمان پرۆژە یاسای پێکهێنانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پەسەندبکات، بەڵام تێپەڕاندنی ئەو یاسایە بەدەنگی ٥٠+١ پەرلەمانتاران کێشەی لەلایەن دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆنەوە دروستکردووە.

هەرسێ لیستی ئۆپۆزیسیۆن شەممە کۆبوونەوەیەکان ئەنجامداو هەڕەشەی کشانەوەیان کرد لەئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئەگەر ئەو یاسایە بەو شێوەیە تێپەڕێنرێت، ئەوان رایانگەیاند ناکرێت دەسەڵات لەبەغداد داوای یەکهەڵوێستیمان لێبکەنو لەکوردستانیش دژمان بن، عەبدوڵڵای مەلا نوری پەرلەمانتاری گۆڕان، دەڵێت ئۆپۆزیسیۆن گومانی ئەوەیان هەیە پێکهێنانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم وەک دەزگاکانی پاراستنو زانیاریو ئاسایش لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە کۆنترۆڵبکرێتو بڕیار لەو حیزبانەوە وەربگرن.

وتی "دەزگایەکی گرنگی لەوشێوەیە نابێت لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە قۆرخبکرێتو دەستی بەسەردابگیرێت، دواجار دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن بەو شێوەیە پەسەندبکات کەحیزبە دەسەڵاتدارەکان دەیانەوێت".

ئۆپۆزیسیۆن داوادەکات یاساکە بەدەنگی ٣/٢ی پەرلەمانتاران پەسەندبکرێت، بەڵام لیستی کوردستانیو سەرۆکایەتی پەرلەمان ئیش بۆ ئەوە دەکەن یاساکە بەدەنگی ٥٠+١ پەسەندبکرێت.

پەرلەمانتاری پارتی عەبدولسەلام بەرواری پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی، وتی "زۆر ئاساییە لەکاتی پێکهێنانی ئەو کۆمیسیۆنە هەموو ئەندامەکانی لەئۆپۆزسیۆن بێت، بەڵام دەقی یاسا تەوافقی لەسەر ناکرێت، بەپێی یاسا دەنگدان لەپەرلەمان بە ٥٠+١ چۆن دەبێت بکرێت بە ٣/٢ مەبەستی ئەوان رێگەگرتنە، ٣/٢ بۆ سەندنەوەی متمانە لەدەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەکاردێت".

عەبدولسەلام دەڵێت ئۆپۆزیسیۆن شتەکان تێکەڵدەکات، "دەنگدان بۆ سەرۆک وەزیران بە ٥٠+١ خێرە بۆ دەستەیەک ئەو یاسایە بگۆڕدرێت" وای وت.

بەڵام عەبدوڵڵای مەلا نوری دەڵێت بۆیە ئەوان داوای دەنگی ٣/٢ی پەرلەمانتاران دەکەن، چونکە گرنگی ئەو یاسایە جیاوازە لەهەر یاسایەکی تر.

ئەو وتی "ئەم یاسایە پەیوەندی بەنەخشەی سیاسی ئایندەی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ئەو دەستەیەی دروستدەبێت لەئەنجامی تێپەڕبوونی ئەم یاسایە دەستەیەکە سەرپەرشتی هەموو ئەو پرۆسە دیموکراتیانە دەکات، وەک هەڵبژاردنو راپرسیو ریفراندۆم کە لەئایندەدا لەکوردستاندا ئەنجامدەدرێت".

**پەرلەمانتارانی یەکێتیو پارتی جیادەبنەوە**

بەشێک لەپەرلەمانتارانی یەکێتی لەگەڵ ئەوەدانین یاساکە بەو شێوەیە تێپەڕێنرێت، بەپێچەوانەی پەرلەمانتارانی پارتییەوە کەجەخت لەسەر پەسەنکردنی یاساکە بەو شێوەیە دەکەنەوە.

گۆران ئازاد پەرلەمانتاری یەکێتی کەبۆچوونی زیاتر نزیکە لەبۆچوونی لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە، پێشنیازدەکات ئەو یاسایە بەرێککەوتنی نێوان هەموو هێزو لایەنە سیاسییەکان بێت لەدەرەوەی پەرلەمانو دواتر بچێتە پەرلەمان.

کاتێک ئەو پرۆژەیە نێردراوە بۆ لیژنەی یاسایی پەرلەمان، گۆران بەپێچەوانەی پەرلەمانتارانی پارتییەوە پێشنیازی ئەوە دەکات پرۆژەکە بەدەنگی ٣/٢ی ئەندامان پەسەندبکرێت.

گۆران وتی "٣/٢ دەکرێت نوێنەری هەموو حیزبو لایەنە سیاسییەکانی تێدابێت، هەروەها دەکرێت بەجۆرێکی تر رێککەوتنی لەسەر بکرێت، نوێنەری هیچ حیزبێکی تێدا نەبێت، کۆمەڵێک خەڵکی بێلایەنو ئەکادیمیو پرۆفیشناڵ لەلایەن حیزبەکانەوە پێشنیازبکرێنو هەموو لیستەکان لەسەری کۆکبن".

پەرلەمانتارێکی یەکێتی کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، رایگەیاند بەشێکی زۆری ئەندام پەرلەمانەکانی یەکێتی لەگەڵ ئەوەدا نین ئەو یاسایە بەو شێوەیە تێپەڕێنرێت.

ئەو پەرلەمانتارە وتی "تەنانەت خودی د.بەرهەمو ئەرسەلان بایز لەگەڵ ئەوەن ئەو یاسایە بەشێوەیەک پەسەندبکرێت کەهەموو لایەنەکان پێشوەخت لەسەری رێکنەکەوتبن".

گۆران ئازادیش لای خۆیەوە دەپرسێت شتێک هەموو پێکهاتەکانی کوردستان تێیدا بەشداربنو یەکڕیزی هەموو لایەنەکان بپارێزێت، باشترە یان ئەم کۆمیسیۆنە شیرازەی پەیوەندی نێوان لایەنەکان تێکبدات؟

بەپێی وتەی سەرچاوەکەی دەستوور، ئەو پەرلەمانتارە یەکێتییانەی زیاتر لەگەڵ یاساکەدانین بەو شێوەیە، کەسە سەربەخۆکانو ئەوانەی رۆژانێک دژی سەپاندنی بڕیاربوون بەبێ رێککەوتنی لایەنەکان.

عەبدوڵڵا مەلانوری ئاماژە بەوەدەدات کە لابەلا کۆمەڵە کەسانێک هەیە لەلیستی دەسەڵات پشتگیری لەوەدەکەن یاساکە بەو شێوەیە تێبپەڕێت کەهەموو لایەک لەسەری رێکبکەون.

ئەو وتی "بەتایبەت ئەندام پەرلەمانەکانی یەکێتی".

عەبدوڵڵا مەلانوری وتی "لەدانیشتنەکاندا لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان ئەو بەڵێنەمان پێدرا کە ٣/٢ بێت، بەڵام تائێستا ئەم دەنگانە دەنگێکی ئاشکرانین".

سەلام بەرواری ئەندام پەرلەمانی پارتی، دەبێت ئەندام پەرلەمانەکان باپەندی رێککەوتننامە ستراتیژییەکەی نێوان هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە بن.

بەرواری وتی "خەیاڵیان خاوە ئەوانەی هەمیشە هەوڵدەدەن یەکێتیو پارتی رێکنەبن، رێککەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتیو پارتی رێککەوتنی نێوان دوو حیزبە، هیی نێوان دوو ئەندامی پەرلەمان نییە، ئەگەر یەکێک بۆچوونی پێچەوانەی لیستی کوردستانی هەبێت، بۆچوونی شەخسی خۆیەتی گوزارشت لەرای یەکێتیو پارتی ناکات".

مەحمود سەنگاوی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان رەتیدەکاتەوە کەیەکێتی لەگەڵ شێوازی دەنگدانی یاساکەدا نەبێت، ئەوەش دەڵێت "کەبۆچوونیان لەسەر یاساکە پەیوەندی بەرێککەوتننامەی ستراتیژیەوە نییە".

سەنگاوی وتی "ئێمە وەک یەکێتی پێمانباشە یاسای کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بەدەنگی ٥٠+١ ئەندامانی پەرلەمان پەسەندبکرێت، لەبەرئەوەی ئەوە یاسایەکەو لەپەرلەمان کاری پێدەکرێت".

ئاماژەی بەوەشدا کەپەرلەمانتارەکانی یەکێتی ئازادیان دراوەتێ بیروراڕی خۆیان دەربڕن چۆن بیردەکەنەوە.

هەروەها وتی "ئەوە پەیوەندی بەرێککەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتیو پارتییەوە نییە، لەبەرئەوەی پارتی ٥٠+١ پێباشە ئێمەش ٥٠+١ پێباش بێت، بەڵکو ئێمە خۆمان ئەوەمان پێباشە".

# بڕگەی کشانەوەی وەزیرە کوردەکان قبوڵ ناکرێت

شۆڕش خالیدو محەمەد نەجیب

دوای دوو مانگ، جموجۆڵی ئاوڕدانەوە لەخاڵو داواکانی کورد، بەهۆی کاندیدکردنەوەی مالیکی زیاددەکات، تائێستاش هیچ لایەنێک بەپێی دواوتەی ئەندامانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بەفەرمی وەڵامی داواکانی کوردیان نەداوەتەوە. بەڵام چەند بڕگەیەکی داواکان کێشەی دروستکردووە.

**فرسەت لەبەردەم کورددا**

ئەندامانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی کاندیدکردنەوەی مالیکی لەلایەن زۆرینەی شیعەکانەوە، فرسەتێکی باشتر دەدات بەکوردەکان بۆ دەستکردن بەدانوستاندنی زیاتر.

ئازاد چالاک ئەندامی وەفدی دانوستکاری کورد، وتی "کورد تائێستا بەفەرمی خۆی رانەگەیاندووە بچێتە هاوپەیمانی هیچ لایەنێکەوە، بەڵام ئەمە فرسەتێکە هاتووەتە کایەوە لەدوای کاندیدکردنەوەی مالیکی، بۆیە هەلی ئەوە لەبەردەستدایە کەکورد دەست بەدانوستاندنی راستەوخۆ بکات لەگەڵ مالکیدا بۆ پێکهێنانی حکومەتو ناوی خۆت بنێت".

ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەهەوڵدان بۆئەوەی لەو فرسەتەدا هەموو داخوازییەکان لەگەڵ مالیکیو لایەنەکانی تردا باسبکەن بۆئەوەی لایان روونبێتەوە مالیکی کاندیدکراوی زۆرینەی شیعەکان تاچەند بۆ داخوازییەکانی کورد دێتە پێشەوە.

بەهۆی ئەوەی مالیکی بۆ پێکهێنانی حکومەت تەنیا پێویستی بە ٤٠ کورسییەک هەیە، لەولاشەوە لیستی عێراقییە لەحاڵێکدا ئەگەر لەگەڵ نەیارەکانی مالیکی لەهاوپەیمانی نیشتمانی شیعەکاندا نزکبێتەوە، هەردوولایان بە بەدەستهێنانی متمانەی کوردەکان دەتوانن حکومەت پێکبهێنن، بۆیە کوردەکان دەیانەوێت قورسایی خۆیان لەو نێوەندەدا لەجێبەجێکردنی زۆرینەی داواکانیان دەربخەن.

چالاک وتی "کورد بەهەر لایەنێکدا بیشکێنێتەوە، ئەوا دەتوانێت زۆرینە بەدەستبێنێتو حکومەت تەشکیل بکات، بۆیە دەبێت لەگەڵ ئەو لایەنەبین کەزۆرینەی داواکانمان جێبەجێدەکات".

نەجیب عەبدوڵڵا، ئەندامێکی تری شاندی دانوستانکاری کورد لەبەغداد، وتی لەئێستادا هەوڵو هەڵوێستی ئێمە ئەوەیە لەم چەند رۆژەدا لەگەڵ هەموو لایەنەکان دابنیشینو وەڵامی کۆتایی داواکانیان وەربگرین.

هەروەها وتی "بەهۆی ئەوەی رۆڵی کورد لەهاوکێشە سیاسییەکەدا زیاتر بووە، بۆیە دەمانەوێت دوای کۆبوونەوەکان هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەین".

**کشانەوەی وەزیرە کوردەکان قبوڵ ناکرێت**

ئەندامانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان تائێستا بەڕوونی ئەو بڕگەو خاڵانە ئاشکرا ناکەن کە لەلایەن لایەنەکانی ترەوە رەتدەکرێنەوە یان تێبینیان لەسەر هەیە.

بەپێی لێدوانی ئەندامێکی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەبڕگەی (١٨)ی تایبەت بەکشانەوەی وەزیرە کوردەکان لەکاتی پێکهێنانی حکومەتدا ئەگەر داواکانیان یان مافی کورد پشتگوێخرا، یان هەر پێشێلکارییەکی تری دەستووریی دروستبوو، ئەوا حکومەت بەهەڵوەشاوە دادەنرێت، لای زۆرینەی لایەنەکان قبوڵ نییەو بەفشاری تێدەگەن.

نەجیب عەبدوڵڵا وتی "ئەوە راستییەکە کەزۆرینەی لایەنەکان ئەو بڕگەیە بەفشار تێدەگەن، بۆیە لەگەڵ ئەوەدانین کشانەوەی وەزیرە کوردەکان لەهەر خەرقێکی یاساییدا حکومەت بەهەڵوەشاوە دادەنرێت".

نەجیب وتی "بەڕوونی مالیکی ئەوەندەی ئاگاداربین ئەوەی قبوڵ نەبووەو بەفشاری دەزانێت، ئەوان بەمەترسی لەو خاڵە دەڕوانن".

هەروەها وتی "بەڵام ئێمە دوو شت لەوانە دروستبوونی خەرقی یاساییو یان پابەندنەبوون بەبڕیارەکان دەکشێینەوە، ئەوە تەنیا زەمانەتە بۆ ئێمە، نامانەوێت بەئەزموونی رابردوودا بڕۆینەوە، ئەزموونمان هەیە لەگەڵیاندا".

پێشتر ئەندامانی لیستی دەوڵەتی یاسای نوری مالیکیو لیستی عێراقییەش ئەوەیان راگەیاندبوو کەتێبینیان لەسەر بڕگەو خاڵەکان هەیە، بەڵام ئاماژەیان بەوە نەداوە کەچ خاڵێک رەتدەکەنەوە.

مەحمود عوسمان پەرلەمانتاری لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەڵێت رێککەوتن لەگەڵ لایەنەکان نەکراوە، کورد دەیەوێت بەڵێن بەزارەکی نەبێت.

نەجیب ئەوەشی وت کە لایەنەکان پێیان باش نییە بچنە ژێر فشاری کوردەوەو لەکاتی پێکهێنانی حکومەتدا کشانەوەی وەزیرەکان حکومەت بەهەڵوەشاوە دابنرێت. لەبارەی لایەنەکانی ترەوە، نەجیب عەبدوڵڵا وتی "لەلیستی عێراقییە تەنیا ئەوە هەیە وەڵامیان بۆ بڕگەکانی کورد ئیجابییە، بەڵام لەم چەند رۆژەدا کۆبوونەوەی جدی دەستپێدەکەینەوەو لایەنەکانی تریش بەهەمان شێوە".

مەحمود عوسمان وتی "دوای تەواوبوونی گفتوگۆکان ئێمە هەڵوێستی خۆمان بەشێوەیەکی فەرمی رادەگەیەنین".



# دواخستنی سەرژمێری، چارەنووسی ناوچە دابڕاوەکان ئاڵۆزتردەکات

## سەرژمێری دەتوانێت نیوەی خاکی کوردستانی باشوور بخاتەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم



دواخستنی سەرژمێری... کورد نیوەی خاکەکەی لەکوردستانی باشوور لەدەستدەدات

زانیار محەمەد

تائێستا سەرکردایەتی سیاسیی هەرێمی کوردستان هەڵوێستی ڕوونی لەبارەی دواخستنی سەرژمێریی گشتی دانیشتووانی عێراقی دەرنەبڕیووە، کەئەنجامدانی دەتوانێت کێشەی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێم، بودجەو ژمارەی کورسی پارێزگاکان لەپەرلەمانی عێراق بکات.

شارەزایانو ڕۆشنبیرانیش ڕەخنەدەگرن لەبێ هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بەرانبەر بەدواخستنی سەرژمێری، پێیانوایە کورد لەپرۆسەی سەرژمێری تێنەگەیشتووە، لەبەرئەوە بێ هەڵوێستو بێدەنگن بەرانبەر بەدواخستنی.

بڕیاربوو ٢٤ی ئەم مانگە سەرژمێریی گشتی دانیشتووان ئەنجامبدرێت، بەڵام ڕۆژی ٣ی ئۆکتۆبەر وەزارەتی پلاندانان بڕیاری دواخستنی سەرژمێری دا بۆ ٥ی کانونی یەکەم، سەرەڕای ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری لەزۆرینەی پارێزگاکانی عێراقدا.

لەبەرانبەردا دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەفەرمی ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوەو نیگەرانیی لەدواخستنی سەرژمێری دەربڕیو داوایکرد لەوادەی دیاریکراودا ئەنجامبدرێتو جارێکی دیکە دوانەخرێتەوە.

بەپێی ناوەندەکانی هەواڵ دواخستنەکە بەهۆی فشاری عەرەبە سوننەکانی موسڵو کەرکوکەوە بووە، شارەزایانیش دەڵێن هیچ گرەنتییەک نییە لەو وادەیە ئەنجامبدرێتو دووبارە دوانەخرێتەوە.

ترسی شارەزایان بەهۆی ئەوەوەیە، کەپێشتر دەبوو لەساڵەکانی ٢٠٠٥و ٢٠٠٧و ٢٠٠٩ سەرژمێریی دانیشتووان ئەنجامبدرایە، بەڵام بەهۆکاری سیاسی دواخراوە.

**نیوەی خاکی کوردستانی باشوور بەهۆی سەرژمێرییەوە دەگەڕێتەوە**

ڕووپێوییە جوگرافییەکان دەریدەخەن ڕووبەری کوردستانی باشوور نزیکەی ٨٥ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، ئەو ڕووبەرەی ئێستا لەژێر دەسەڵاتی حکومی کوردیدایە، دەگاتە ٤٠ هەزار کیلۆمەتر، بەوپێیەش نزیکەی ٤٥ هەزار کیلۆمەتر بەهۆی کێشە سیاسییەکانی نێوان عەرەبی سوننەو کوردەوە، نەگەڕاوەتە سەر خاکی هەرێمی کوردستان.

کەرکوک یەکێکە لەو شارانەی نەگەڕاوەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، عەرەبەکانی کەرکوک دەڵێن لە ٢٠٠٣ ژمارەی دانیشتووانی کەرکوک ٨٣٥ هەزار کەس بووە، بەڵام لەئێستادا ئەو ژمارەیە ٦٥٠ هەزار کەسە بەگوێرەی فۆرمی خۆراک، ئەمە لەکاتێکدایە وەک خۆیان وتوویانە ٢٥٠ هەزار کەسی عەرەب شارەکەی بەجێهێشتووە.

ڕووبەری کوردستانی باشوور دەوروبەری ٨٥٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، ئەو ڕووبەرەی کەکورد دەسەڵاتی بەسەریدا دەشکێتو بەهەرێمی کوردستان ناسراوە، بەنزیکەی ٤٠٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە مەزەندە دەکرێت، ئەمەش بەو مانایەی کەنیوەی خاکی باشوور هێشتا لەدەرەوەی قەڵەمڕەوی کوردیدایەو بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستوور بەناوچەی "کێشە لەسەر" پێناسەکراوە.

بەوپێیەو بەگوێرەی سنووری کارگێڕی سەردەمی بەعس،پارێزگای کەرکوک بەهەموو قەزاو ناحیەکانیەوە، قەزای مەخموری سەر بەپارێزگای هەولێر، هەموو قەزاو ناحیە کوردستانییەکانی سەر بەپارێزگای موسڵ جگە لەقەزای ئاکرێ، هەموو قەزاو ناحیە کوردستانییەکانی سەر بەپارێزگای واسیت، قەزای دوزخورماتووی سەر بەپارێزگای سەڵاحەدین، ئەو ناوچانەن کەپێویستە لەڕێی ماددەی (١٤٠)ەوە چارەنووسیان یەکلاییبکرێتەوە.

ڕووبەری عیراق بێ لەکوردستان (٣٥٠،٠٥٢) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، لەو ڕووبەرە (١٦٨،٥٥٢) کیلۆمەتری چوارگۆشە، کەنزیکەی نیوەی خاکەکەی دەکاتو بەشی گەورەی دانیشتووانە عەرەبە سوننە مەزهەبەکانی تێدا نیشتەجێن، بیابانەو سەرچاوە گرنگەکانی ژیانی تێدا نییە، ئەوەشی کەدەمێنێتەوە ڕووپێوێکی تێکەڵەی خاکە گردۆڵکەییو دەشتە لیتەییەکانە، کەجگە لەڕەشە خاکەکانی کەنارەکانی هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات، ئیتر لەبەشێکی گەورەیدا ڕووبەرە ئاوییەکانی زۆرنگاوو عەماراوەکان دایدەپۆشن، بۆیە عیراق (جگە لەناوچەکانی ئەوپەڕی باشووری) لەبژێوی خۆیدا، پشتی تەواوی بەکوردستان بەستووە.

ئەگەر هەرێمی ڕزگارکراوی کوردستان بەسەرچاوە ئاوییەکانییەوە دەوڵەمەند بێت، ئەوا ناوچە کوردستانییەکانی سەر بەماددەی ١٤٠، بەسەرچاوە زۆرو زەوەندەکانی پەترۆڵەوە دەنازێت. جگە لەبایەخی ئابووری، لەڕووی ستراتیژی عەسکەرییەوە، شارەکانی سەر بەم ناوچانەو بەتایبەتیش شارەکانی کەرکوکو موسڵو خانەقین، هەمیشە گرێی هاتوچۆی داگیرکردنو هەڕەشەکردن بووە لەم بەشە ڕزگارکراوەی کوردستانو لەباری ئازادبوونیاندا، زامنی ئاسایشی کوردستانو سێ داشی سواری قەوارەی کوردستان دەبن بەسەر عیراقی داهاتوودا.

پسپۆڕانو پەرلەمانتاران ئەنجامدانی سەرژمێری بەهۆکارێکی گرنگ دادەنێن بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوچە دابڕاوانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠دا.

دەرباز محەمەد، خوێندکاری دکتۆرا لەجوگرافیای سیاسیدا لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، دەڵێت ئەنجامدانی سەرژمێری دەبێتە بنەمایەک بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی لەناوچە جێناکۆکەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو بەغداد.

دەرباز ئاماژە بەوە دەدات سەرژمێرییەکانی سەردەمی دەسەڵاتی بەعس جێی بڕوا نین، بەهۆی ئەو سیاسەتە هەڵاواردنەی بەرانبەر کورد گرتبوویەبەر، وتی "لەبەرئەوە کوردەکان لەژێر فشارو هەروەها ترسی لەدەستدانی وەزیفەدا، ناسنامەی نەتەوەکەی خۆیان گۆڕیووەو لەسەرژمێریدا خۆیان بەنەتەوەی عەرەب تۆمارکردووە".

شەبەکو ئێزیدییەکانی وەک نمونەیەکی بەرجەستە خستەڕوو، کە لەسەرژمێرییەکانی پێشوودا بەعەرەب نووسراون.

بایەزید حەسەن پەرلەمانتاری عێراق پێیوایە سەرژمێری کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، وتی "لەبەرئەوەی لەو ناوچانە ژمارەی تەواوەتی هەموو نەتەوەکان دەردەکەوێت، بەوەش کێشەکە چارەسەردەبێت".

بایەزید حەسەن دەڵێت کێشەی بودجەی هەرێمو ململانێکان لەسەر "لە١٧٪" ەکەش کۆتاییان دێت.

**پاساوەکانی دواخستنەکە لاوازن**

ڕەخنەگرانی دواخستنی سەرژمێرییەکە کەنزیکەی هەموویان لەهەرێمی کوردستانن، دەڵێن پاساوەکانی حکومەتی عێراق بۆ دواخستنی سەرژمێرییەکە لاوازە. ئاماژە بەوەشدەدەن کەسەرژمێری تەنیا ڕەهەندی سیاسی نییە.

بایەزید حەسەن بەئاماژە دان بەوەی کەسەرژمێری پرۆسەیەکی دێرینەو تەنانەت لەسەردەمی ڕۆمانیو بابلیو فیرعەونییەکاندا ئەنجامدراوە، پێیسەیرە ماوەی ١٣ ساڵە لەعێراق سەرژمێری ئەنجامنەدراوە.

ڕزگار محەمەد ئەندامی پەرلەمانی کوردستان پێیوایە سەرژمێری لەبیستەکانی سەدەی ڕابوردوودا لەعێراق ئەنجامدراوە، بۆیە بۆ ئێستا شتێکی نوێ نییەو دەتوانرێت ئەنجامبدرێت، وتی "لەڕێگەی سەرژمێرییەوە حکومەت دەزانێت وزەی مرۆیی کۆمەڵگە چەندەو چۆن زیاددەکات".

ڕزگار محەمەدیش وتی "سەرژمێری خراوەتە چوارچێوەیەکی سیاسی ڕووتەوە، ئێمە دەمانەوێت ژمارەی دانیشتووان بزانین، وێنەیەکمان لەبارەی خۆمانەوە دەستبکەوێت، بەڵام سیاسەت هەموو شتێکی تێکداوەو بەئاقاری هەڵەیدا بردووە".

لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا هەر پێنج ساڵ جارێک سەرژمێری ئەنجامدەدرێت، هیچ هێزێکی سیاسیش ناتوانێت دوایبخات، مەگەر ڕووداوی گەورەی سروشتی ڕووبدات.

دەرباز محەمەد وتی "گۆڕانکاریی زۆر لەدیمۆگرافیای دانیشتوواندا ڕوویداوە، بەڵام هیچ ئامارو ئاماژەو ژمارەیەک لەبارەی ئەو گۆڕانکارییانەوە لەبەردەستدا نییە".

**داوادەکرێت سەرکردایەتی کورد فشاربکات**

دەرباز محەمەد ئاماژەی بەوەدا تائێستا ڕێژەی کورد لەئاستی عێراقدا نازانرێت، لەماوەی حەوت ساڵی دوای ڕووخانی بەعسدا کورد نەیتوانیوە ڕێژەی خۆی لەڕێگەی سەرژمێرییەوە دیارییبکات، بەهۆی بێدەنگیو بێ هەڵوێستی نوێنەرانی کورد لەبەغداد.

ئەوەشی وت بەرانبەر دواخستنی سەرژمێری، جگە لەلایەنە سیاسییەکان، تەنانەت شەقامی کوردیش لەمەترسیی دواخستنی ئەو پرۆسەیە بێدەنگەو لێی تێنەگەیشتووە.

دەرباز محەمەد وتی "لەبەرئەوەی یەکێتیو پارتی نزیکن لەشیعەکانو بەرانبەریان نەرمن، بۆیە بەرانبەر بڕیارەکانی حکومەتی عێراقی ناوەستنەوە کە بەدەست شیعەکانەوەیە".

ئەو داوادەکات کەفشاری بکرێت بۆ ئەوەی سەرژمێرییەکە ئەمساڵ ئەنجامبدرێت.

پرۆسەی سەرژمێری لەعێراق هەموو دەساڵ جارێک ئەنجامدراوە، کەیەکەمیان لەساڵی ١٩٢٧و دوا سەرژمێریش ساڵی ١٩٩٧ ئەنجامدرا، کەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرێمی نەگرتەوە، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووەوە بەپاساوی نالەباری بارودۆخی ئەمنی سیاسییەوە سەرژمێری نەکراوە.

کاوە مەحمود وتەبێژی حکومەتی هەرێم لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، پێیوایە لەچەند ساڵی ڕابوردوودا هەلومەرجی عێراق لەبارنەبووە بۆ سەرژمێری.

کاوە مەحمود وتی "بەڵام ئێستا هۆکاری سیاسی هەیە بۆ دواخستنی سەرژمێری، لایەنێک هەیە دەیەوێت سەرژمێری ئەنجامنەدرێت، پارێزگاری موسڵ ڕێگە دەگرێت لەئەنجامدانی سەرژمێری، هەوڵو کارکردن هەیە بۆئەوەی قەوارەی ڕاستەقینەی کورد وەک خۆی لەعێراقدا دەرنەکەوێت".

دەرباز محەمەد پێشبینی ئەنجامدانی سەرژمێری لەمانگی کانونی یەکەمی ئەمساڵیشدا ناکات، وتی "بەبۆچوونی من ساڵێکی دیکەش ئەنجامنادرێت".

دەرباز دەڵێت ساڵی پار شیعەکان نەیانەێشت سەرژمێری بکرێت، بۆئەوەی بەئارەزووی خۆیان کورسی لەسەر پارێزگاکانیان بۆ پەرلەمانی عێراق زیادبکەن، ئەمساڵیش سوننە ناهێڵێت بکرێت، چونکە لەهەڵبژاردندا پشت بەفۆرمی خۆراک بەستراوەو ئەگەر سەرژمێری بکرێت فیڵکردنی سوننەکان لەفۆرمی خۆراکدا دەردەکەوێتو کارگەریشی دەبێت لەسەر هەڵبژاردنی داهاتوودا.

کاوە مەحمودو بایەزید حەسەن هاوڕان لەسەر ئەوەی کورد بەرانبەر دواخستنی سەرژمێری بێدەنگ نەبووە، دەڵێن تەنانەت لەو ١٩ خاڵەی کەئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان وەک مەرجەکانی کورد داویانە بەلایەنە سیاسییەکانی عێراق، یەکێک لەخاڵەکانی جەختدەکاتەوە لەسەر ئەنجامدانی سەرژمێری لەوادەی خۆیدا.

لەمێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە تائێستا هەشت پرۆسەی سەرژمێریکردنی دانیشتووان ئەنجامدراوە، یەکەمین سەرژمێریکردن لەساڵی ١٩٢٧/٦/٥ ئەنجامدراوە، لەساڵانی ١٩٣٧و ١٩٤٧و ١٩٥٧ و ١٩٦٥و ١٩٧٧و ١٩٨٧و ١٩٩٧ واتە ١٠ ساڵ جارێک بەگوێرەی پلانو ستراتیژی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی عێراقی پرۆسەی سەرژمێریکردن ئەنجامدراوە، جگە لەساڵی ١٩٦٥ کە دوو ساڵ پێش کاتی دیاریکراوی خۆی ئەنجامدرا، کەدەبوو لەساڵی ١٩٦٧ ئەنجامبدرایە، جگەلەوەش لەسەرژمێری ساڵی ١٩٩٧دا پارێزگاکانی سلێمانی هەولێرو دهۆکو چەند ناوچەیەکی تری هەرێمی کوردستانی نەگرتبووەوە، واتە تەنیا ١٥ پارێزگای گرتبووەوە، لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە ٢٣ ساڵە عێراق سەرژمێریی گشتی دانیشتووانی تیایدا ئەنجامنەدراوە.

---

# لەناو حەرەمی زانکۆدا بانگەشە بۆ کاندیدەکانی پارتی دەکرێت

محەمەد نەجیب

لیژنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەناو حەرەمی زانکۆی سەڵاحەدیندا بانگەشە بۆ کاندیدەکانی پارتی دەکەن بۆ گەیشتن بەکۆنگرە، کارتی تایبەت بەپاڵێوراوان بەسەر قوتابیاندا دابەشدەکەن، لەکاتێکدا کابینەی پێنجەم بەبڕیار کاری حیزبی لەزانکۆدا قەدەغەکردووە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامەی دەستوور کەوتوون لیژنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەڕۆژی ١٠/١١ کەدەکاتە ڕۆژی دووشەمە، کارتی تایبەت بەپاڵێوراوان بۆ دەنگدانی کۆنگرەی ١٣، لەناو حەرەمی زانکۆی سەڵاحەدیندا دابەشکردووە، دواتریش قوتابیانیان لەکاتی دەوامی ئاسایی زانکۆدا بەپاسی تایبەت بردووە بۆ دەنگدان.

زەکەریا ئەنوەر خوێندکار لەزانکۆی سەڵاحەدین زانیارییەکەی پێشتڕاستکردەوەو وتی "ڕۆژی دووشەممە لەلایەن لیژنەکانی نوێنەرانی یەکێتی قوتابیانەوە کارتی پاڵێوراوانی دەنگدان بۆ کۆنگرەی ١٣ پارتی لەناو حەرەمی زانکۆی سەڵاحدیندا دابەشکرد، دواتر قوتابیانیان کۆکردەوە بۆ بردنیان بۆ دەنگدان".

ئەو خوێندکارە وتی "سەرەتا ئەوانەیان برد بۆ دەنگدان کەپێشتر ناویان نووسرابوو، پاشان هەندێکی تر کەناویان نەنووسرابوو، بەڵام هەر بردیان بۆ دەنگدان، لەڕێگای ئەو پاسانەی کەئامادەکرابوون بۆ گواستنەوەی خوێندکاران".

لەهەریەکە لەکۆلێژەکانی شەریعە، کۆلێژی بونیاد، ئادابو زمان، هەروەها بەشێک لەکۆلێژەکانی تر بانگەشە بۆ کاندیدەکانی پارتی کراوە.

زەکەریا وتی بەشێک لەو خوێندکارانەی بردرابوون ئەندامانی پارتیش نەبوون، بەڵام زۆریان لێکرابوو لەلایەن لیژنەکانی قوتابیانەوە بچن دەنگبدەن.

عیرفان عەزیز سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوو وتی "من ئاگاداری هیچ شتێک نیم، چونکە لەدەرەوە بووم، بەڵام لەهەڵبژاردندا هەموو کەس مافی خۆیەتی کەخۆی هەڵبژێرێتو دەنگی خۆی بدات، لەبەرئەوە پارتی خاوەنی هێزە لەهەولێر، ئاساییە بانگەشەبکرێت خۆ لەناو بەغداد ئەو بانگەشەیە نەکراوە".

لەبارەی ئەوەی کاری حیزبایەتی لەناو حەرەمی زانکۆدا بەبڕیاری نێچیرڤان بارزانی قەدەغەکراوە، عیرفان وتی "کارت دابەشکردن هیچی تێدانییەو کاریگەری ناکاتە سەر ئاستی زانستی".

جگە لەکابینەی پێنجەم ئیدارەی پێشووی سلێمانیش کاری حیزبایەتی لەناو زانکۆدا قەدەغەکردووە، بەڵام تائێستاش ئەو بڕیاریانە لەزانکۆکانی کوردستاندا جێبەجێناکرێت.

# "مینحەی ڕێکخراوەکان دەبڕدرێتو بەپێی پڕۆژە پارەیان دەدرێتێ"

## دانا سەعید سۆفی سەرۆکی لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی لەپەرلەمانی کوردستان

سازدانی: دانا جەمیل لەهەولێر

دانا سەعید سۆفی بەرپرسی لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی لەپەرلەمانی کوردستان دەڵێت بەپێی پڕۆژە یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان کە بەبڕوای ئەو مانگی سێی ساڵی داهاتوو پەسەنددەکرێت، مینحەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبڕدرێتو بەپێی چالاکیو بەپڕۆپۆزەڵ کۆمەک دەکرێن.

سۆفی پێیوایە بنەمای کاری ڕێکخراوی ناحکومی خۆبەخشییە، دەڵێت کەڕۆحیەتی خۆبەخشی نەما، بواری ڕێکخراوەیی هیچ مانایەکی نامێنێت.

**دەستوور:** یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکانیی کۆمەڵی مەدەنی دوای ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆکرا، ئێستا ئەو یاسایە بە کوێ گەیشتووە؟

**دانا سەعید:** پڕۆژە یاساکە لە ٢٧-٦ خوێندنەوەی یەکەمی بۆکراو ئاراستەی لیژنەکان کرا، بەتایبەتی لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی کەلیژنەیەکی تایبەتە بەوبوارە، هەروەها لیژنەی یاساییو لیژنەی ناوخۆ ئەم لیژنانە دەبێت ڕاپۆرتی خۆیان لەسەر ئەو پڕۆژە یاسایە بنووسن، ئێمە پێشتر لەگەڵ ڕێکخراوەکانی هەرسێ پارێزگاکە کۆبوونەوەمان کردووە بۆئەوەی بتوانین پێشنیازەکانیان وەربگرینو لەیاساکەدا ڕێکیبخەین، دوای ئەوە بەهاوکاری unopsو incl کۆنفرانسێکی سێ ڕۆژە ئامادەکرا بەمەبەستی ئەوەی کۆمەڵێک تێبینیو ڕاسپاردە لەسەر ئەو پڕۆژەیاسایە ئامادەبکرێت، ئەوەی ئێستا ماوە ئەوەیە کەلیژنەکان دوا ڕاپۆرتی خۆیان بنووسن بۆئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە.

**دەستوور:** لەکەیدا ڕاپۆرتی لیژنەکان تەواودەبێت؟

**دانا سەعید:** بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە لەگەڵ unops دامانانبوو، کۆنفرانسێکی تر ماوە لەبەیروت، لەوانەیە لەسەرەتای مانگی ١١دا ئەنجامبدرێت. دوای ئەو کۆنفرانسە بڕیارە لەگەڵ لیژنەی ناوخۆدا ئەگەریش هەیە لەگەڵ لیژنەی یاسایی بەهەرسێکمان ڕاپۆرتی هاوبەش بنووسین لەسەر ئەو پڕۆژەیەو دواتر دەخرێتە ئەجێندای پەرلەمانەوە، بەڵام لەبەرئەوەی بودجەی ساڵی داهاتوو لەمانگی ١١دا دێتە پەرلەمانەوە، ئەو کاتە پڕۆژەیاساکانی تر دوادەخرێنو لەوانەیە گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژەیاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان بکەوێتە مانگی ٣ی ساڵی داهاتووەوە.

**دەستوور:** ئەو خاڵە جەوهەرییانە چین کەئێوە دەتانەوێت لەراپۆرتی خۆتاندا بیاننووسنو لەپەرلەماندا ئیشی لەسەر بکەن؟

**دانا سەعید:** ئێمە پێمانباشە ئەو ڕۆتیناتەی کەپێشتر هەبووە لەبەردەم ڕێکخراوەکاندا لەسەر مەسەلەی مۆڵەت وەرگرتن ئەوە نەمێنێت، لەجیاتی مۆڵەت بکرێتە تۆمارکردنی ڕێکخراو بەڕێوشوێنێکی ئاسانتر، هەروەها ئەم تۆمارکردنەش لەوەزارەتی ناوخۆ نەمێنێت، بەڵکو دەزگایەکی مەدەنی ئەو کارە ئەنجامبدات کە بەشێوەیەکی کاتی فەرمانگەیەکی مەدەنی دەبێت کاروباری ڕێکخراوەکان ئەنجامبداتو سەر بەئەنجومەنی وەزیران بێت، هەروەها پێشتر بێسەروبەرییەک هەبوو لەپێدانی مینحەی مانگانە بەڕێکخراوەکان، ئێمە دەزانین نادادپەروەری هەبووە، زۆر ڕێکخراو لەواقیعدا بوونیان نەبوو، بەڵام مانگانەیان وەردەگرت، زۆر ڕێکخراویش هەبوون چالاک بوون، بەڵام مینحەی مانگانەیان نەبوو. ئێمە پێمانباشە ئەو یارمەتییەی کەحکومەت دەیدات بەڕێکخراوەکان لەسەر بنەمای پڕۆژەو چالاکی بێت، واتا ڕێکخراوەکان بۆخۆیان دەیانەوێت لەچ بوارێکدا چالاکی ئەنجامبدەن، لەسەر ئەو بنەمایە تەمویل بکرێن، نەک مانگانەیەکی چەسپاویان پێبدرێت. ئەمەش وادەکات کەڕێکخراوەکان چالاک بکاتو بۆخۆیان بەدوای پڕۆژەدا بگەڕێن، پێشتر هەموو کەسێک دەیتوانی ڕێکخراوێک دروستبکات بەبێئەوەی هیچ شتێکی هەبێت، مانگانە مینحەیەکی وەردەگرت، ئەمەش ببوە هۆی ئەوەی تارادەیەکی زۆر جۆرێک لەگەندەڵی ئیداریو ماددی بکەوێتە ناو ژیانی ڕێکخراوەییەوە. ئامانجی سەرەکی ڕێکخراوەکان ببووە وەرگرتنی مانگانەیەک بەبێئەوەی هیچ پڕۆژەیەکی جدییان هەبێت. کەکاری خۆبەخشی نەما لەژیانی ڕێکخراوەییدا، بەراستی هەستدەکەم بواری ڕێکخراوەیی هیچ مانایەکی نامێنێت.



> شێوازی مۆڵەت وەرگرتنی ڕێکخراوەکان دەگۆڕدرێت بۆ تۆمارکردنو لەوەزارەتی ناوخۆوە دەگوازرێتەوە بۆ فەرمانگەیەکی مەدەنی

**دەستوور:** زۆرجار ڕێکخراوەکان باسی دیموکراسی دەکەن، ڕەخنە لەدەسەڵات دەگرن کاتێک کەهەڵبژاردن دوادەکەوێت، ڕەخنە لەحیزبەکان دەگرن کەکۆنگرە نابەستن، بەڵام لەناو خودی ڕێکخراوەکانیشدا هەڵبژاردن ناکرێتو بەرپرسی ڕێکخراوەکان ناگۆڕدرێن، ئایا لەیاساکەدا هیچ ئالیەتێک دانراوە بۆئەوەی لەمەودوا ڕێکخراو لەلایەن کەسێکەوە قۆرخ نەکرێن؟

**دانا سەعید:** وەکو ڕۆتین ئەوەی کە داوا لەڕێکخراوەکان دەکرێت مەسەلەی پەیڕەوی ناوخۆیە، هەرچەندە لەپڕۆژە یاساکەدا ئەو پەیڕەوە ناوخۆیە نەنووسراوە کەچی بێتو چۆن بێت، بەڵام نابێت بەرهەڵستی بکات لەگەڵ بنەما دیموکراسییەکان و لەگەڵ مافی مرۆڤدا، ئەگەر تەفسیرێکمان هەبێت بۆئەمە، دەبێت وای بۆ بچین کەئەو خاڵانەی لەناو پەیڕەوەکەدا دەنووسرێن، دەبێت ڕێگەبدات بەمەسەلەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، هەروەها پەیوەند بەهەیکەلی ڕێکخراوەکان دەبێت بەشێوەیەکی دیموکراسی ڕێکبخرێت، کۆبوونەوەی ساڵانە یاخود هەڵبژاردن دەبێت بەڕوونی ئاماژەی پێبدرێت، بەڵام ئێمە نەچوینەتە ناو ئەوەی کەڕێکخراوەکان چۆن بن یان چۆن نەبن، بەڵام داوامانکردووە کەکلێشەیەک هەبێت بۆئەوەی ڕێکخراوەکان ناچاربکات بەڕوونی باس لەپەیڕەوی ناوخۆیان بکەن.

**دەستوور:** کۆبوونەوەی ئێوە لەگەڵ ڕێکخراوەکان ئەوەندەی قسە لەسەر چوارچێوەیەکی گشتی کراوە بۆ ڕێکخراو، ئەوەندە باس لەبارودۆخی ناوخۆی ڕێکخراو نەکراوە، تۆ پێتوایە یاسایەکی بەم شێوەیە بارودۆخی ناوخۆی ڕێکخراوەکان بگۆڕێت؟

**دانا سەعید:** کێشەکە ئەوەیە لەناو یاسادا زۆر شت هەیە ناتوانرێت جێگە بکرێتەوە، لەناو یاسادا هێڵە گشتییەکان دادەنرێت، هەندێک شت بۆ پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکان بەجێدەهێڵدرێت، هەندێک شتیش دەکەوێتە ژێر چاودێری دەسەڵاتی تەنفیزی، بۆنمونە دەبێت دیوانی چاودێری دارایی چاودێری بخەنە سەر ڕێکخراوەکانو وردبینی تێدابکەن دەربارەی ڕاپۆرتی چالاکییەکان، ئەو فەرمانگەیەی کەباسمکرد ئەوان دەبێت تەماشای بکەن ئەگەر شتێکی نەگونجاو هەبێت، بیدۆزنەوە، بابەتی پەیڕەوی ناخۆ تایبەتە بەو فەرمانگە مەدەنییەی کەبۆ کاری ڕێکخراوەکان دادەمەزرێنرێت.

**دەستوور:** هۆکاری خۆدوورخستنەوەی ئێوە چییە لەوەی کەئیش لەسەر ژیانی ناوخۆی ڕێکخراوەکان ناکەن، تەنیا قسەی ڕێکخراوەکانتان گواستووەتەوە بۆناو پڕۆژە یاساکە؟ ئەمە پەیوەندی بەوەوە نییە کەناتانەوێت ڕووبەڕووی ڕەخنەی ڕێکخراوەکان ببنەوە بەوەی پێتان بڵێن ئێوە دەستوەردان لەئیشوکاری ڕێکخراوەکاندا دەکەن؟

**دانا سەعید:** دەبێت مەسافەیەک هەبێت لەوەی کەئێمە دەستوەردان نەکەین، ئیشی ئێمە ئەوەیە کەیاسایەک دەربکەینو جۆرێک ژیانی ڕێکخراوەیی ڕێکبخاتەوە لەپەیوەندی لەگەڵ دامودەزگاکانو پەیوەندی ناوخۆشیان بەهەمان شێوە، بەڵام لەئێستادا ئەوەی لەپڕۆژەیاساکەدا هەیە سەبارەت بەژیانی ناوخۆی ڕێکخراو تەنیا ئەوەیە کەنابێت تەعاروز بکات لەگەڵ بنەما دیموکراسییەکانداو مافی مرۆڤ.

# توندوتیژییە خێزانییەکان ژنان دەکاتە قوربانی

## لەزۆرینەی ئەو توندوتیژییە خێزانیانەی ئەمساڵ ئەنجامدراون، ژنان قوربانیی یەکەمن

محەمەد عومەر لەسلێمانی

لەو توندوتیژییە خێزانییانەی لەماوی ئەمساڵدا ئەنجامدراون، زۆرینەیان ژنانی کردووەتە ئامانج، بەجۆرێک تەنیا لەماوەی شەش مانگی ئەمساڵدا ٥٩ ئافرەت کوژراون.

پسپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتیو یاسایی باس لەوەدەکەن کەتوندوتیژی خێزانی لەپەرەسەندندایەو لەو چوارچێوەیەشدا ژنان قوربانی یەکەمن، توێژەرانی کۆمەڵایەتی دەڵێن هەموو ئەو توندوتیژیانەی کەبەرانبەر ژنان دەکرێن، ڕەگێکی مێژوویان هەیەو پەیوەندی بەنەریتی پیاوسالارییەوە هەیە.

بەپێی ئاماری شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ کەبەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان بڵاویکردووەتەوە لەو شەش مانگەدا ٢٠٣٨ حاڵەتی توندوتیژی دژ بەژنان لەهەرسێ پارێزگاکەی هەرێمدا تۆمارکراوە. کەزۆرینەیان لەچوارچێوەی توندوتیژییەکانی خێزاندا بوون.

لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، دیاردەی کوشتن لەسەر ئاستی هەرێم ٥٩ حاڵەت تۆمارکراوەو١٠٣٨ سکاڵا لەلایەن ژنانەوە بەرزکراوەتەوەو ٦٧١ حاڵەتی ئەشکەنجەدانو ٦٣ توندوتیژیی سێکسی هەبووە.

لەسنووری پارێزگای هەولێر، لەو ماوەیەدا ڕێژەی کوشتن ٢٥ کەس بووە، لەدهۆکیش کوشتن تەنیا٢ حاڵەت تۆمارکراوەو لەسنووری گەرمیانیش کوشتن ٣ حاڵەتو لەپارێزگای سلێمانیش ١٨ حاڵەت تۆمارکراوە.

ئەندامێکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتیو خێزانو منداڵ لەپەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت کەپڕۆژە یاساکە وەک تەعدیلێک بووە لەیاسای باری کەسێتیدا، تارەنگدانەوەی هەبێت لەناو خێزاندا، هەرچەندە ئەم یاسایە لەخولی پێشتردا هەبوو، بەڵام وەستێنرابوو.

لەسەرەتای ئەم مانگەدا لەگوندی گرجووتیار سەر بەشارەدێی بەحرەکە، گەنجێکی ١٨ساڵ دووخوشکو دایکو برایەکی خۆی کوشتووە، پێش ئەم ڕووداوەش بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە لەشارۆچکەی سەعدییەی سەر بەپارێزگای دیالە، گەنجێک بەهەمان شێوە دایکو خوشکێکی خۆی کوشتو خوشکێکی تریشی بریندار کرد.



لەشەش مانگدا ٢٠٣٨ حاڵەتی توندوتیژی دژ بەژنان تۆمارکراوە

لەگوندی سێبەردانی ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێریش ٦ کەسی ئەندامانی خێزانێک بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیەوە هەڵدەکوتنە سەر ماڵی کچە ٢٩ ساڵەکەیان کەشووی کردووەو بریندار دەکەنو باری تەندروستی ئەو ئافرەتە تائێستا ناجێگیرە.

لەئەنجامی ئەم ڕووداوانەی کە لەماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا ڕویانداوە لەکۆی حەوت کەس شەش کەسیان ژنن، کوشتنی ژنان نیگەرانی لای توێژەرانو یاساناسان دروستکردووە.

شیلان حەمەنوری توێژەری کۆمەڵایەتی، ئاماژە بەوەدەکات کەوا توندوتیژی ڕووی لەزیادبوون کردووە، وتی «زیادبوونی توندوتیژی بەتایبەتی بەرانبەر بەئافرەتان زیادیکردووە، کەئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کلتووره پیاوسالارییەی کە لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا باوەو پیاوان لەسەر حسابی ژنانی کۆمەڵگەکەی خۆیان ئەدای دەکەن».

بەبڕوای دڵشاد حەمە ساڵح، توێژەری کۆمەڵایەتی، توندوتیژی ڕەگێکی کۆمەڵایەتی هەیەو پەیوەندی بەدابونەریتو کلتووری کۆمەڵگەوە هەیەو ئەمەش بەپێی مێژووی گەشەکردنو شوێنو کاتو کلتوورو کۆمەڵگەکە دەگۆڕێت.

دڵشاد بەدەستووری وت «پێشکەوتنی عەقڵیمان بە بەراورد بەپێشکەوتنە ماددیو تەکنەلۆژییەکان زۆر جیاوازەو وایکردووە زۆر کێشە بهێنێتە ئاراوە، هەروەها سایکۆلۆژیای ئینسانی ئەم ناوچەیە ڕەگێکی توندوتیژی تێدایە، سەرەڕای زۆریو بڵاوبوونەوەی چەکو جێبەجێنەکردنی یاسا، چونکە کەیاسا نەبوو، غەریزەی ئینسان بەرەڵڵادەبێت».

شیلان حەمەنوری پێیوایە بۆ بەرگرتنو بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییەکان پێویستە سوڵحی عەشایەریو مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان نەمێنن، وتی «پێویستە سایکۆلۆژییەتی ئینسانی ئەم وڵاتە تەئویل بکرێتەوە، هەڵهاتنی تاوانبارانو نەگەیاندنیان بەسزای یاسایی هەبێت لەلایەکو لەلایەکی تریشەوە تا سوڵحی عەشایەریو مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان کاری ڕێکخستنی ئەم کەسانە بکەن، وادەکات بەر بەم تاوانانە نەگیرێتو هەربەردەوام بێت».

پەرلەمانی کوردستان لەئێستادا سەرقاڵی گەڵاڵەکردنی پڕۆژە یاسایەکە بەناوی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لەهەرێمی کوردستانداو کار بۆ ئەوەدەکەن ئەو یاسایە ببێتەهۆی کەمکردنەوەی توندوتیژی خێزانی.

تارا تەحسین ئەندامی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتیو خێزانو منداڵ لەپەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت «پڕۆژە یاساکە وەک تەعدیلێک بووە لەیاسای باری کەسێتیدا، تا ڕەنگدانەوەی هەبێت لەناو خێزاندا، هەرچەندە ئەم یاسایە لەخولی پێشتردا هەبوو، بەڵام وەستێنرابوو، بەشێکی تری تایبەتی بۆ دانراوە لەسەر خەتەنەکردنی مێینە، کەبەداخەوە توندوتیژییەکی گەورەیە کەبەرانبەر بەژنان دەکرێت، هەروەها پێشێلنەکردنی مافەکانی منداڵ لەخێزاندا. بەگشتی ئەو سێ تەوەرە دەگرێتەخۆی».

دڵشاد حەمەساڵح ڕایدەگەیەنێت لەگەڵ گەورەبوونو شارستانیبوونی کۆمەڵگەکان تاوانەکان زیاددەکەن، چونکە هۆکار بۆ خراپەکردن زۆردەبێت، پێویستە بەر بەبڵاوبوونەوەی چەک بگیرێتو بایەخی زیاتر بەپەروەردەی کۆمەڵایەتیو جێبەجیکردنی یاسا بدرێت.

پارێزەر ڕزگار حەمە عەلی ئاماژە بەوەدەکات کەوا جێبەجێکردنی یاسا، خاڵێکی باش دەبێت بۆ بەرگرتنو کەمکردنەوە توندوتیژییەکان، وتی «جێبەجێکردنی یاسا، بۆ چاککردنی تۆمەتبارە دوای ماوەیەک لەبەندکردنی ئەگەر ئەو کەسە قابیلی چاکبوون بێت، بەڵام ئەگەر قابیلی چاکبوون نەبوو، ئەوا لەڕێی یاساوە لەناودەبرێت، واتە لەسێدارەدەدرێت».



# بازرگانێکی کورد: بازرگانە چینییەکانمان فێری ساختەکردن کردووە

## بازرگانە کوردەکان دەڵێن خۆمان داوای کەلوپەلی پلە پێنجو چوارو ماوەبەسەرچوو دەکەین



لێرە هیچ چاودێرییەک نییە، ئێستا شتی ستۆکو هەڕاج بازاڕیان داپۆشیوە

مەعاز فەرحان لەسلێمانی

ئەو بازرگانە کوردانەی بۆ هێنانی کەلوپەل سەردانی چین دەکەن، دەڵێن تەواوی بازرگانە کوردەکان کەلوپەلی پلە چوارو پێنجو کەلوپەلی ماوەبەسەرچوو دەهێننە کوردستانەوە، چونکە هەرزانتر لەسەریان دەکەوێتو قازانجی زیاتریشی لێدەکەن.

بازرگانە کوردەکان لەچین بەهۆی قازانجکردنی زیاتر لەکەلوپەلە چینییە هەرزانو خراپەکان، داوای دروستکردنی خراپترین جۆری کەلوپەل دەکەن بۆ کوردستان، زیاتر ئەو کەلوپەلانە دەهێننە کوردستانەوە کەپلە چوارو پلە پێنجن.

ج. ع، یەکێکە لەو بازرگانە کوردانەی کەچوار مانگ جارێک دەچێتە چین، هەموو جارێک کەرەستەی یاری منداڵانو کەلوپەلی وەرزشی لەچینەوە بۆ کوردستان دەهێنێتو دوکانەکەی بەکەلوپەلی چینی دادەپۆشێت.

ج دەڵێت لەچین کاتێک دەزانن کوردین راستەوخۆ خراپترین کەلوپەلمان پیشاندەدەن، وتی "چینیەکان دەزانن بازرگانە کوردەکان ساختەکاری دەکەن".

لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستانو چین بەرەو پێشچوونی زیاتری بەخۆوە بینیوە، بەشێوەیەک بازرگانێکی زۆر بۆ هێنانی کەلوپەل سەردانی چین دەکەن.

لەئێستادا بازاڕەکانی کوردستان بەکاڵاو کەلوپەلی چینی داپۆشراونو بەپێی وتەی بازرگانەکان لە٧٠٪ ئەو کەلوپەلانەی کە لەدەرەوە دێن، کەلوپەلی وڵاتی چینە.

بازرگانەکان دەڵێن ئەو کەلوپەلو کاڵایانەی کە لەوڵاتی چینەوە دەهێنرێنە کوردستان، کوالیتیان نزمەو کاڵای پلە چوارو پێنجو هەندێکیان کەلوپەلی ماوەبەسەرچوون.

ج ئەو بازرگانە کوردە وتی "کوالیتی بەدەستی خەڵکە لێرە خواست لەسەر هەر شتێک بێت، ئەوە دەهێنین، بۆ نمونە خەڵک هەیە پێماندەڵێت کام تۆپە زۆر خراپە ئەوەم بۆ بێنە، یەکێک لەو ساختەکارییەی کەلەوێ دەکرێت، ئەوەیە زۆربەی ئەو کەلوپەلانە لەپلاستیک دروستدەکرێن، جۆرە ماددەیەکی تێدایە کەگرانە لەبەرئەوەی بەگران لەسەرمان نەکەوێت، لەوێ پێیان دەڵێین ماددەی کەمی تێبکەن، ئەوکاتە بەهەرزان دەیکڕین".

ئەو بازرگانە نهێنی خۆیو بازرگانە هاوڕێیەکانی دەدرکێنێت، وتی "فانیلەی یاریم هێناوە وتویانە بەیەک دووجار شۆردن خراپ دەبێت، بەڵام فانیلە هەبووە کە بەسەد جار شۆردن تێکنەچووەو نەمهێناوە، کەلوپەلی چینی لەبنەڕەتدا خراپ نییە، ئەوەی کەدێتە کوردستان خراپە، چونکە شتەکە کەوتووەتە دەستی بازرگانەکان".

لەبازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا کاڵای چینی بەخراپترین جۆری کاڵاکانی تر دادەنرێت، بەجۆرێک هەر کاڵایەک زوو بەسەرچێت یان بەکەڵک نەیەت بەکاڵای چینی ناوی دەبەن، بەڵام نرخی کاڵا چینییەکان زۆر هەرزانترە.

م. م، یەکێکی ترە لەبازرگانە کوردەکان کە لەچینەوە کەلوپەل دەهێنێت، دەڵێت کەلوپەلی چینی زۆرباشە، بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە کەئێمە چی دەهێنین؟

ئەو وتی "جاری واهەیە کاتێک شتێک دەکڕین تەریقدەبینەوە، چونکە شتی تێدایە دەڵێن بەیەک رمپی، واتە پانزە سەنت، لەسلێمانی دەڵین کاکە سەد کارتۆنم بۆ بهێنە، هەمان بابەت هەیە ماددەکەی تەندروسترە چاکترەو درەنگ خراپ دەبێت بەسێ رمپی، واتە پەنجا سەنت، ناچارین سەد کارتۆن لەخراپەکە بهێنین".

ئەو بازرگانە بەتەواوەتی فێری زمانی چینی بووە شارەزاییەکی باشی لەهێنانی کەلوپەلی چینیدا هەیە، لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە لەهەموو بابەتێکدا بازرگانی دەکات لەوانە بابەتی پلاستیکو کەلوپەلی ناوماڵو پۆشاکو شوشەواتو ساڵانە پێنج سەفەر دەکات.

م. زیاتر چیرۆکی چۆنیەتی هێنانی کەلوپەل لەچینەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێت "ئەگەر کاڵایەک کێشەکەی ٥٠٠گرام بێت لێرە دەرزەنی فرۆشرابێت بەپانزە هەزار، لەچین دەڵێین بەکەمتر پێمان بفرۆشن، دەڵێن نابێت بەس ئەگەر دەتانەوێت کێشەکەی کەمدەکەینەوە بەکەمتر پێتان دەفرۆشین".

بەڵام بازرگانەکان بیانوو بۆ ئەو کارەی خۆیان دەهێننەوە، دەڵێن کڕیارەکانیان لەکوردستان خواستیان زیاتر لەسەر شتی هەرزانە، نەک گران.

م، دەڵێت جاری واهەیە دەچینە مەخزەنێک کەلوپەلەکانی کۆنن، بەتۆن لەوکەلوپەلانە دەکڕین، کەلوپەلی ماوەبەسەرچووش دەیهێنین، تەحەدادەکەم بازرگانێک هەبێتو کەلوپەلی ماوەبەسەرچوو نەهێنێت.

کەژاڵ سەعید بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی جۆری، ئاماژە بەوەدەکات کەچاودێری هەموو کاڵایەکی هاتوو دەکەن، کەژاڵ وتی "پشکنین بۆ زۆربەی کەلوپەلەکان ئەنجامدەدەین، ئەگەر بزانین مۆرو ناونیشانی سەرچاوەکەی ساختەیە، ئەوا دەستی بەسەردا دەگرین". بەڵام بازرگانەکان دەڵێن چاودێریان لەسەر نییە.

ع، کەبازرگانێکی ترە وتی "لێرە هیچ چاودێرییەک نییە، ئێستا شتی ستۆکو هەڕاج بازاڕیان داپۆشیوە، بازرگانی زۆر هەیە لەم دەوروبەرە کەشتی بەسەرچوو دەهێنێت، زۆربەی ئامێری کارەبای چینی کوالیتی نزمەو بەرگەی چەند کاتژمێرێک دەگرێت".

بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی جۆری بەوتەی خۆیان لەڕێی ئینتەرنێتەوە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە کەلوپەلی چینیان لێوە دێت، دەدۆزنەوە، ئەگەربێتو ئەو کەلوپەلانە سەرچاوەکانیان ئەو شوێنانە نەبێت کە کەلوپەل بەرهەمدەهێننو کەلوپەلەکان لەبازاڕەکانی چیندا نەکڕابن، ئەوا دەستیان بەسەردادەگرن.

ئەو وتەیەی بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی جۆری لەکاتێکدایە چەندان کەلوپەلی ماوەبەسەرچوو رۆژانە دەهێنرێتە کوردستانەوەو دواتر لەناو شاردا بەشێکیان دەستیان بەسەردا دەگیرێت.

کەژاڵ وتی "ناتوانین دەستبەسەر هەموو کەلوپەلێکدا بگرین، چونکە ئێمە کۆنترۆڵی دوو مەرزی فەرمی دەکەین، زۆربەی ئەو کەلوپەلانەی کەبازرگانە چینییەکان باسیدەکەن، بەڕێگەی قاچاغو مەرزە نافەرمییەکانەوە دەیانهێنن".

ج بازرگان وتی "بازرگانە کوردەکان، چینییەکانیان فێری ساختەکردن کردووە، نمونەی تورکی دەبرێتە چینو لەوێ ساختەدەکرێت".

# سلێمانی بیری بازاڕە میللییەکانی دەکات

## بازاڕە میللییەکانی سلێمانی لەناودەبرێنو لەجێگەیاندا باڵەخانەو تەلار بەرزدەکرێنەوە



نەمانی بازاڕە میللییەکان، یانی نەمانی پیاسەی ئێواران

محەمەد نەجیب لەسلێمانی

لەتەمەنی منداڵییەوە عوسمان حسێنی تەمەن ٦٠ ساڵ، دوای تەواوبوونی ئیشەکەی بۆ پشوودان پیاسەیەک بەناو بازاڕە میللییەکانی سلێمانیدا دەکات، بەڵام ئێستا ئەو پیاسەیە ماندویەتی عوسمان ناشکێنێت، بەهۆی ئەوەی بازاڕە میللییەکان رووخێنراونو کراون بەباڵەخانە.

عوسمان هەموو ئێوارەیەک دوای دانانی چەکوشو شاوڵەکەی لەگەڵ هاوڕێیەکانیدا پیاسەیەکی گوزەری سینەماکانو بەردەم مزگەوتی گەورە دەکەن، بەیادی جارانەوە لەشەقامی بێکەسو کۆڵانی سینەماکان بەدەمەتەقێ بەڕێدەکەن، بەڵام هیچ کام لەپیاسەکانیان تینویەتی عوسمانو هاوڕێیەکانی ناشکێنێت.

لەچەند ساڵی رابردوودا زۆرینەی بازاڕە میللیو ناسراوەکانی شاری سلێمانی رووخێنراونو لەجێگەیاندا باڵەخانەو بینای بەرز دروستکراون، ئەو شوێنانەی کەرۆژانێک شوێنی کاسبیو پیاسەی هاووڵاتیان بوون، ئێستا جێگەی ئەو کاسبکارانەی لێنابێتەوە، کەساڵانێکە لەو بازاڕانەدا گوزەریان کردووە.

وەستا عوسمان وتی "ئەم بازاڕە میللییانە تێکەڵاوی خوێنمان بووە، ناتوانین بێ ئەوان بژین".

چایخانەی حەسەن بەردە زەردیو بینای توفیق قەزازو بەردەم مزگەوتی گەورەو کۆڵانی سینەماکان لەشاری سلێمانیدا بەناوبانگترین ئەو شوێنە میللیانە بوون کەگەنجانو کرێکاران لەرابردوودا پیاسەی ئێوارانو شەوانیان پێدا دەکردو تاوێک لەو بازاڕانەدا پشوویان دەدا.

ئەکرەم حەمەساڵح ٤٤ ساڵ، لەتەمەنی ٧ساڵییەوە لەو بازاڕە میللییەی کە بەبەردەم سینەماکان ناسراوە گوڵەبەڕۆژە دەفرۆشێت کەئێستا بەتەنیا یەک کۆڵانی بچوکیان بۆ ماوەتەوە.

ئەکرەم وتی "ئێستا تەنیا بەردەم سینەما سیروان ماوە، لەبەرنەمانی زۆربەی بازاڕە میللییەکان، هەندێک لەو کەسانە وازیان لەپیشەکەیانو پیاسەی ئەم شوێنە میللیانە هێناوە".

کەمال رەشید بەڕێوەبەری شوێنەواری سلێمانی دەڵێت لەسەرەتای هەنگاونان بۆ دانانی ماستەرپلانی شارەوانی سلێمانی قسەیان لەگەڵ سەرۆکایەتی شارەوانی کردووە بۆئەوەی بازاڕە میللیو شوێنە کەلەپوورییەکان بپارێزنو وەک خۆیان بمێننەوە.

کەمال رەشید وتی "لەماستەرپلاندا هەموو شوێنە کەلەپوورییەکانمان بۆ دەستنیشانکردوون وەکو خانوو گەڕەکو بیناکان، بەڵام شارەوانی تائێستا بەفەرمی ئێمەیان ئاگادارنەکردووەتەوە چیانکردووەو چیان نەکردووە".

بەهۆی دروستکردنی باڵەخانەکانەوە زۆربەی بازاڕە میللییەکانی شاری سلێمانی لەبەردەم لەناوچووندانو نەمانی ئەو بازاڕانە نیگەرانی لای ئەو هاووڵاتییانە دروستکردووە کەخویان بەو بازاڕانەوە گرتووە.

وەستا عوسمان کە لەبەردەم رەشەمۆڵو (سینەما رەشید)ی جاران وەستابوو، وتی "تاکە شوێن بۆ کۆبوونەوەی خەڵکی کۆڵانی سینەماکانە، لەبەرئەوە ئێستا خەڵکی شار ونبووە، بۆیە ئەگەر لێرەش دەرمانبکەن، ئەوا گەورەترین زیان لەکرێکارو خەڵکی شارو هەژارانیش دەدرێت".

لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا رێنماییو یاسای تایبەت هەیە بۆ خانووی کەلەپوریو بیناو شوێنەوارو بازاڕە میللیەکان لەکاتی دەستکاریکردندا، بەڵام لەکوردستاندا زۆرکەم رەچاوی شوێنە میللیو کەلەپوورییەکان کراوە.

بەڕێوەبەری شوێنەواری سلێمانی وتی "دڵنیام شوێنەکان وەکو قەیسەری نەقیبو هەندێک شوێنی شەقامی مەولەویو بینای سەرای سلێمانی، دەستکاری ناکرێن، چونکە ئەوانە شوێنی کەلەپورین".

کردنەوەی بازاڕی رەشەمۆڵو کاسۆمۆڵو ئاوباریکو تەلاری نەقیب لەناوجەرگەی شاری سلێمانی، موڵکێتی بازاڕی میللی بەشاری سلێمانییەوە نەهێشتووە، کەشوێنی کۆبوونەوەو پیاسەی رۆژانەی سەدان گەنجانو بەتەمەنی شارەکە بوو.

لەنێو بازاڕە میللییەکاندا خەڵکی شارەکە بەدەم خواردنی قاورمەو باقلەو خواردنەوەی چاو و ساردەمەنییەوە، تا درەنگانی شەو بەردەوامدەبوون.

جەلال نادر ٢٢ساڵ، وتی "نەمانی ئەم شوێنانە، واتە نەمانی پیاسەی ئێوارانی بازاڕە نەریتییەکانو چینە هەژارو مام ناوەندەکان".

عەبدولکەریم فاتیح لێپرسراوی پرۆژەکانی شارەوانی سلێمانی ئاماژە بەوەدەکات کەهەوڵیانداوە ئەو کێشەیە چارەسەربکەن، بەڵام زۆربەی هاووڵاتیان خویان بەو شوێنانەوە گرتووەو ناتوانن بەجێیانبهێڵن.






# میدیای کوردی لەبەر سەما، ئاگای لەنەتەوەکان نەماوە



**فەهد گەرەوانی**، نووسەرو رۆژنامەنووس لەو دیدارەدا تیشک دەخاتە سەر پرسی کەمینەکانو مامەڵەی کوردو شیکاری گوتاری کوردی دەرهەق بەکەمینەکان دەکات.

دەستوور: مامەڵەی کورد لەهەرێمی کوردستان لەگەڵ نەتەوە کەمە نەتەوەییەکانی دیکە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟.

فەهد گەرەوانی: بۆ ئەوەی مافی نەتەوەیەک بپارێزرێتو رێگا بدرێت بەزمانی خۆیان بخوێننو ئەرکە ئایینیەکانیان جێبەجێ بکەن، رەنگە کورد رێگای دابێت کە نەتەوەکانی وەکو تورکمانو کلدو ئاشورو عارەبی کە لەهەرێم دەژین ئەو مافانەیان هەبێت. ئەگەرچی رەنگە لەهەندێک شوێن یان هەندێک جێگا بەناوی جیاجیا پیشێلی کرابێت، بەڵام وەکو کورد هەردەم ریزی لەنەتەوەکانی تر گرتووە، بۆیە ساڵەهای ساڵە پێکەوە لەشوێنەکی جوگرافی کەکوردستانە دەژین.

دەستوور: لەچەند راپۆرتێکی نێودەوڵەتی ئاماژە بە ستەمەکانی کورد دەکرێت، دژ بەتورکمانو ئاشووریو تەنانەت عەرەبیش، پێتوایە کورد وەختە لەقوربانییەکی جیاکاری رەگەزییەوە ببێتە ستەمکار؟.

فەهد گەرەوانی: کورد نابێت بەهیچ جۆر بیر لەوە بکاتەوە ببێتە ستەمکار، کورد بۆخۆی دەردو مەینەتی گەلێک دیووە بەدەست نەتەوەکانی فارسو تورکو عارەب. رەنگە ئەو راپۆرتانە زیاتر لەسەر کەرکوک بێتو دەسەڵاتی کوردیش (پارتیو یەکێتی) بەداخەوەو هەزارجار بەداخەوە نەیتوانی لەکەرکوک ئەو برایەتییە بچەسپێنێت لەبەرئەوەی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار هەر خەریکی بۆیاغکردنی پردی زەردو کەسکبوون. تۆ دەتبینی پرد هەبوو نیوەی زەردو نیوەی کەسک کرابوو، ئەوانە بۆیان نەکرا وا لەخەڵکی ئەو ناوچەیە بکەن دەسەڵاتی کوردی قەبوڵ بکەنو بەدەسەڵاتی خۆیانی بزانن. ئەوەش لەبەر نەبوونی هەستێکی ئاوا کە لەجیاتی میلیشیای حزبی حکومەت دەسەڵاتدار بێت. بۆیە ئەو کەمتەرخەمییە بەگران لەسەر کورد وەستاو هەنووکەش عارەبو تورکمان لەکەرکوکو دیالەو موسڵ هەست دەکەن دەچەوسێنەوەو خۆ لەموسڵ گەیشتۆتە ئەو رقبوونەوە کە بڵێی کوردم قێزت لێدەکەنەوە. کورد نەیتوانی لەو ناوچانە رۆڵێکی خۆشەیستی ببینێت کە ببێتە تفو نەعلەتکردن لە رژێمی پێشووو پێشوازیکردنی دەسەڵاتی کوردی بەگوڵو خۆشەویستی. کوردیش لەو ناوچانە ناتوانێت ستەمکار بێت، چونکە تورکمانو عارەب پشتیان هەیە بۆ ئەوەی رێگا لەکورد بگرن. عارەبو تورک ناهێڵن، کورد بۆخۆی تەنازول دەکات ئەی سەرۆکەکەت کورد نییەو داوایکرد لەکەرکوک هەموو رێژەیان یەکسان بێت. ئەی سەرۆکت کورد نییە بۆ هەوڵی نەدا ئەو شوێنانە بگەڕێنێتەوە سەر کوردستان.

دەستور: چۆن گوتاری میدیای ئێمە لێکدەدەیەوە دەرهەق بە کەمینەکان، ئایا میدیای ئێمە بەجۆرێک لەجۆرەکان دڵڕەق نییە بەرامبەریان؟.

فەهد گەرەوانی: میدیای کوردی هیچ نەیتوانیووە ئەو برایەتییە یا ئەو دۆستایەتییە بۆ خەڵکی کوردو تورکو عارەبو ئاشورو کلدان روونبکاتەوەو هیچ لەو میدیایانە ئەوەی تۆش نەیتوانیووە رۆشەنبیری ئەو نەتەوانە بینێتە سەر لاپەرەکانیو باسی مێژووی برایەتیو داواکاری ئەوانە بکاتو زمانی دیالۆگ ببیننەوە. خۆ تەلەفیزۆنەکانت لەبەر قونبادانو گۆرانی ماوەی ئەوەی تێدانەماوە بەزمانی ئەوان دیالۆگ بکات جا کا کامەیان خۆیان فێرە عارەبیو تورکیو سریانیو ئاشوری کردووە.

دەستوور: کوشتنی دووعا دەرفەتێک بوو بۆ سەرکوتکردنی ئێزیدییەکانو ئەوماوەش مەلاکانی هەڵەبجە دژی ئەوەبوون کاکەییەک ببێتە قایمقامو بەرلەوەش لەپەنای قسەکردن بەبەرەی تورکمانییەوە قسە بە تورکمان دەکرێ؟

فەهد گەرەوانی: کوشتنی دوعا کارێکی نامرۆڤانەیە جا تاوانبارەکە هەرکەسێک بێت یەزیدی بیت یا بارزانی بێت یا تاڵەبانی بێت ئەنجامی بدات کارێکی نامرۆڤانەیە. بۆخۆم دوو بابەتم دەربارەی ئەو تاوانە نووسیو هیچ دژی یەزیدییەکان نەبووموو بە رەوشتی یەزیدییەکانم نەزانی. ئەو مێشک ژەنگاوییانەی کارێکی ئاوا بەمیللەتێک یا ئاینێک گرێدەدەن ئەوە لەنەفامییانە. بەری تورکمانی شۆڤینییە خۆ کورد نابێت ببێتە شۆڤینی. سیاسەتی ئەتاتورک شۆڤینییانە کوردی بەتورکی چیایی گرێدا خۆ نابێت ئێمە هەموو تورک قەتلوعام بکەین. ئەوانە دەبێت بەگوێرەی حزبەکە یا گروپەکە سەیربکرێن. بەرەی تورکمانی دژایەتی کورد دەکات ئەی نابینی هەندەکی تر لەتورکمان وەکو برا سەیرت دەکەن. خوێندنەوەی سیاسی بۆ مەسەلەکان دەبێت لەبەرژەوەندی بزاڤی کوردی بێت . قایمقام یا پارێزگار یا وەزیر کاری دەوڵەتە مەلاو کەنیسا نابێت ئەو هەقە بەخۆیان بدەن دەست لەکاروباری دەوڵەت وەربدەن . ئەمن لە نووسین گووتوومە ئەگەر کەرکوک بگەرێتەوە سەر کوردستان کە هەردەبێ بگەرێتەوە، با پارێزگاری کەرکوک مەسیحی بێت یا عارەب بێت یا تورکمان بێت یا سوننە بێت یا شیعە بێت یا یەهودیش بێت هیچ خەمناکات ئەوەیان کارێکی بەرێوەبەرایەتیو خزمەتگوزارییە. ئەوانەی دژی کاکەیین سبەی دژی تۆش دەبن.

دەستور: پێتوایە دەسەڵات دەتوانێ چی بکات بۆ قوڵکردنەوەی پێکەوەژیان؟

فەهد گەرەوانی: دەسەڵات دەبێتو لەدەستی دێت زۆر شت بکات، یەکەم شت دەبێت هەوڵبدات باوەڕ بە یەکترکردن بگەڕێنێتەوە لەنێوان کوردو عارەبو تورکو ئاشووریو هەموو جۆرە ئاینێک. دەسەڵات دەبێت راوێژکاری لەو کەسانە هەبێت کە تورکمانو عارەبو ئاشوورینو پرسیان پێ بکەن بزانن کەموکوڕیەکانیان چییە بۆ ئەوەی بۆیان جێبەجێ بکات لەو شوێنەی مزگەوت بۆ سوننیەکان دروست دەکەن بۆ شیعەکانیش دروست بکەن، هەتا چاوی تاران کوێر دەبێتو لەو شوێنەی مزگەوت دروست دەکەن کەنیسا بۆ مەسیحییەکان دروست بکەنو لەو شوێنەی قوتابخانەی کوردی دەکەنەوە بۆ تورکمانیش بکەنەوە بۆ ئەوەی چاوی ئەنقەرە کوێر دەکەن. دەبێت گەرەکەکانو ناوچەکانی ئەوانیش لە پلانی دەسەڵاتداران بێتو تاوەکو بزانن لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردی بە ئەمانو خزمەتگوزاری دەژین.

# ئێـــمـــەو جیـــهـــانـــگـــیـــری

## میدیای کوردیو دڵرەقی سیاسی

مەلا ئاریان

جیهانگیریی میدیا ئەگەر دیوێکی بریتی بێت، لەگەشەی فراوانو خێرایی ئامرازەکانی راگەیاندنو بڵاوبوونەوەی کەناڵە جیهانییەکان بەهەژموونێکی تیژ، ئەوە دیوەکەی دیکەی بریتییە لە بەبرشتبوونی کەلتووری کاتکوژیو بچووکبوونەوەی خولیاکانی وەرگر لەزنجیرە تەلەفزیۆنییە بێ پەیامەکانو بەرنامەی بێ تامو هونەری چێشتلێنانو بەپیشەکردنی سەماو سەفا. بەو واتایەی هەژموونی جیهانگیریی ئەگەر دیوێکی زانستو مەعریفە ببەخشێتە گەلانی ژێر، ئەوە میللەتانی کلۆڵ جگە لەدوا مۆدێلی راپو سەماو جلو بەرگی رۆژئاواییو پیتزا، شتێکی تریان پێنابڕێت.

لەراستیدا جیهانگیرییو لەنێویشیدا جیهانگیریی راگەیاندن، بێ دۆستو دوژمن نییە، دۆستەکان کۆمەڵگای بەهێزو کەلتووری قەبەو خاوەن بەرژەوەندنو دوژمنەکانیش هێزە کۆنزەرڤاتیڤەکانو کۆمەڵگای لاوازو دەوڵەتانی داخراون. لەنێوان ئەو دوو دنیابینییەدا، لەبەینی دوالیزمی دۆست/دوژمن، هەڵبەتە دیدگای تریش هەیە، دیدگایەک کە نە وێنەیەکی شەیتانی دەدات بەو هەژموونەو نەوەک فریشتەش وێنای دەکات، بەو واتایەی ئەو دنیابینییە جیهانگیریی نەوەک بەخششێکی بەهەشتی تەماشای دەکاتو نە بەنەفرەتییەکی دۆزەخیش. ئەگەرچی گروپی سێهەم خاوەن یەک پاساویش نەبن، بەڵام هەریەکەو دیدێکی لەبەرامبەر ئەو هەژموونە هەیە.

فرانسیس فۆکۆیاما لەکتێبە بەناوبانگەکەی (کۆتایی مێژوو) دەڵێت "بەدڵنیاییەوە گەشەی تەکنۆلۆژیای پەیوەندییەکانو ئامرازەکانی راگەیاندن بەشداری لەبڵاوکردنەوەی بەهای دیموکراسیی دەکەن، ئەگەر cnn نەبوایە چۆن جیهان دەربارەی داگیرکردنی مەیدانی تای نان منی دەزانی"، ئەگەر ئەوە دیدگای پشتیوانێکی جیهانگیرییو جیهانگیریی راگەیاندن بێت، ئەوە رەتکردنەوەو بەپوچزانینی گوتاری میدیای سەرمایەداریو هەژموونی بە ئەمریکاییکردنی جیهان لەرێگەی هەژموونی جیهانگیرییەوە رێک دیدگای نعوم چۆمسکی بیرمەندی ئەمەریکییە، کە ئەمەش دوالیزمەکانی خێر/شەڕ بەسەر شەپۆلی جیهانگیریی میدیاییو گوتارو سیاسەتی کەناڵی نێودەوڵەتیدا دابەشدەکات.

لەراستیدا جیهانگیریی میدیا، هەرگیز پێوانەیەک قبوڵ ناکات، چونکە لەیەک کاتدا راگەیاندنی جیهانیی لەرێی دیووە میهرەبانەکەیەوە دەشێت سەرچاوەی پرۆسیسی ئاڵوگۆڕی رۆشنبیریو ئاشنابوونی میللەتان بەیەکترو شارەزابوون لە کولتورو رابردووی یەکتر بێت، دەکرێت لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری دیموکراسیو قوڵکردنەوەی چەمکەکانی مافی مرۆڤو ئازادیو یەکسانی رۆڵێکی بەکردەوە ببینێ، هەروەک فریادڕەسی بەکردەوەی گەلانی ژێردەستو میللەتانی بێکەس بێت، تا چیتر لەپەنای نهێنی ستەمکاری دەسەڵاتەکانیانەوە لەناونەچن، بەڵام خۆ دیوێکی شەیتانیشی هەیە، مەترسیدارترین دیووە شەیتانییەکانی ئەم هەژموونەش لەناوبردنی کەلتووری لۆکاڵیو تێکدانی بەها کۆمەڵایەتییەکانو بچووککردنەوەی بایەخەکانی مرۆڤە بۆ شتگەلێکی ساکارو بێ ناوەڕۆک، ئەو دیووە نەفرەتییەی جیهانگیریی ترسناکیەکەی لەوێوە دەست پێدەکات، کە لەبەهای ژیاندۆستیو مرۆڤدۆستی خاڵی دەکرێتەوەو لەرێی پرۆسەی وەبازاڕخستنی مەرگەوە دەیەوێت قازانج بکات، بەو مانایەی ئەم تەرزە لەرێی بەرهەمهێنانی فیلمی خۆخۆریو زنجیرەی کاتکوژی پڕ لەدیمەنی مەرگو لەرێگەی نیشاندانی ستەمی لاقەکردنو کۆپیکردنەوەی ژیانی ئەوی دیو بەپاڵەوانکردنی پیاوکوژو تەسویقکردنی خۆکوشتنەوە دێتو مەرگ دەکاتە کەرەستەی پڕ فرۆشی. ئەم میدیایەی لەمناڵدانی ئەو چەشنە لەجیهانگیرییە لەدایک دەبێت، سایکۆلۆژیای نەخۆش بەرێوەی دەباتو باکی بەوە نییە کە داخۆ چی ئاشوبێک بەکۆمەڵگا دەبەخشێت.

ئەگەر تیۆری دەسەڵات راگەیاندن بۆ شکۆمەندکردنی دەسەڵات بەکاربهێنێو تیۆری سۆسیالیستی حزب بکاتە دێو، ئەوە تیۆری ئازادیش، میدیا لەدەرەوەی بەرپرسیاریەتی دەکاتە دێوەزمە بەسەر ژیانی تایبەتەوەو هەموو شتێک رەوا دەکات، کۆی ئەو تیۆریانەش، بە ئەندازەی جیاجیا لەپرسی ژیاندۆستیو مرۆڤدۆستی خاڵی دەکاتەوە. بەو واتایەی مرۆڤ لەو سێ تیۆرەدا هەرگیز بە بەرپرسیاریەتییەوە مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت. تیۆرەکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیو جیهانی، کە رۆژنامەوان پابەندی بەهاو بەرپرسیاریەتییە مرۆییەکان دەکات، لەجیهانگیرییدا لەهەمووان پتر خۆی وەک پێویستییەکی راستەقینە نیشاندەدات. ئاخر لەناو ئەو شەپۆلە گەورەیەی بەجیهانیبوونی میدیادا، ئەگەر راگەیاندن ئیلهام لەو تیۆرانە وەرنەگرێت، ئیدی شەیتان لەهەر کەناڵێکو لەسەر هەر روپەڕی رۆژنامەیەکەوە بۆ هەمیشە خۆی دەکات بەماڵەکانماندا.

ئێستا کەناڵە ئاسمانییەکان، کە دیوێکی سەرەکی جیهانگیریی میدیان، جەستەی کوردستانیان پۆشیووە، بەڵام ئاخۆ میدیای ئێمە، تاچەند لەنێو ئەو بازنەی ژیاندۆستیو مرۆڤپەروەرییە خۆی دەبینێتەوە؟.

لەراستیدا میدیای کوردی لەچەند جومگەیەکی دیاریکراودا لەدەرەوەی کۆی جومگە مۆراڵیو سیاسیو ئیتیکییەکان کاردەکات، کارکردنێک کە ئیدی جارێکی تر لەرێگەی پرۆسەی هەڵگرتنەوەی رواڵەتەکانی ستەمکارییەوە دەیەوێت مامەڵە لەگەڵ ئەوی دی بکات.

راستییەکەی، میدیای کوردی، ئەگەر خراپترین میدیای جیهانی نەبێت، ئەوە میدیاییەکە هاوچەشنی میدیای دەوڵەتی داخراو لەناو دۆخە ئەنارشیستییەدا دەژیت، دۆخێک کە بەشێک لەمیدیا هەڵگری هەمان رۆحی بەربەرییانەی سیاسییەو بەشەکەی دیش لەسەر پرەنسیبی مەستکردنی کۆمەڵگا کاردەکات، مەستکردن بەوەرگێڕانی زنجیرەی تەلەفزیۆنی ساکاری بێ هزرو بەرنامەی گۆرانی خوازراو جوینەوەی هەواڵی هونەریو شتی ناجۆر. ئەمەش رێک دیوە ترسناکەی میدیای ئێمەیە.

ئەوە میدیای ئێمە بوو، لەساتەوەختی بەردبارانکردنی دوعادا، دەیەویست یەزیدییەکان بەرد باران بکرێنەوەو لە کاتی هەڵەشەییەکانی بەرەی تورکمانیدا دەیەوێت تورکمان شاربەدەر بکرێنو لە ساتەوەختی بەمەسیحیبوونی گەنجێکیشدا دەیەوێت لەرێگەی گوتاری ئاینییەوە مەسیحییە بێ دەسەڵاتەکان تورِ بدات. ئەم گوتارە رەنگدانەوەی ستەمکارییەکی ترسناکەو بەو چەشنەش دەمێنێتەوە، هەرچەندە کەناڵە ئاسمانیەکان زۆر پێش میدیای نووسراو کەوتوون و باشترن.

"گۆڕان و یەکێتی هەر دەڵێی سێوێکن و کراون بە دوو لەتەوە"

10



# تاوانەکانی کورد، دەرهەق بەئاشوورییەکانی عێراق

ئەیاد مەحمود حوسێن
بەشی یەکەم

ئاشوورییەکان نەتەوەیەکن قووڵایی مێژووییان لە باکوری عێراقدا هەیە، هیچ مێژوونوسێکیش ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات، بەڵام بەشێک لە مەسیحییەکان رەچەڵەکی ئاشورییە نوێیەکان، بۆ رەچەڵەکی ئاشورییە دێرینەکان ناگێڕنەوە، پرۆسەی ناونانی گوندە ئاشورییەکانی باکور رەتدەکەنەوە لەبری گوندە سریانییەکان، نازناوی ئاسوریی‌و ئاشوریی هیچ پەیوەندییەکیان بە ئاشورییە دێرینەکانەوە نییە، بەڵکو ووشەیەکی داتاشراوە لەووشەی (سورانیین) کە بەمانای چیایی دێت لەزمانی سریانیدا، هەروەک بەهۆی سروشتە شاخاوییەکەیان، هەروەک بەهۆی شێوە زارە تایبەتییەکەیان کە ئەویش هەر داتاشراوی زمانی سریانییە، ئەوان پێیانوایە ئاشوری نازناوێکی نوێیە حزبە نەتەوە پەرستەکانی ئاشوری سەپاندویانە، ئەوەش بە پاساوی ئەوەی کە تەواوی قسەکەران بە سریانی لە ئاسوری‌و کلدانەکان، لەنەوەکانی رەچەڵەکی ئاشورین لە عێراقی کۆندا، لەگەڵ ئەوەشدا لەو باوەڕەدان بەهۆی زۆری ناونانی ئاشوورییەکانەوە، کە بەپێی شێوەزارەکان ناوەکانی (ئاشورای، ئاسوری) کە لەلایەن کوردو تورکەکانەوە پێیان وتراوەو لەلای عەرەبیش بە (ئاشور، ئاسور، ئاقور) ناونراون‌و لەلای خۆشیان نازناوگەلێک بەسەریاندا چەسپیووە وەک (ئاشورایا، ئاسورایا) ئەمەش لەلایەن پسپۆڕی زمانە دێرینەکان لەزانکۆی بەغداد د. تەها باقر قسەی لێکراوە، بەوەی کە ئەو زمانەی ئێستا ئاشورییەکان قسەی پێدەکەن، هەمان زمانی ئاشووری دێرینە، کە زۆر رەهەندی لێکچووی لەگەڵ زمانی سۆمەری‌و ئارامییەکان هەیە.

لەوساتەوەو رێک لەدوای کەوتنە سیاسییەکەی ئیمپراتۆرییەتی ئاشووری لەرۆژگاری داگیرکاری ئاشکوزی بۆ سەر نەینەوا لەساڵی ٦١٢ی پێش زاین، ناوی ئاشوری هەر بەسەر ئەو گەلانەدا مایەوە کە لەوڵاتی نێوان دوو روبارەکە دەژین، لەبەرئەوەی لەباکورو باشووری ئەو ناوچەیە، ئەوانەی دەژیان ئاشوری بوون‌و بە زمانی ئاشوری دەئاخفین، لەپاش کەوتنی دەوڵەتی ئاشورو داگیرکردنی دەوڵەتی بابلیش لەلایەن کۆرشی پادشای فارسەکانەوە، ئاشورییەکان گەڕانەوە شاری ئاشوور، رۆژهەڵاتناسی فەرەنسیش ماسبیرو ئەوە دەڵێت کە ئاشورییەکان لێقەوماو بوون، پاش ئەوەی کۆرش رزگاری کردن لە بابل گەڕانەوە نشتیمانی ئاشوری خۆیان. لەسەردەمی ئەسکەندەری ئیغریقیش بەدیاریکراویش لەساڵی ٣٢٥ی پێش زاین ئاشوورییەکان لەهاتنی ئەسکەندەر خۆشحاڵ بوون‌و پێیانوابوو فریادڕەسیانە لەدەست چاوبرسییەکانی فارس.

ئاشورییەکان، لەسەر سروتە ئاینییەکانی خۆیان بەردەوامبوون‌و لەتەواوی ناوچە ئاشورییەکان دێرو پەرستگای تایبەتیان کردەوە، بەتایبەت لەناوچەکانی کرمای (کەرکوک)، حدیاب (هەولێر)، نوهدرا (دهۆک)، سەلاخ (شەقڵاوە)، لەوساکەوەش ئاشوورییەکان لە نشتیمانی راستەقینەی خۆیان لە باکوری عێراق ژیان، پاشانیش لەسەردەمی داگیرکاری ساسانی لەسەدەی یەکەم‌و دووەمی دوای زایین، ئاشوورییەکان چوونە سەر ئاینی مەسیحی‌و هەرزووش کەنیسەی ئاشووری رۆژهەڵاتی لەو ناوچەیە بڵاو بۆوەو تەنانەت گەیشتنە ناوچەکانی ئەنادۆڵ‌و سوریاش. ئەدۆڵف دافریل ئەوە دەڵێت کە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ژمارەی لایەنگرو پەیڕەوانی ئاشووری گەیشتنە نزیکەی سەد ملیۆن کەس، هەندێک لەمێژوونووسەکانیش ژمارەی ئاشوورییەکان بەدوو هێندەی ژمارەی یۆنانی‌و لاتینییەکان لەقەڵەمدەدەن. پاش داگیرکاری ئیسلامیش‌و ملکەچ پێکردنی عێراق کوردو عەرەب‌و تورکو هەمووان بوونە بەشێک لەئیسلام، بەمەش نشتیمانیان بووە باکوری عێراق.

لەچوارچێوەی مێژووی توێژینەوەو پرۆتۆکۆلی نهێنی دەسەڵات بەدەستانی کورد، کە هاوشێوەی نەخشەو پرۆتۆکۆلەکانی دەسەڵاتدارانی بەنی ئیسرائیلە، لەدەستگرتن بەسەر زەوی‌و زاری خەڵکانی تر، کە مافی ئەوانیان بەسەرەوە نییە، ئەمەش لەپێناو دروستکردنی کوردستانی گەورەدا، کە هێنانەدی بەبێ پشتیوانی ئیسرائیل ئەستەمە، هەروەک هاوشێوەیە لەگەڵ ئیسرائیلییەکان لەزەوتکردنی ئازادی گەلانی تری ناوچەکە، لەکاتێکدا قوربانی ئەو ستەم‌و چەوسانەوەیەن. واتا رێک هەمان شێوازی فێڵخوازی کە ئیسرائیل بەکاریدێنێ، بەکاردەهێننەوە.

مێژوویەکە کوردەکان‌و سەرکردەکانیان دەیانەوێت ئاشوورییەکان مل پێکەچ بکەن، تا لەپەنای ملکەچکردنی ئاشورییەکانەوە دەست بەسەر ناوچەکانیان دابگرن‌و رەگو ریشاڵە ئاشورییەکانیان دەربکەن، بۆ ئەمەش تەنێ نازناوی مەسیحییەکانیان بەسەردا دادەبڕن، ئەمەش رەنگدانەوەی لۆژیکێکی نەتەوە پەرستانەیە، لەبەرامبەردا رۆشنبیرانی کوردیش، ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی بەرزن دەیانەوێت ساختەی مێژوویی دەرهەق بەو رابردووە بکەن‌و (فرسەن مرعی) دکتۆرێکی کوردی پسپۆڕ لەکەمینەکانە، ئەو دەیەوێت لەهەموو نوسین‌و توێژینەوەیەک ئەگەر بەناهەقیش بێت، دەستەواژەی کوردستانی پێوە بلکێنێ، بۆ نموونە لەیەک توێژینەوەکانیدا دەڵێت "ئاشورییەکان بەسەرکردایەتی سەرجۆنی دووەم توانی لەساڵی ٧٢١ ی پێش زایین بەسەر مەملەکەتی باکوری یەهودیدا سەربکەوێت کە پادشاکەیان هوشع بوو، پاشان دانیشتوانە ئیسرائیلییەکەیان گواستەوە بۆ ناوچەکانی حەران‌و خابور لەباکوری سوریاو کوردستان‌و ناوچەی فارس"، نازانم لەکام کتێبی مێژوویی‌و کامە سەرچاوەی باوەڕپێکراو دەستەواژەی کوردستانی دۆزیووەتەوە، لەکامەشیان بە باکورەکەی عێراق‌و سووریا ووتراوە کوردستان؟، لەپەنای ئەوەشەوە دەیەوێت بڵێت ئاشوورییەکان یەهودییەکانیان لە کوردستانی عێراق نیشتەجێکردووە، بەمەش دەیەوێت بڵێت ئەو ناوچانە کوردین، لەکاتێکدا ناوچەو نشتیمانی راستەقینەی ئاشوورییەکانە.

نابێت بەهیچ کلۆجێک ئامانجەکانی ئیسرائیلمان لەیادبچێت، هەروەک رقو بوغزاندنەکانیشیان بۆ نەوەی ئاشوورییەکان، هەروەک چۆن کتێبە پیرۆزەکەشیان بۆ ئەوە هانیاندەدات، ئەوان دەیانەوێت تەنانەت لەمێژووشدا هەموو دەستەواژەیەکی ئاشووری، بەدەستەواژە نوێیەکەی تر کە کوردستانە بگۆڕن، چونکە رۆحی تۆڵەسەندنەوەی مێژووی ئیسرائیلییەکان دەرهەق بە ئاشووری‌و مەسیحییەکان، رۆحێکی شەرانگێزییە. لەراستیدا کوردو یەهودییەکان بەکردەوە ئێستا کار لەسەر ناشرینکردن‌و سڕینەوەی ئاشوورییەکان دەکەن، ئامانجی پشت ئەو پرۆسەی ناجوانکردنەش بریتییە لەتێرکردنی رۆحی تۆڵە سەندنەوەی بەنی ئیسرائیلییەکان دژ بە ئاشورییەکان، هەروەک هاندانی نەتەوەکانی دیکە بۆ کوشتن‌و دەربەدەرکردن‌و تا دەستبەسەر داگرتنی زەوییەکانیشیان، ئەوەش رێک لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان جێبەجێکراوە، سەرچاوەکان ئەوە دەڵێن کە پەنجا هەزار ئاشووری لەناوچوون تەنها لەرێگای گواستنەوەیان لە ئورامیاوە بۆ هەمەدانی ئێرانی، لەو ژمارە تەنها ٢٠٣ هەزاریان گەیشتوونەتە هەمەدان، هەروەها لەساڵی ١٩١٨ ژمارەی پەنابەرانی ئاشووری لە سەربازگەی بەعقوبە گەیشتنە هەشتا هەزار، لەوانە نزیکەی سی هەزاریان بەهۆی نەخۆشی گیانیان لەدەستدا، بەپێی زۆرێک لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان کۆی ئاشوورییەکان لەساڵی ١٩٣٣ بەسەرجەم مەزهەبەکانیانەوە نزیکەی (٤٥٠) هەزار کەس بووە، بەڵام زۆربەیان بەرەو سوریاو وڵاتانی تر رەویان کردووە.

شەڕی چاڵدێرانی ١٥١٣ی بەخاڵێکی وەرچەرخان لەمێژووی کوردی/تورکی ئەژمار دەکرێت، لەناکۆکی هەردووکیان لەگەڵ دەوڵەتی سەفەویدا، ئەو پەیوەندییە دەستکەوتی زۆری بۆ کوردەکان بەدوای خۆیدا هێنا، هەڵبەت ئەو دەستکەوتانەش لەسەر حسابی پاوانخوازانی کوردەکان‌و بچووککردنەوەی ئاشورییەکان بوو، بەو واتایەی پەیوەندی کوردو تورکەکان شانسی بەهێزبوون‌و داگیرکاری‌و پاوانخوازی زۆری دا بەکوردەکان تا دەست بەسەر ناوچەکانی ئاشووری‌و سریان‌و ئەرمەندا بگرن‌و لەبەرئەوەش سوڵتان سەلیم لەرێگەی دروستکردنی پشتێنەیەکی ئاسایش لە هۆزە کوردییەکان ویستی رێ لە پاوانخوازی فارسە سەفەوییەکان بگرێت، ئەمەش کوردەکانی هاندا بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەی ئاشورییەکان، ئەمەش لەرێگەی گواستنەوەی کوردەکانەوە لەتەواوی ناوچەکانەوەو بۆ ناوچەکانی هەولێرو دهۆک، لەناوچەکانی تورکیاش لە (کاری‌و دیاربەکر) هەستا بەدروستکردنی تیپ گەلی سەربازی بەسەرپەرشتی ئاغا کوردەکان کە دواتر نازناوی سوارەی حەمیدیان لێنرا. هەروەک دەسەڵاتی باڵایان پێدرا لە سووپای عوسمانی‌و بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەوڵاتانی عەرەبی ژێر دەستی عوسمانییەکان بەتایبەت لەسووریا، جیاوازییەکی زۆر لەو سەردەمەدا لە پەیوەندی عوسمانی/کوردو عوسمانی/عەرەب هەبوو، چونکە بەهیچ شێوەیەک عەرەب لە بەشداری سیاسیی رێگەی پێنەدەدرا، هەر ئەو سەردەمەش سوڵتانی عوسمانی دەسەڵاتێکی گەورەی بەخشییە خێڵە کوردی‌و ئاغاکانیان، لەسەر حسابی نەتەوە رەسەنەکانی ناوچەکەو کە لە هەرەتی لاوازی خۆیاندا بوون، لەوانە ئاشووری‌و کلدانەکان، لەوکاتەوە دڵڕەقی‌و پاوانخوازی کوردەکان دەست پێدەکات پاش ئەوەی عوسمانییەکان نیشتەجێیان کردن، لەراستیدا کوردەکان لەچیاکان دەژیان‌و ئاشورییەکانیش لەناوچە تەختەکان کە ئاسان کشتوکاڵی تێدا دەکراو گواستنەوە تێیدا ئاسان بوو، لەو ساتەوە کوردەکان خراپترین‌و ناقۆڵاترین تاوانگەلیان دەرهەق بەهاوڵاتییەکانی ئەو ناوچانە لە ئاشووری‌و کلدان‌و ئارامییەکان ئەنجامدا. دەشێت بەکۆمەڵکوژی دابنرێت‌و وەک هۆڵۆکۆستی ئاشوری‌و کلدانی ناوبنرێت، بێ بەزەیی خەڵکیان دەکوشت، بەبێ تاوان سزای خەڵکیان دەدا تەنها لەبەرئەوەی لەناوچەیەک دەژیان کە چاوی کوردەکانی لەسەربوو، دەڵێن مێژوو خۆی دووبارەدەکاتەوە، گەلان ئەزموون لەرابردوو وەرناگرن، رێککەوتنی کوردی/تورکی دێرین لەدژی گەلانی ناوچەکە، رێک هاوشێوەی رێکەوتنی ئێستای کوردی/ئەمەریکییە، لەهەردووجاریش لەسەر حسابی پاوانخوازی‌و ئازاردانی کەمینەکان. ئەو پەیوەندییەی نێوان کوردو تورک گەیشتە ئەندازەیەک کە کورد لەپاوانخوازییەکانی عوسمانی رۆڵێکی گەورەی بینی‌و لەداگیرکارییەکان بەرەو ئەوروپای رۆژهەڵات رۆڵێکی گەورەی پێدا، پاش ئەوەش کە لە میرنشینی سۆران رێککەوت، ئەو رێککەوتنە بووە خێرێکی هاوبەش، بەجۆرێک کە ئیمپراتۆریای رووسی نەیتوانی بەهۆیەوە دەست بەسەر ولایەتەکانی رۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بگرێت، ئەو میرنشینەی کوردەکان بەشێوەیەکی دڵڕەق کارەساتی خوێناوی دەرهەق بە سریان‌و یەزیدییەکان ئەنجامداو ئەم کەسەش کە بۆ سریانییەکان پیاوکوژە، بۆ کوردەکان بووە پاڵەوان. لەرۆژنامەو گۆڤارەکان وەک پاڵەوان یادی دەکرێتەوە، وەک یەک لەسیمبولە گەورەکانی نەتەوەی کوردیش ئەژمار دەکرێت، ئەو خوێنخۆرە میرنشینی سۆرانی دروستکردووە، کە شاری رەواندوز پایتەختەکەی بووە، توێژەر قەشە سلێمان زائیع لەلاپەڕە (٢٦٦)ی بەشی دووەمی کتێبەکەی بەناوی (مێژووی موسڵ) دەڵێت "کوردەکان وەک شمشێری تووڕە لەچیاکان دادەبەزین، بەگوندەکاندا دەگەڕان‌و دەیانکوشتن‌و تاڵانیان دەکرد، ئەو گوندانەیان کردە وێرانە، وێرانەیەک کە تائەمڕۆش ئاوەدان نین".

دەڵێن میرنشینی سۆران لەسەرەتای سەدەی شانزەی زایینییەوە هەبووە، بەڵام زانیاری راست ئەوەیە کە سەردەمی زێڕینی خۆی لەساڵی ١٨١٣ یە، ئەوەش مێژوونووسان لەسەری کۆکن، لەوکاتەوەی کە ناوەکەی بە محەمەد رواندوزییەوە دەلکێنرێت، کە ناسراوە بە پادشا کۆرەی رواندوز، لەلاپەڕە (٣٠٨)ی کتێبی (ئاشوورییەکان لەدوای روخانی نەینەوا)ی توێژەر هورمز ئابونا هاتووە "سەردەمێکی خوێناوی‌و ترسناک بوو، دەستەکانی بەخوێنی مەسیحییەکان سووربوو، تەنانەت هەرە نزیکەکانی خۆشی کوشت، پرۆسەی کوشتنی دوو مامی بەڕێوەبرد، پرۆسەی لەناوبردنی دژ بە نەیارە کوردەکانی بەڕێخست، بەتایبەت رابەری خێڵی خۆشناو"، ئەو میرە دەیەویست دەسەڵاتی میرنشینەکەی فراوان بکات، لەو رێگەوە ئەوەی ویستی کردی، بەرەو ناوچەی سریان‌و یەزیدی‌و تورکمان‌و خێڵە عەرەبییەکان کشاو هەموویانی داگیردەکرد، دەیەویست لەسەر جەستەی ئەوانە دەوڵەتێکی کوردی دروست بکات لەناوچەی رواندوز، سوپایەکی لەنێوان سی بۆ پەنجا هەزار سەربازی دروستکردو دراوی تایبەتی لێدا، بەشێوەیەکی نهێنی پەیوەندی بەنەیارانی عوسمانییەوە کرد، هێرشی کردە سەر ناوچەی موسڵ‌و بادینانی کوردەکان، ویلایەتەکانی ئاکرێ‌و ئامێدی‌و ماردین‌و جەزیرەی ملکەچی خۆی کرد، سنوورەکانی بەرەو سو ریاش کشاند. یەکەم تاوانیشی لە شارۆچکەی (القوس) بوو لەناوچەی موسڵ، کە سەرجەم قوربانییەکانی مەسیحی بوون، هەولێریی زۆرینە تورکمان‌و ئاشووری ملکەچ کرد، پاشان شێخان‌و چیاکانی شەنگاری تایبەت بە یەزیدییەکان‌و چیای هەکاری کە نشتیمانی خێڵە سریانییەکان بوو، قەشە سلێمان لەسەر زاری قول لایارد ئەوەش دەگێڕێتەوە "سێ ئەوەندەی چیاکە یەزیدی کوشت، بەئامانجی لەناوبردنی یەزیدی‌و میرەکەیان عەلی بەگ، رواندوزی لەگەڵ میری یەزیدییەکان خیانەتی کرد، پاش ئەوەی بەگ ئامادەی هاوبەشیکردنی رواندوزی بوو، سەردانی پایتەختەکەی کردو نەگەیشتنە رێککەوتن، کەچی لەساتەوەختی گەڕانەوەیدا پیاوەکانی پاشا کۆرە میری یەزیدییانیان کوشت.

میری رواندوزییان شاڵاوێکی دڕاندانەی دژی سریانەکان لەساڵی ١٨٣٢ دەست پێکرد، شاڵاوەکەی لەناوچەی قوشەوە دەست پێکردو پاشان بەرەو تلکێف‌و ئاکرێ‌و ئامێدی، دوای ئەوەی رەسولی برای کردە دەسەڵاتداری ناوچەکە، ترس‌و تۆقاندن بەتەواوی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاو دەسەڵاتدارانی موسڵ توشی ترس‌و دڵەڕاوکێ بوون‌و لەناو قەڵای شارەکە خۆیان حەشاردا، نەیتوانی هیچ بکات لەبەرامبەر کۆمەڵکوژی‌و لەناوبردنی بەکۆمەڵی مەسیحییەکان لەسەر دەستی پیاوکوژەکەی برای میر. ئەو تاوانکارییە بەردەوامبوو بە ئەندازەیەک کە میرو بنەماڵەکەی وەرگۆڕان بۆ ترسناکترین مرۆڤەکانی سەردەمی خۆیان، کە سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە نە لەسوتاندنی گوندەکان‌و نە لەکوشتنی راهیب‌و پیاوانی ئاینی سڵیان نەکردۆتەوە.

# ”دەزگای پاراستن ڕۆڵی نابێت لەدانانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی“

## فایەق تۆفیق سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی ١٣ی پارتی بۆ دەستوور

سازدانی: بورهان قادر لەهەولێر

**لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی ١٣ی پارتی کە ١٣٦ ئەندامی هەیە، لە ٩/٢١ی ساڵی پار دەستی بەکارکردووە، بەپێی بڕیارەکانیش بۆ هەر هەزار ئەندامی ئامادەبوو لەدەنگدان یەک پاڵێوراو بەبراوە دادەنرێتو دەبێتە ئەندامی کۆنگرە، لەهەر ناوچەیەکیش ئەندامی ماوە ئەگەر لە ٥٠٠ زیاتر بێت، ئەوا ئەندامێکی تر بۆ کۆنگرە زیاددەکرێت.**

**فایەق تۆفیق سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی ١٣ی پارتی لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت بەپێی ناوچەکان، بۆ نمونە ناوچەی وا هەیە چوار هەزار ئەندامی هەیە، بەڵام وارێکدەکەوێ ١٠٠٠ ئەندامی ئامادە نابێت، لەو کاتە سێ نوێنەری دەبێت، بەڵام ئەگەر ٣٥٠١ کەس ئامادەبێت، ئەوا چوار نوێنەری دەبێت. وتی "ئیشەکانمان تا ئێستا زۆر بەڕێکوپێکی ڕۆیشتووەو هەڵبژاردنەکانیش بەردەوامە.**

**فایەق تۆفیق ئاماژە بەوەدەدات بەپێی ئەو ژمارەیەی لەناوچەو لقەکانیان هەیە، پارتی زیاتر لەملیۆنێک ئەندامی هەیە، واتە ئەگەر هەموویان بەشداربوونایە زیاتر لەهەزار ئەندامی کۆنگرەمان دەبوو، وتی "بەڵام ئەو ئەندامەی ئامادەنەبێت لەدەنگداندا لەهەڵبژاردندا مافی نابێت، لەدونیاشدا لەهیچ هەڵبژاردنێکدا نەبووە لە ١٠٠٪ هەموو کەسێک ئامادەبێت".**

**دەستوور:** پێشتر دەزگاکانی پارتی ژمارەیەکی قەبەیان بڵاوکردەوە لەبارەی ئەندامانەوە، بەڵام ژمارەی بەشداری لەهەڵبژاردنی کۆنگرەدا کەمتر بوو؟

**فایەق تۆفیق:** دووری شار، نەخۆشیو کارەساتی پرسەو شتی تر یەکێکە لەهۆکارەکان، بەڵام لەموسڵو بەغدادو کەرکوکو خانەقین خەڵک لەتەقینەوە دەترسێ، بۆیە ئەو ترسە کاریگەری زۆری هەبووە لەبەشدارنەبوونی ژمارەیەک لەئەندامانمان، لەڕۆژی هەڵبژاردنەکانمان لەکەرکوک تەقینەوە ڕوویداوە، ئێ تەقینەوە ڕووبدا چۆن خەڵک دەچێت بۆ دەنگدانی کۆنگرەیەک کەمونافەسەی لەگەڵ لایەنێکی تردا نییە، بۆ نمونە وەکو هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق بێت.

**دەستوور:** ئەوە سەبارەت بەکەرکوکو بەغداو موسڵ، لەهەولێر، سلێمانی، دهۆکو گەرمیان بەهەمان شێوە ئەو ژمارەیە بەشداریان لەهەڵبژاردنەکاندا نەکردووە، کەئێوە پێشتر ڕاتانگەیاندبوو؟

**فایەق تۆفیق:** بۆ تەقینەوە لەسلێمانی و هەولێر نابێتو ڕووینەداوە؟ ئەی بەهۆی قەرەباڵغی لەناوچەی هێزی ناوخۆی هەولێری پارتیو لەجەژنی قوربان لەیەکی شوباتدا مەڵبەندو لقی پارتی لەهەولێر نەتەقێندرایەوە، خەڵک ترساوە، کاکە گیان مەڵێ بەغداد جیاوازی هەیە لەگەڵ هەولێرو سلێمانی، کەسیش ناتوانێ تەحەمولی مەسئولیەت بکات، بۆیە باری ئەمنی زۆر کاریگەری هەبووە، ئەوەی کەبیەوێ خۆی بتەقێنێتەوە دەچێتە ناو ئەوانەی کەبۆ هەڵبژاردنەکان ڕاوەستاون، لەقەلادزێش لەکاتی هەڵبژاردنی ئێمە خۆکوژێک لەبازگەکە خۆی تەقاندەوە، بۆیە خەڵک دەترسێو حەقی خۆیشیەتی کەبترسێت، بۆیە ئەو ترسی بەشداربوونە جیا لەشارەکانی دیکەی عێراق هەرێمی کوردستانیشی گرتووەتەوە.

**دەستوور:** سەبارەت بەو کێشەو ململانێو شەڕانەی لەهەندێ ناوچە ڕوویداوە ڕوونکردنەوەتان چییە؟

**فایەق تۆفیق:** تەنانەت لەپێشبڕکێی ڕاکردن لەنێوان دوو قوتابخانەدا ململانێ هەیەو هەر یەکێکیان لەلایەن کۆمەڵێک قوتابییەوە چەپڵەڕێزان دەکرێن، بۆیە ململانێ ئاساییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بەپاکیو دیموکراتی بڕواتو فشار نەکرێتە سەر کەس کە خۆی نەپاڵێوێ.

**دەستوور:** بەڵام فشارو تەقەکردن ڕوویانداوە.

**فایەق تۆفیق:** نەخێر شتی وانییەو ئێمە خۆمان سەرپەرشتی هۆڵەکانی دەنگدانمان کردووە، خەڵک پەلەیەتیو بەحەماستەوە هاتووە بۆ دەنگدان، خەڵکێکی زۆریشمان داناوە بۆ سەرپەرشتیو پاراستنی شوێنەکە، تەقەکردنەکەش ئەوەبووە یەکێک لەپاسەوانەکان دوو تەقەی بەئاسماندا کرد تا بڵاوە بکەن، لەمە زیاتر هیچ شتێک نەبووە.

**دەستوور:** بەڵام باس لەبوونی شەڕو تەهدیدکرن دەکرێت؟

**فایەق تۆفیق:** بە بەڵگە با پێمان بڵێن تا بەدواداچوونی بۆ بکەین، ئەو قسەیە ڕاست نییەو بێبنەمایە، برایانە بووەو ململانێش شتێکی ئاساییە.

**دەستوور:** ئەو ئەندامانەی کەنایەن بۆ دەنگدان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکەن؟

**فایەق تۆفیق:** نەخێر، ئەوە هەڵبژاردنێکی وەکو پەرلەمانی عێراق نییە تا بڵێین ژمارەی ئەندامانی کورد زیاددەکاتو ڕکابەری لەگەڵ لایەنێکی تردا نەبووە، هەڵبژاردنەکە دیموکراتیانەیە، ئەگەر نەهاتن پێی دەڵێین دەبوایە بەشداربویتایە، بەڵام لێپرسینەوە نییە.

**دەستوور:** جیا لەوەی کەباس لەشەڕ دەکرێت، باس لەبوونی تەکەتول دەکرێت هەر ئەو تەکەتولەشە وایکردووە کەتوندوتیژی ڕووبدات.

**فایەق تۆفیق:** لەناو پارتی ئەوەی بوونی نەبێت تەکەتولە، ئێمە نە باڵباڵێنو نە تەکەتولو نە گۆڕانمان هەیە، دەبێت ئەو تەکەتولە لەکوێ بێت؟ یەک سەرکردایەتمان هەیە کەمەکتەبی سیاسییە، یەک سەرۆکمان هەیە ئەویش جەنابی مەسعود بارزانیە موونافیسی نییە، وەکو لایەنەکانی تر نییە، مەکتەبی سیاسیمان تا ئێستا بەهەموو دەسەڵاتێکەوە ئیشیکردووە.

**دەستوور:** ئەو ڕکابەرییەی کەباسدەکرێت لەنێوان مەسعود بارزانیو نێچیرڤان بارزانیە؟

**فایەق تۆفیق:** ئەو قسەیە بێبنەمایەو ڕاست نییە.

**دەستوور:** ئەی بۆ بەردەوام ئەو قسەیە دەکرێت.

**فایەق تۆفیق:** ئەوانە ناحەزنو دەیانەوێت شت دروستبکەن، ئەگینا گەورەترین پەیوەندی لەسەرکردایەتی پارتیدا هەیەو تا ئێستا کەس ناوی ئەو کەسو لایەنانە ناهێنێتو هەموومان دەڵێین ڕێبازو ماڵو سەرۆک بارزانی، قسەی وامان نەکردووە کەئەوانە جیاوازن.

**دەستوور:** بۆچی تەواوی هێزەکانی ناوخۆ لەپێشمەرگەو پۆلیس بەشداریان لەهەڵبژاردنەکەدا کردووە؟

**فایەق تۆفیق:** سەرکەوتنەکانی پارتی هەمووی بەهێزی پێشمەرگە بەدیهاتووەو ئەندامی حیزبن.

**دەستوور:** پرسیارەکە ئەوەیە بۆ هەموویان بەشداریانکردووە، ئایا هەموویان پارتین؟

**فایەق تۆفیق:** نەخێر هەموویان بەشداریان نەکردووە، ئەو کەسەی کەئەندامی پارتیەو پابەندە ئەوانە بەشداریانکردووە، ئەوانەی حیزبایەتی ناکەن یان پێشمەرگەی حیزبەکانی ترن نەهاتوون.

**دەستوور:** بۆ هێزەکانی زێرەڤانی دەڵێیت چی؟

**فایەق تۆفیق:** هێزەکانی زێرەڤانی بەشداریان نەکردووەو نایکەن، بۆی هەیە بیکەن بەفیرقەیەکی عێراقی، حکومەتی عێراقی دەڵێ هێزەکانی ئێوە هەمووی حیزبین، بۆیە ئێمەش نامانەوێ ئەو ناوەی لەسەر بێت، دواتر جیا لەپارتی حیزبەکانی تریشی تیایە، بۆیە حەزناکەین بەشداری کۆنگرە بکەنو حکومەتی عێراق قسەمان لەسەر بکات.

**دەستوور:** لەکاتی دەنگدانی ناوچەکانی فەرمانبەران، بۆچی لەهەندێ شوێن دەوام تێکچوو و ئۆتۆمبێلی حکومیتان بەکارهێنا بۆ کارێکی حیزبی، ئایا ئەوە نایاسایی نییە؟

**فایەق تۆفیق:** پێمان خۆشنەبووەو بەفەرمانی ئێمە نەبووەو بەو شێوەیەش نییە کەباسدەکرێ.

**دەستوور:** باس لەوە دەکرێت کەژمارەی لقەکان کەمدەکەنەوە؟

**فایەق تۆفیق:** پارتی تا ئێستا باسی لەوە نەکردووە، هەموو ئەو شتانە لەکۆنگرەدا بڕیاری زیادکردنو کەمکردنی لەسەر دەدرێ، ئێمە حیزبێکی فراوانینو توانیمانە کۆنترۆلی لقەکان بکەین، بۆیە تا ئێستا بڕیارو قسەی وا لەئارادا نییە.

**دەستوور:** پێتوایە دەزگای پاراستن شەرعیەتی یەکلاکەرەوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەبێت؟

**فایەق تۆفیق:** دەزگای پاراستن دەزگایەکی زانیارییەو پێویستە هەبێت، بەرپرسی دەزگاکە ئەندامی مەکتەبی سیاسییە، دەزگای پاراستنو هیچ یەکێک لەدەزگاکانی تر ڕۆڵی نابێت لەدانانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی.

**دەستوور:** دوابڕیار لەبارەی کاتو شوێنی کۆنگرەوە چییە؟

**فایەق تۆفیق:** شوێنەکە دیارنییە، بەڵام لە ١١/٢٢ کۆنگرە دەبەسترێ، خۆی بڕیاربوو لە ١١/١١ بێت، بەڵام بەهۆی هاتنی جەژنەوە وتمان نەوەکو کۆنگرە بکەوێتە ناو جەژن، ڕاستەوخۆ کردمانە ڕۆژی دوای جەژن، بۆیە لە ٢٢ی مانگ دەبەسترێ.

**دەستوور:** لەهەموو کۆنگرەیەکدا کەسی یەکەمی حیزبەکان بانگهێشتدەکرێن، ئایا لەو کاتە نەوشیروان مستەفا بانگهێشتدەکەن؟

**فایەق تۆفیق:** چۆن پارتەکانی تر کۆنگرەیان بەستووەو ئێمەیان بانگهێشتکردووە، ئێمەش بانگهێشتی حیزبە کوردستانیو عێراقییەکانو لەدەرەوەش هەندێ کەسایەتی ئەوانەی کەکوردو پارتیان خۆشدەوێت، بانگهێشتدەکەین، بەدووری نازانین کەبانگهێشتی نەوشیروان بکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە هیچ شتێکمان لەگەڵ گۆڕاندا نییەو ئەوان لەحیزبەکەی خۆیان جیابوونەتەوە، بەزۆر نزیکی دەزانین کەبانگهێشتبکرێ.

**دەستوور:** ئەگەر بانگهێشتی بکەن، پێتوایە ئەو ئامادەبێت؟

**فایەق تۆفیق:** تا ئێستا نەزرەی خراپی بەرانبەر ئێمە نەبووە، لەبەر ئەوە قەناعەتمان ئەوەیە ئەگەر بانگهێشتبکرێت، ئامادەدەبێت.



### بەهۆی ترسان لەتەقینەوە بەشداری لەهەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە کەمبوو

# ”پاش نیشتنەوەی کەفوکوڵ و ساردبوونەوە و هێوربوونەوە، دەسلەملانە ڕوو دەداتەوە و گۆڕان و یەکێتی لە جارانیش باشتر دەبنەوە برا“

کەفوکوڵ بەسەر بیرکردنەوەی لۆجیکییانەدا زاڵ دەبێ، پاش نیشتنەوەی کەفوکوڵ و ساردبوونەوە و هێوربوونەوە، دەسلەملانە ڕوو دەداتەوە و لە جارانیش باشتر دەبنەوە برا.

**دەستوور:** هیچ بەڵگەیەکی بەرجەستە یان ئاماژەیەکی ڕوون هەیە لەو بارەیەوە، جگە لەو خوێندنەوەیەی کردت؟ بۆ مەسەلەی ئایدۆلۆجیاش خۆ زۆرینەی حزبەکانی وڵاتی ئێمە لە دەوری یەک بازنە دەخولێنەوە و تێکەڵیش نابن؟

**بەدران حەبیب:** حزبەکانی کوردستان ئەگەر ئایدیۆلۆجیا و بەرنامەشیان وەک یەک بێ، لە شتی تردا جیان کە هێندەی ئەمانە کارایە بەڵکو کاراتریشە، ئەو جیاییەش ڕابردوو و مێژووە. لە کۆمەڵگەی خێڵەکییانەی ئێمەدا مێژوو هەندێک جار بۆ خۆی بووە بەجۆرێک لە چوارچێوەی دنیابینی. حزب لەم ناوچەیەی ئێمەدا ئەوەندەی لە خەون و خەیاڵەکانی ڕابردوودا قەتیس بووە، دە یەکی ئەوە بە خەون و خەیاڵی داهاتوودا ناڕوانی. ژیان لە ڕابردوودا، گرێکوێرەکانی زۆر گەورەترن لە گرێکوێرەکانی ئایدیۆلۆجیا. ئەمەشە هۆی ئەوەی کە نابنەوە بە یەک.

**دەستوور:** دیارە پێت وا نییە گۆڕان ئۆپۆزسیۆن بن؟ ئەدای بزووتنەوە و فراکسیۆنی گۆڕان لە پرۆسەی سیاسیی هەرێم چۆن دەبینی؟

**بەدران حەبیب:** ئۆپۆزسیۆن لە هەناوی گەلەوە دێتە دەرێ، ئۆپۆزسیۆن کوڕی شەقام و دەرهاوێشتەی کۆمەڵانی خەڵکە. ئۆپۆزسیۆن دەربڕی بێزارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە. ئۆپۆزسیۆن دروشمی مەحروومییەتە. ئۆپۆزسیۆن داوای نان و ئازادییە. ئۆپۆزسیۆن دەنگی نێرانەی کۆمەڵانێکی بەشخوراوە. تکایە پێم بڵێ ئەم دۆخانە کامیان لە پرسی بزووتنەوەی گۆڕاندا بەڕاست دەشکێنەوە؟ ئەمە وەک ئەوە وایە تۆ ناوت خدر بێ و بچی لە دادگە ناوی خۆت بکەی بە سلێمان و پاشان داوا بکەی خەڵک بە سلێمان بانگت بکەن. با بانگیشت بکەن بە سلێمان بەڵام تۆ هەر کاخدری جارانی بە کەوڵ و کوڵکی خۆتەوە. ئەمە چاوبەستەکێیە لە خەڵک و شوێنگۆڕییە لە یاریکردن. من لە هەموو کەس زیاتر حەز دەکەم کوردستان ئۆپۆزسیۆنێکی کارای وای تێدا بێ کە ڕۆژانە دەسەڵات لە کونجێک بپەستێ و داوای زیاتر نان و ئازادیی لێ بکا بۆ گەلێکی کلۆڵ. هەر دەشبێ ئەمە لە کوردستان بێتە دی، نەیتە دی ڕەنجمان بێوەر بووە و ئەو بەهەشتەی خەونمان پێوە دەبینی، چاومان پێی ناکەوێ.

**دەستوور:** لە کۆتاییشدا دەمانەوێت رای بەڕێزت بزانین سەبارەت بەو داوا یاساییانەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێک تۆماری کردوون، بۆ ئەوەش پەنای بردووەتە بەر یاسای شارستانی لە کاتێکدا لە کوردستان یاسای ڕۆژنامەگەری هەیە خودی مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان واژۆی لەسەر کردووە، هۆکاری ئەمە چییە؟

**بەدران حەبیب:** لە هەموو وڵات و لە هەموو سەردەم و لە هەموو دۆخێکدا دەبێ ناوبڕەیەک هەبێ کە سنوور لە نێوانی خەڵکدا دابنێ. چۆن دەبێ یەکێک هەموو ئازادییەکی هەبێ و یەکێکی تر نەیبێ؟ ئەمە زاڵم و مەزڵووم دروست دەکا. باشترین ناوبڕە یان ناوبژێکەر لە کۆمەڵگەی هاوسەردەمدا یاسایە. باشە با من پرسیارێکت لێ بکەم، تۆ زوڵمم لێ بکەی، من نەتوانم ئازارت بدەم تا وازم لێ بێنی، نەشتوانم چاوت لێ سوور کەمەوە تا بترسیت لەوەی دووبارەی بکەیەوە، کە نەتوانینی ئەم دوو شتە هەردووکیان مایەی خوشحاڵییە لە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان، بەڵام ئەگەر نەتوانم داواشت لەسەر تۆمار بکەم ئەدی چی بکەم؟ تکایە ڕێگەیەک پێشانی خەڵک بدەن. ئەمەش هەر شوێنگۆڕییە لە نێوانی زۆردار و بێ زۆردا کە دەیانەوێ بیکەن. تۆ دەسەڵات بە جەللاد تێ دەگەی و خۆت بەقوربانی، ئاخۆ چارەسەرەکە ئەوەیە ئەمجارەیان تۆ ببی بەجەللاد و ئەو ببێ بەقوربانی. ڕێگە بدەن با یاسا ئاوەڕۆی خۆی بگرێتە بەر، ئەم گەلەکۆمەکییەتان بۆچییە؟ ئاخۆ لە دادگەش بەگومانن؟ لێ گەڕێن ئەگەر دادگە بێلایەنانە بڕیاری دا ئەوە هەق دەچێ بۆ لای خاوەن هەق و هەموو لامان خۆشحاڵ دەبین، چەوتیش بڕیاری دا ئەو دەمە دەمێنێ مرۆڤی ئازاد و دادگەی کوردستان بکەونە بەرامبەری یەک و یەکلای بکەنەوە. بێگومان دەبێ بە یاسای ئەم وڵاتە کار بکرێ و بێگومانیش دەبێ یاسایەکە ناکۆک نەبێ لەگەڵ هیچ یاسایەکی تری وڵاتەکەمان. بەڕاستی مایەی شەرمە ڕۆژنامەوان لە دادگە دەترسێ. من لێرەوە گومانی لێ دەکەم کە لە ئەوەڵەوە داکۆکیی لە ڕاستی کردبێ. پیاو ڕاست بێ دەڕواتە ڕێی شێر وەک کورد دەڵێ.

**دەستوور:** مەبەست ئەوە نییە داوا تۆمار نەکرێت لەسەر ڕۆژنامەوانان، بەڵکو مەبەست لەوەیە بۆ یاسای ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەوانی کە پەرلەمانی کوردستان دەری کردووە و سەرۆکی هەرێمیش ئیمزای لەسەر کردووە، پەراوێز دەخرێت؟

**بەدران حەبیب:** یاسای ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی قووڵی ڕۆژنامەوانی لە کوردستانەوە نەهاتووە. من وا دەزانم ئەو یاسایە کەلەبەری زۆر تێدا هەیە. ڕەنگە بۆ زۆر شت پێویست بەوە بێ بۆ یاسایەکی تری کوردستانی یان عێراقی بچینەوە کە تێروتەسەلتر بابەتە پێویستەکە بگرێتەوە. گرینگ ئەوەیە تۆ لە یاسای کارپێکروای ئەم وڵاتەی خۆمان دەرنەچی. هەرچییەک بێ، من پێم وایە پەنابردن بۆ یاسا و بۆ دادگە کارێکی ژیرانەیە و مەردانەشە، ئەوەش کە پەلەقاژەیەتی لە ئاست دادگە و یاسادا گومانی لە هەقبوونی خۆی هەیە.

# "گۆڕان و یەکێتی هەر دەڵێی سێوێکن و کراون بە دوو لەتەوە"

## بەدران حەبیب سەرۆکی دەزگای ئاراس بۆ دەستوور

سازدانی: بورهان قادر

**بەدران ئەحمەد حەبیب سەرۆکی دەزگای ئاراسو نووسەرو ڕۆژنامەنووسی نزیک لەسەرکردایەتی پارتی، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت ئەو هێشتا بڕوای بەوە نییە گۆڕان پارتێکی جیاوازتر بێت لەیەکێتی، پێیشی وایە بە تێپەڕبوونی کات یەکدەگرنەوە.**

**حەبیب دەڵێت کە یەکێتی و گۆڕان دۆستایەتی زیاد لەپێویستیان لەگەڵ ئێران هەیە، پێی سەیرە کە پەیوەندی بەوڵاتانی دەرەوە نابێتە جێگای سەغڵەتی بۆ هێزە عێراقییەکان.**

**دەستوور:** ماوەیەک بەر لە ئێستا وتارێکت نووسی، هەرچەند ئاماژەت بەوە دابوو کە تەنیا ڕای خۆتە، بەڵام وەک ڕای ناڕاستەوخۆی پارتی وەرگیرا، پرسیار ئەوەیە بۆچی گومان دەکەن ئاساییبوونەوەی پێوەندیی گۆڕان و یەکێتی لەسەر حسێبی پارتی دەبێت، مەگەر ئەم دوانەی دواییيان ڕێککەوتنی ستراتیجییان نییە؟

**بەدران حەبیب:** وەک خۆشتان دەڵێن من ئاماژەم داوە کە ئەو وتارە بیروبۆچوونی خۆمە، بەڵام ئەگەر وەک ڕای ناڕاستەوخۆی پارتی وەرگیرابێ، ئەمە کێشەی ئەوانەیە کە وایان وەرگرتووە. دیارە ئەم جۆرە کەسانە نایانەوێ لە دەرەوەی بیرکردنەوە و بەرنامەی حزبی کوردیدا هیچ جۆرە بیروبۆچوونێکی تر هەبێ لەم وڵاتە. من کتێبێکم هەیە بەناوی "بەهەشتی ڕازاوە لە کەلاوە"، هەموو ئەو وتارانەی تێدا کۆکراوەتەوە کە لەم چەند ساڵەی دواییدا نووسیومن، بڕۆن یەک ڕستەی تێدا بدۆزنەوە کە من وەک پارتییەک قسەم کردبێ یان بیرم کردبێتەوە. من ئەگەر پارتیش بم، ڕێگەپێدراو نیم بەناوی پارتییەوە قسە بکەم. پارتی کەناڵی ڕەسمی و کەسانی ڕەسمیی خۆی هەیە کە بەناویەوە دەدوێن. بەڕاستی خەیاڵێکی نەخۆشانەی هەیە ئەو مرۆڤەی لە قسەی هەموو کەس بەگومان بێ و وا دابنێ پلانێک لە گۆڕێدا هەیە دژی. با بێمە سەر کەرتی دووەمی پرسیارەکەتان، ئاشتبوونەوەی ئەو دوو لایەنە لەسەر حسێبی پارتییە یان نا؟ ئەمەش هەر کێشەی من نییە، وەک خۆشتان دەڵێن ڕێککەوتنی ستراتیجی هەیە لە نێوانیاندا. بەڵام من ئەم بۆچوونەم لە زاری کادیری پێشکەوتووی ئەو دوو لایەنەوە پێ گەیشتووەتەوە کە دەڵێن ئەم کێشەیەی نێوان گۆڕان و یەکێتی خافڵی کردووین لە ناحەزی دێرینەمان کە پارتییە. قسەیەکی کردوومە لە زاری خۆیانەوە بەمن گەیشتووە. قسەکەش نهێنی نییە ئێوەش بیستووتانە.

**دەستوور:** لە وتارەکەتدا باسی ئەوە دەکەیت کە نێزیکبوونەوەی گۆڕان و یەکێتی لەسەر داخوازی یان بەرژەوەندیی ئێرانە، دەتوانی ئەوە زیاتر ڕوون بکەیتەوە؟ ئایا دەبێت ئەوان هەمیشە ناکۆک بن؟

**بەدران حەبیب:** ئەمەش هەر لێکدانەوەی خۆمە بۆ ئەو ڕیزبەندییەی ئێستا لە عێراقدا هاتووەتە کایە. ئەم پرسە مێژووی دێرینیشیشی هەیە و ناشارێتەوە. بەڵام من تێ ناگەم بۆچی قەڵس دەبن ئەگەر یەکێک خوێندنەوەیەکی ڕاستی هەبێ بۆ بارودۆخی وڵاتەکەی. ئاخۆ تێگەیشتن لە دۆخی کوردستان و هەستکردن بەمەترسییەکانی سەری، ئەرک نییە بەسەر شانمانەوە؟ لە ڕاگەیاندنی کوردستاندا بانێکە و دوو هەوا. شت هەیە زل دەکرێ لە پێناوی سیاسەتێک، شتیش هەیە دەخرێتە ژێر لێوەوە لە پێناوی بەرژەوەندییەکی تر. ئێوە لەم وتارەی مندا دەسبژێری هەندێک شتتان کردووە و توێژینەوەی لەبارەوە دەکەن، بۆ نموونە لە هەر پرسێک کە ناوی کۆماری ئیسلامیی تێدا هاتبێ، بەڵام لە شتی تردا خۆتان نەبان دەکەن. لەبیرتانە چارەسەری ڕووداوەکەی ئوتێل سۆما لە ڕاگەیاندنی کوردستاندا، چەند کاریکاتێری بوو؟ وشە بەوشە و ڕستە بەڕستەم لەبارەی ئەو ڕووداوەوە زەین دا، جدییەت نەبوو لە چارەسەری ڕاگەیاندنەکەیدا. بەڵام بۆ شرۆڤەی وتارەکەی من فایلێک کرایەوە.

**دەستوور:** بۆچی ئەوان بە پیاوی ئێران تۆمەتبار دەکەیت، ئایا بەڵگەت هەیە؟ بەڕای تۆ ئایا لە حاڵەتی نێزیکبوونەوەی ئەو دوو هێزە و ڕێککەوتنیان، "ململانێ لەگەڵ ناحەزە دێرینەکەیان" دەکەنەوە لەسەر خواستی ئێران؟

**بەدران حەبیب:** من شرۆڤە و خوێندنەوەیەکم کردووە بۆ بارودۆخی ئێستەی کوردستان و مافی خۆشمە بیر لە مەترسییەکانی سەر وڵاتەکەم بکەمەوە، بەڵکو ئەرکی سەر شانیشمە خەڵک ئاگەدار بکەمەوە لەو مەترسییانە. کەسیشم تۆمەتبار نەکردووە. بەپێچەوانەوە زۆر شتیشم بەنیوەچڵی نووسیوە و بەجێم هێشتووە بۆ ژیریی خوێنەر. خۆتان دەبینن ئێران وڵاتێکە سەرتاسەری ڕۆهەڵاتی ناوینی کردووە بە گۆڕەپانی گەمەکانی خۆی، جگە لە عێراق سەیری لبنان و فەڵەستین و یەمەن و بەحرێن بکەن. هەمووی گۆڕەپانی گەمەی ئێرانە. ئەوەی نەشبووە بەگۆڕەپان بەڕێوەیە کە ببێ، کوردستانی خۆشمان لەگەڵدا. ئەمە بیرکردنەوەی منە و ئێوە بڵێن وا نییە. یاخوا وانەبێ و من هەڵەبم. ڕاگەیاندنی هەموو دنیا ئەم باسانەی بەسەرزارەوەیە بەڵام لە ڕاگەیاندنی کوردیدا ناوهێنانی ئێران بووە بە بڤە. واتان کردووە کوردی عێراق زیاتر لە کوردی ئێران لە کۆماری ئیسلامی بسڵەمێتەوە.

**دەستوور:** لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەو بەڵگانە چین کەوا دەکەن ئەوان پیاوی ئێرانن و لەسەر خواستی ئێران یەک دەگرنەوە دژ بە پارتی؟ هەروەها دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ڕۆژنامەکەی ئێمە هەر لە سەرەتاوە لاپەڕەیەکمان هەبووە لەسەر ئێران، باسی زۆر دەستێوەردانی ئێرانمان لە عێراق و هەرێم کردووە، ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تریش ئەگەر بەبەردەوامی نەبێت ناوبەناو ئەوانەیان خستووەتە ڕوو؟

**بەدران حەبیب:** من باسی ڕیزبەندیی سیاسیم لە عێراقی تازەدا کردووە و بەبۆچوونی من "وەک لە وتارەکەی وڵاتێک لەسەر لەپی دێو"دا نووسیومە: دەبن بە دوو بەشی سەرەکییەوە، ئەوانەی لە تەوەرەی کۆماری ئیسلامیدان و ئەوانەش کە لە دەرەوەی ئەو تەوەرەیەن. ئەوەی من باسم کردووە نەنهێنییە و نەزانیاریی داوودەزگا تایبەتییەکان، چ شەرمیشی تێدا نییە ئەگەر باس لە پێوەندیی سیاسیی ئەم و ئەو بکرێ ئەگەر ئەو پێوەندییانە ڕەوابن. باڵندەیەک هەیە پێی دەڵێن نەعامە، بەکوردی وشترملی پێ دەگوترێ لەبەرئەوەی وەک وشتر ملی درێژە، کە هەست بکا خەڵک پێی حەساون سەری خۆی دەخاتە ژێر خۆڵەوە وا دەزانێ ئەگەر وا بکا نایەتە دیتن. بەڵام پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا وەک شەرم نەماوە لە عێراقی تازە تا کەس سەری خۆی بباتە ژێر خۆڵەوە. ئێمە بەداخەوە سەردەمێک بەسەر دەبەین لەم وڵاتە کە پێوەندی بە هێزگەلی دەرەکی سەغڵەتی بۆ هیچ لایەنێک دروست ناکا. ئەمەش ناوکرۆکی وتارەکەی من بوو.

**دەستوور:** پرسیارێک لێرە دێتە پێش کە پارتی و نووسەرانی پارتی هەمیشە لە ڕێککەوتن و دۆستایەتیی لایەنەکانی تر بەگومانن و بە موئامەرەی لە قەڵەم دەدەن دژ بە پارتی؟ هەروەها هەمووان تۆمەتبار دەکەن بە بەکرێگیراو و پیاوی دەرەوە، ئایا پێوەندییەکانی پارتیش وەک پێوەندیی ئەوانی تر نییە و لە هەمان خانەدا نییە؟

**بەدران حەبیب:** من نامەوێ بەرگری لە پارتی بکەم یان بەناوی پارتییەوە بدوێم، چونکە وەک گوتم ڕێ پێدراو نیم بۆ ئەم جۆرە ئاخاوتنە. بەڵام لەبەرئەوەی ئێوە زۆر حەز دەکەن وەڵامێکی پارتییانەتان بدەمەوە، با وابێ و دڵتان ناشکێنم. ئەو قسەی ئێوە کە دەڵێن پارتی و نووسەرانی پارتی لە ڕێککەوتن و دۆستایەتیی نێوان لایەنەکان بەگومانن و بە پلانی لە قەڵەم دەدەن، بۆچوونێکە فرێ بەسەر ڕاستییەوە نییە و نیشانەی ئەوەیە پارتیتان نەناسیوە. با من پێناسەیەکی ڕاست و دروستی پارتیتان بۆ بکەم: پارتی حزبێکی زۆر متمانەبەخۆ و لەخۆڕازییە. ئەوەندە باوەڕی بەخۆی پتەوە ئەگەربێو ڕۆژێک لە ڕۆژان هەموو لایەنەکان ببن بەدۆستی گیانی بەگیانیی یەکتر، "یاخواش وا بکەن و ببن بەم دۆستە گیانی بەگیانییە"، پارتی هەر مووشی نابزوێ و مێشی میوان نابێ. پارتی هەستێکی هەیە پێی وایە ئەو خۆی وەک بەعەرەبی دەڵێن "وحدە لاشریک لە". ئەمەش واتەی ئەوە نییە حسێب بۆ لایەنگەلی تر ناکا و ڕەچاوی بەرژەوەندییان ناکا، نەخێر بەپێچەوانەوە. پارتی هەرچەند لەخۆشی بایی ببێ لە خەڵکی تر دیموکراسیترە لە مامەڵەدا و ڕێز لە بچووکترین لایەن دەگرێ. لەخۆباییبوونی پارتی لەخۆباییبوونێکە لەبەرامبەر ناحەزانی کوردستانە و لەو هەستەوە دێ کە ئەرکێکی مێژوویی بەسەر شانەوەیە و کۆڵی لێ نەداتەوە زەوی. ئەم پێناسەیەی من پێناسەی سەرکردایەتی و سەرۆکی پارتی نییە تکایە با ئەمەش گەورە نەکرێتەوە و نەبێ بەکەرەستەی ڕاپۆرت لێدان و فایل کردنەوە. من پێناسەی ڕۆحی پارتی و پارتییەکان دەکەم کە بەگشتی بەو شێوەیەن من گوتم، متمانە بەخۆ و لە خۆڕازی.

**دەستوور:** دەڵێیت "بەیەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی یەکێتی، جارێکی تر پارتی دەکەوێتە بەردەم تەنگژەیەکی گەورەی وەک ئەوەکەی ساڵی ٩٦، یان قەبووڵکردنی دۆڕاندنێک کە زۆری لەسەر دەکەوێ و باجێکە بێ پاساو لێی دێتە وەرگرتن، یانیش ڕەتکردنەوەیەتی، کە دیسان بۆی دەکاتەوە بە پەڵەی مێژوو". بەڕای تۆ پارتی کام ئەلتەرناتیڤ هەڵدەبژێرێت ئەگەر حاڵەتی وا ڕووی دا؟

**بەدران حەبیب:** من نازانم پارتی لە تەنگانەدا چی دەکا، بەڵام دەزانم هەنگاوێک نانێ لەسەر حسێبی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان بێ. پارتی حزبێکە لە تەنگژەشدا تەرازووی بیرکردنەوەی لار نابێ و کۆمیدییانە هەڵسوکەوت ناکا. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پشوودرێژی و زۆر بەسەر هاتن لە ڕابردووی خۆیدا.

**دەستوور:** ئایا مەترسیی شەڕی ناوەخۆ و هێنانی هێزی بێگانە، بۆ نموونە ئێران و تورکیا بۆ سەر یەکتری هەیە؟ ئایا لانی کەم ئەگەر بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیش نەبێت، بەرژەوەندییە ئابوورییەکان ڕێگر نابن لە کاری لەو شێوەیە؟

**بەدران حەبیب:** من باوەڕ ناکەم ململانەی ناوەخۆ لە عێراق بگات بەو ڕادەیەی سوپا و لەشکری بێگانە بێتە ناوەوە. لە ئاسۆدا شتێکی وا نایەتە خوێندنەوە و منیش وا بزانم شتی وام نەگوتووە لە وتارە ئاماژە پێدراوەکەدا. وەک بینیمان، ئەوە چەند ساڵ بوو شەڕی تایفەیی لە عێراق لەگەڕدا بوو، چ سوپای وڵاتانیش نەهاتبوو ببێ بەلایەنی شەڕ، تەنانەت ئەمەریکاش کە دواجار سوپای خۆی لە عێراق کێشایەوە ململانەکە هەر نەوەستا تا بڵێی هۆی ئەو ململانەیە بوونی سوپای ئەمەریکا بوو لە عێراق. ڕەنگە ئەو ململانەیە هەروەک خۆی خوێناوییانە بەردەوامیش بێ تا ماوەیەکی درێژی تر. واتە دەستێوەردان مەرج نییە بەسوپای ڕاستەوخۆ بێت هەر وەک لە دۆخی بەرچاوماندا دەیبینین. وڵاتانی دەرەکی پلانیان لە عێراق هەیە نەک سوپا. بۆ پرسی بەرژەوەندیی ئابووریش کە وڵاتانی تر لە عێراق هەیانە و تۆ پێت وایە دەبێ بە ڕێگر و کۆسپ لە دەستێوەردان و خۆ تێکەڵکردنیان لە ململانەی نێوان هێزگەلی کوردی یان عێراقی، من پێم وایە دەق پێچەوانەکەی ئەمە ڕاستە. لەبەرئەوەی هەموو شەڕێک دواجار لە پێناوی بەرژەوەندیی ئابوورییە.

**دەستوور:** بۆچی هەمیشە پارتی وەک قوربانی پێشان دەدەن، لە کاتێکدا ئەگەر لە یەکێتیی زیاتری بەرنەکەوێت کەمتری نییە لەو ماڵوێرانییانەی بەسەر کوردا هاتوون بەهۆی شەڕی ناوەخۆوە؟

**بەدران حەبیب:** من ئاگام لێ نییە لە نووسینێکی مندا پارتی وەک قوربانی هاتبێتە پێشاندان. پارتی لایەنێکی سیاسیی کارایە لە کوردستان و لە عێراق، هەزار و یەک سەر و سەودای سیاسیی هەیە و ڕۆڵی خۆی بەشیاوی و بەئاشکرایی دەبینێ، بۆچی کراوەتە قوربانی و کێ کردوویەتی بەقوربانی؟ من بۆ پارتی ناپاڕێمەوە و ناشڵێم قوربانییە، ئەگەر قوربانیش بێ دەبێ گلەیی لێ بکرێ نەک بەرگری و پاڕانەوەی بۆ بکرێ.

**دەستوور:** زۆربەی میدیاکانی سلێمانی تۆمەتبار دەکەیت بەوەی کە خەڵک هان دەدەن بۆ شەڕی ناوەخۆ، ئایا ڕەخنەگرتن هاندانە، یان بەهۆی ترسی شەڕی ناوەخۆوە دەبێت ڕەخنە نەگرین؟ دەتوانی ئەوە زیاتر ڕوون بکەیتەوە، چونکە وەکو بوقی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش وێنایان دەکەیت بە ناڕاستەوخۆ؟

**بەدران حەبیب:** من میدیای سلێمانیم تاوانبار نەکردووە بەهاندانی شەڕ. من شت تێکەڵ ناکەم، میدیایەک هەیە ناوی لەخۆی ناوە ئازاد و ئەهلی و سەربەخۆ، بەڵام ئەگەر چاک لێی ورد ببیەوە دەبینی ئەم میدیای "سەربەخۆیە" لە میدیای حزبی کۆیلەترە. میدیای حزبی ئەگەر کۆیلەی حزبیش بێ هەر جێی ڕێزە لەبەرئەوەی حزبی کوردی دواجار هەر کوردییە و بەرژەوەندەکانی دیارە. من باسی ئەوانەم کردووە کە پلان و کارنامەی وڵاتانی دەرەکی لە کوردستان جێبەجێ دەکەن. وەک دەبینین چەندان پرسی مەترسیدار یان گرینگ لە کوردستان دەقەومێن کەچی ئەم میدیایە خۆی لێیان نەبان دەکا، تەنانەت دەشیەوێ دایان بپۆشێ. بەڵام ئەگەر شتێکی بچووکی دەست کەوێ بە مانگان و بەساڵان دەیکات بە بنێشتە خۆشکە و دنیای پێ دێنێتە لەرزە. کاکە خۆ ئەمە یاریی منداڵان نییە، خەڵکی تریش دەبینن و تێ دەگەن تۆ چی دەکەی. ئێستا وای لێ هاتووە مرۆڤ کاغەزی سپی بخوێنێتەوە. بۆ پێت وایە بەرامبەرەکەت گێلە و نازانێ میدیای ئەهلی و میدیای ئاراستەکراو لەیەک جیا بکاتەوە. شانازیکردن بەفرۆفێڵ کارێکی ناشایان و دزێوە. ئەو "میدیا ئەهلی"یەی لەمەڕ کوردستان لەو تەجالە دەچێ "لە سلێمانی دەڵێن جەجاڵ" کە دەڵێن لەکاتی سەرهەڵدانی مەهدیدا پەیدا دەبێ و خەڵک دوای خۆی دەخا و ئیتر دەبێ بە ڕۆژی قیامەت.

**دەستوور:** لە بنەڕەتەوە ئێوە بڕواتان وایە شتێک نییە ناوی میدیای ئەهلی و سەربەخۆ بێت لە ئێستا، یان پێتان وایە تووشی کار و کاردانە و هاتوون لەگەڵ دەسەڵات؟ بەبڕوای ئێوە چارەسەر چییە لەم دۆخەدا؟

**بەدران حەبیب:** میدیای ئەهلی دوو بنەوای پێویستە بۆ ئەوەی پێی بگوترێ ئەهلی، یەکەم: سەرچاوەی پارەپێدانی دیار بێ، واتە دیار بێ ئەو لایەنەی کە دەیژێنێ کێیە و بۆچی دەیژێنێ، ئاخۆ خێرەومەندێکە و پارەی خۆی بڵاو دەکاتەوە، یاخۆ "بزنس" دەکا، دووەم دەبێ میدیای ئەهلی سیاسەتی سەربەخۆ لە کاری ڕاگەیاندندا بگرێتە بەر و لە پێناو گەیاندنی زانیاری بەجەماوەر کار بکا. کە ئەم دووە نەبوون، ناشێ بەو میدیایە بگوترێ ئەهلی و سەربەخۆ و بێلایەن. ئەمانەش هەردووکیان لە کوردستانی خۆماندا لە ئارادا نین. من یەکێک لە گەورەترین داوودەزگاکانی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە کوردستان بەڕێوە دەبەم و چەندان ساڵە ویستوومە "بزنس" بکەم واتە پارەم دەست کەوێ تا بتوانم دەزگاکەی پێ بژێنم، تا ئەمڕۆ یەک هەنگاویشم پێ هەڵنەهاتووە. پێش ماوەیەک نرخی کتێبمان تۆزێک بەرز کردەوە تا داهاتێکمان دەست کەوێ و کەلێنێکمان بۆ پڕ کاتەوە، بڵاوکراوەیەک لەو ئەهلییانەی تۆ باسیان دەکەی خراپترین ڕاپۆرتی لەبارەی ئەو پلانەمان بڵاو کردەوە. ئەمەش بەلای منەوە بەڵگە بوو کە ئەمانە لە خەیاڵی بزنسدا ناژین و ئەهلی نین. دەبوایە خۆشحاڵ بن بەو هەنگاوەی ئێمە.

**دەستوور:** بۆچی یەکێتی و گۆڕان هێشتا بەدوو باڵی یەک حیزب دەزانیت، هێشتاش پێت وایە ئەوان دەبنەوە بەیەک حیزب، ئەوە چۆن ڕوون دەکەیتەوە؟

**بەدران حەبیب:** ئەوە شتێک نییە من داهێنانم تێیدا کردبێ، بەڵکو ڕاستییەکی بەرهەستە و بەرچاویشە. دوو حزب ئەوەیە کە دوو ئایدیۆلۆجیان هەبێ یان دوو بیرکردنەوەی جیایان هەبێ یان دوو بەرنامەی دوور لەیەکیان هەبێ. لە دۆخی گۆڕان و یەکێتیدا ئەمە لە ئارادا نییە، هەر دەڵێی سێوێکن و کراون بە دوو لەتەوە. کاتی خۆی پاش ١٩٧٥ چەندان حزب لە پارتی بوونەوە و پاشان دوای چەندان ساڵ هاتنەوە پاڵی. ڕاستە درەنگ هاتنەوە پاڵی، هۆی درەنگییەکەش ئەوەبوو پێشکەوتن و گۆڕان ئەو کاتە لە کوردستان سست و هێور بوو، بەڵام کە ڕاپەڕین ڕووی دا و گۆڕانکاری و پێشکەوتن هاتنە ئاراوە، ئەوانیش دەسبەجێ گەڕانەوە ڕیزی پارتییەکەی خۆیان. ئەو حزبانەی لە پارتی جیا بووبوونەوە نەیانتوانی بەرنامەی جیا دروست بکەن یان ڕەنگێک وەربگرن لە پارتی جیا بێ بۆیە نەیانتوانی سەربەخۆیانە بەردەوام بن، مێژووشیان هەر یەک مێژوو بوو بۆیە دواجار بوونەوە بەپارتی و هیچ دەنگیشی لێوە نەهات. زۆر جار لە کاتی تەنگژەدا، چ تەنگژەی مێژوویی بێ وەک ئەوەکەی ١٩٧٥ی پارتی، چ سیاسی بێ وەک ئەوەکەی کە گۆڕان و یەکێتی تێی کەوتن،



# کوڕان لەشەکراوخواردنەوە رزگاریاندەبێت



کاڵێ ئەنوەر لەسلێمانی

شەکراوخواردنەوە لەکاتی پرۆسەی هاوسەرگیریدا بەرەو کەمبوونەوە دەچێتو لەچانسی کوڕان زۆرێک لەکچانیش داوای نەمانی ئەو نەریتە دەکەن.

شەکراوخواردنەوە یەکێکە لەنەریتە کوردەوارییەکانو لەدوای مارەبڕینی کوڕو کچ لەیەکتر، لەهۆڵێکدا بەئامادەبوونی خزمو کەسوکاری هەردوولا کۆدەبنەوەو شیرینیو ساردەمەنیو شەکراوی تایبەت بەبووکو زاوا پێشکەشی میوانەکان دەکرێت.

ئەو رێورەسمە پارەیەکی زۆری تێدەچێت، کە کەمتر نییە لەملیۆنو نیوێک، لەماوەی چەند ساڵی رابردووشدا بەیەکێک لەکێشەکانی نێوان کوڕانو کچان دادەنرا لەدوای مارەبڕین، لەسەر شوێنی رێورەسمەکەو چۆنیەتی خۆئامادەکردن.

بەشێک لەو کوڕو کچانەی کەخزمو دۆستێکی زۆریان هەبوو ناچاربوون هۆڵی گەورە بگرنو مەسروفێکی زۆرتر بکەن، ئەوەش ئەرکی سەرشانی کوڕەکە بوو کەپێی هەڵسێت.

ئاوێزە جەبار ٢٥ ساڵ وتی "شەکراوخواردنەوە تەنیا زیادە مەسرەفییەکە نەک پێویستییەک بێت بۆ هاوسەرگیری".

ئاوێزە ئاماژەبەوەکات کە لەکاتی هاوسەرگیریدا شەکراوخواردنەوەی ئەنجامنەداوە لەدوای مارەکردن تەنیا شەکراوەکەی گێڕاوە، ئەوەش وەک بەشێک لەئاسانکاری بۆ کوڕەکە.

هەروەها وتی "هەرچۆنێک ئامادەکاری بکرێت بۆ ئەو پرۆسەیەو بەهەر نرخێک بێت ئەو کەسانەی دێنە ناو شەکراوخواردنەوەکە هەر گلەییو گازاندەی خۆیان دەکەن، بۆیە لەڕووی ماددییشەوە ئەنجامنەدانی باشترە".

بەلای دایکو باوکانەوە سازکردنی ئاهەنگی شەکراوخواردنەوە وەک رێزێک بۆ نەوەکان سەیردەکرێت، بۆیە زۆرجار پێداگری لەسەر ئەنجامدانی شەکراوخواردنەوە دەکەن.

نیگار عەلی ٢٨ ساڵ، بەدەستووری وت "ئەگەر لەبەر قسەی دایکمو باوکم نەبوایە، هەرگیز ئاهەنگی شەکراوخواردنەوەم ئەنجام نەدەدا".

نیگار پەشیمانە ئاهەنگی شەکراوخواردنەوەی ئەنجامداوە، چونکە پێیوایە شەکراوخواردنەوە تەنیا شتێکی بۆماوەیی کۆمەڵگەیە، ئەگینا هیچ پێویستییەکی هاوسەرگیری پڕناکاتەوە.

ئەو وتی "راستە لەو بۆنەیەدا یەکترناسینێکی فەرمی دەبێت، بەڵام ئێستا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو لاوازی دەڕوات، بۆیە ئەو یەکترناسینە ببێت یان نەبێت وەک یەکە".

بەپێچەوانەی نیگارەوە هەندێک لەگەنجان شەکراوخواردنەوە بەپێویست دەزانن، حسێن نامیق ٣٢ ساڵ، وتی "لەکاتی هاوسەرگیریدا هەندێک نەریت هەیە ناکرێت پشتگوێبخرێت، چونکە یەکێکە لەپێداویستییە سەرەکییەکانی ئەو پرۆسەیە".

حسێن وتی "شەکراوخواردنەوە یەکتر ناسینێکی فەرمییەو جوانترە ئەنجامبدرێت، چونکە دوو خانەوادەی جیاواز یەکتردەناسن".

ئەو نەریتە کەمتر لەشارەکانی تری کوردستان بەپێچەوانەی سلێمانییەوە ئەنجامدەدرێت.

خاوەن هۆڵەکانی ئاهەنگگێڕانو شەکراوخواردنەوە ئاماژە بەکەمبوونەوەی ئاهەنگی شەکراوخواردنەوەو بووک گواستنەوە دەکەن.

ئاسۆ عوسمان لێپرسراوی کارگێڕی هۆڵی ئاهەنگی ئەکواپارک لەشاری سلێمانی بۆ دەستوور وتی "ماوەی ٦ ساڵە لەبەشی کارگێڕی زۆرێک لەهۆڵەکانی شاری سلێمانی کارم کردووە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت کەمبوونەوەی شەکراوخواردنەوەو ئاهەنگگێڕانی گواستنەوەیە لەمساڵدا".

ئاسۆ وتی "پەیوەندی بەباری ماددی ئەو کەسانەوە هەیە کەهاوسەرگیری ئەنجامدەدەن".

محەمەد مەجید توێژەری کۆمەڵایەتی پێیوایە بەهێزی نەریتەکۆمەڵایەتییەکان لەرابردوودا هۆکاری مانەوەی ئەو جۆرە ئاهەنگانەبووە، بەڵام ئێستا لەگەڵ کرانەوەی کۆمەڵگەدا ئەو نەریتەش وردەوردە نامێنێت.

ئەو توێژەرە، وتی "کۆمەڵگەو نەریتی ناوچەکان پاڵنەربوو بۆئەوەی لەکاتی پرۆسەی هاوسەرگیریدا شەکراوخواردنەوە ئەنجامبدرێت".

# "سۆزانیی وەرناگرین"

## بەرپرسی ماڵی داڵدەی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراوی هەولێر بۆ دەستوور

شەوبۆ فەرید لەهەولێر

بەهار رەفیق بەرپرسی ماڵی داڵدەی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو دەڵێت تەنیا ئەو ئافرەتانە وەردەگرن کەهەڵەیان بەرانبەر کراوە، هیچ کات ئەو ئافرەتانە وەرناگرن کەخۆیان هەڵە قبوڵ دەکەن.

بەهار لەبارەی ئەو دوو کەیسەی کەدوای دەرکردنیان لای ئەوان کوژراون، وتی «ئەو پۆلیسەی کەنووسراوی دادوەری هێناو حاڵەتەکەی برد، نەیووت رادەستی کەسوکاریانی دەکەینەوە».

**دەستوور:** ئێستا چەند حاڵەت لەسەنتەرەکەتاندا هەیە؟

**بەهار رەفیق:** لەئێستادا ٢٦ حاڵەتی ئافرەتمان لایە کەتوندوتیژییان بەرانبەر کراوە لەگەڵ ٦ منداڵ.

**دەستوور:** چۆن چارەسەری کێشەکانیان دەکەن؟

**بەهار رەفیق:** ستافێکی تایبەتمان هەیە کەلێرەدا کاردەکەن، لەبنکەی پۆلیسەکان یان لەتوندوتیژییەوە یاخود لەسەر بڕیاری حاکم یاخود ئەو ئافرەتانەی کە لەبەندیخانە ئازاددەکرێن، بەهۆی دابونەریتی کۆمەڵایەتییەوە لەبەرئەوەی تاوانبار بووەو لەزینداندا بووە لەخێزانەکانیاندا وەرناگیرێنەوە، ئێمە هەوڵدەدەین پەیوەندی لەگەڵ کەسوکاریاندا بکەین لەرێگەی توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانمانەوە کەسێ توێژەرمان هەیەو لەگەڵ توێژەرێکی دەروونیدا کاردەکەین لەسەنتەر، لەگەڵ ئەو کەسانە دادەنیشینو فۆرمی بۆ پڕدەکەینەوە، بزانیین هۆکاری کێشەکەی چیبووەو متمانەی بەکێ هەیە لەخێزانەکەیدا ناونیشانی وەردەگرین، ناو و ژمارەی تەلەفۆنو هەروەها هەوڵدەدەین بزانین کێیە ئەو کەسەی لەخێزانەکەیدا کەلێی دەترسێتو هەڕەشەی کوشتنی لێدەکات، ناونیشانی ئەو کەسەش وەردەگرینو داوایان لێدەکەین بۆئەوەی سەردانمان بکات تا بزانین ئەو کەسەی هەڕەشەی لێدەکات بۆ هەڕەشەی لێدەکات، هەروەها ئەو کەسەی کەمتمانەی پێیەتی بزانین شایانی ئەو متمانەیەیە، ئایا هێندەی ئەوەیە کەئێمە بتوانین ئەو کەسە بنێرینەوە لای کاتێک کێشەکەی چارەسەردەبێت، ئەگەر پێویستی بەپارێزەر کرد، ئێمە لەگەڵ رێکخراوی heart land رێککەوتنێکمان هەیە کەپارێزەرەکانیان بەخۆبەخشی کارمان بۆ دەکەنو کەیسەکان لەناو دادگاکاندا چارەسەردەکەن.



ئەو دوو کەیسەی دوای دەرچوونیان لەسەنتەر کوژراون، هیچ کامیان بەبڕیاری ئێمەو پەنجەمۆرو بەڵگەنامەی ئێمە لەسەنتەر نەچوونەتەدەرەوەو هەردووکیان بەبڕیاری دادوەر دراونەتەوە بەکەسوکاریان

**دەستوور:** زۆرجار کەیس هەبووە لای ئێوە، کەیس چارەسەری بۆ کراوە، بەڵام کەچووەتەدەرەوە کوژراوە، هۆکاری ئەمە چییە؟

**بەهار رەفیق:** من پێتدەڵێم خۆشبەختانە لەمانگی ١٠ی ٢٠١٠ەوە کە کەیس لەپۆلیس وەرگیراوە نزیکەی ٢٠٠ کەیس بوون ١٩٨ کەیس لەسەنتەرەکەی ئێمە وەرگیراون تائێستا ٢ کەیسمان بەداخەوە دوای دەرچوونمان لەسەنتەر کوژراون هیچ کامیان بەبڕیاری ئێمەو پەنجەمۆرو بەڵگەنامەی ئێمە لەسەنتەر نەچوونەتەدەرەوەو هەردووکیان بەبڕیاری دادوەر دراونەتەوە بەکەسوکاریان، ئێمە لەهەمان رۆژدا یاداشتی خۆمان نوسیووەو وتومانە ئەو بڕیارە هەڵەیە، چونکە لەگەڵ کەسوکاری ئەو حاڵەتانە دانیشتووینو مەترسییان لەسەرە، بەڵام بەداخەوە رەچاونەکراوە، یەکێک لەو حاڵەتانە دوای دەرچوونی لەسەنتەر دوای ٥ سەعات کوژرا، تەنانەت من بۆخۆم پەیوەندیم بەبنکەی توندوتیژیو پۆلیسو باوکی حاڵەتەکەشەوە کرد کەحاڵەتەکە بگەڕێتەوە، چونکە دڵنیابووم کەمەترسی لەسەرە، ئەو پۆلیسەی کەنووسراوی دادوەری هێناو حاڵەتەکەی برد، نەیوت رادەستی کەسوکاری دەکەینەوە، وتی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکەین، دواتر داوام لەبنکەی پۆلیس کرد کەکچەکەتان بۆ نەهێنایەوە، نووسراوێکیان بۆ هێنام وتیان ئەوە تەسلیمکراوەتەوە، تەنانەت داواملێکردن ئەو حاڵەتە بهێننەوە لەهەر شوێنێک بێت، بەڵام بەداخەوە.

**دەستوور:** زۆر لەشێڵتەرەکان حاڵەتی لەشفرۆشی وەرناگرن، ئێوە ئەو جۆرە حاڵەتانە وەردەگرن؟

**بەهار رەفیق:** ئێمە چەندە بتوانین رێگرین لەوەی لەشفرۆش وەربگرین، ئەو ئافرەتانە وەردەگرین کەهەڵەیان بەرانبەر کراوە، کەتوندوتیژییان بەرانبەر کراوە، نەک ئەو ئافرەتانەی کەخۆیان هەڵە بەرانبەر جەستەی خۆیان دەکەن، ئێمە سۆزانی وەرناگرین ئەو کەسانە وەرناگرین کەخۆیان قبوڵیانە هەڵە بەرانبەریان بکرێت، ئێمە مافیان دەپارێزینو بەرگرییان لێدەکەین، لەبەرئەوە هیچ توێژەرێکو هیچ پارێزەرو هیچ کەسێک بەرگری لەهەڵە ناکات، ئەگەر بزانێت ئەو کەسە خۆی هەڵەیە، ئێمە تەنیا ئەو کەسانە وەردەگرین کەهەڵەیان بەرانبەر دەکرێتو توندوتیژییان بەرانبەر دەکرێت، چونکە هەر لەناوی سەنتەرەکەوە دیارە دەڵێت ماڵی داڵدەی ئافرەتی هەڕەشەلێکراو.

# لەماوەی دە مانگدا لەچەمچەماڵ ١٧ کەس بەفیشەک کوژراون



سەنگەر چەمچەماڵی

بەپێی ئاماری دە مانگی رابردوو لەقەزای چەمچەماڵ کە دەست دەستوور کەوتووە، نزیکەی ٤٧٥ رووداوی هاتوچۆو تەقەکردنو خۆکوشتن بەفیشەکو تەقەکردنو توندوتیژی دژی ژنان تۆمارکراون. ١٧ کەسیش بەفیشەک کوژراوە.

بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەسەنتەری (J-C-C) چەمچەماڵ لەبەرواری ١-١-٢٠١٠تامانگی ١٠-١-٢٠١٠ دەست دەستوور کەوتووە. تەنیا لەو ماوەیەدا لەچەمچەماڵ ١٤٢ رووداوی هاتوچۆ هەبووە کەمردنو بریندارببوونیان لێکەوتووەتەوە.

هەروەها ٥٦ حاڵەتی تەقەلێکردنو بریندارببوونو کوشتن هەبووە، چوارکەسیش بەفیشەک خۆیان کوشتووە، ١٣ کەسیش بەفیشەک کوژراونو دوو حاڵەتی تەقەکردن لەماڵانو تەقەکردن لەئۆتۆمبێل تۆمارکراوە.

هەروەها ٣٨ حاڵەتی شەڕکردن هەبووە، سووتانی ژنانو توندوتیژی دژ بەژنانو بەزۆر بەشوودانو خۆژەهراویکردن (١٤)حاڵەت بووە.

# قەرەهەنجیر سەنتەری گەنجانی دەوێت

نێرگز قادر

گەنجانو لاوانی ناحیەی قەرەهەنجیر، نیگەرانن لەداخستنی سەنتەری گەنجانی شارەکەیانو ئاماژە بەوەدەکەن چەندان جار داوایانکردووە ئەو سەنتەرەیان بۆ بکرێتەوە کەپێنج ساڵ لەمەوبەر داخراوە.

سەنتەری گەنجانی قەرەهەنجیر لەساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی کەرکوکەوە دروستکراوە، کەسەر بەمەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتییە، بەڵام بۆماوەی چەند مانگێک چالاکی هەبووە دواتر داخراوە.

گەنجانی قەرەهەنجیر خوازیارن بەزووترین کات دەرگای ئەو سەنتەرەیان بەروودا بکرێتەوە، چونکە هیچ شوێنێک نییە تواناکانیانی تێدا پەرەپێبدەن.

دونیا محەمەد ٢٠ساڵ، گەنجێکی ناحیەی قەرەهەنجیر دەڵێت لەناحیەکەیان هیچ شوێنێک نییە رووی تێبکەن، ناچار کچان هەر لەماڵەوە رۆژئاوا دەکەنو کوڕانیش لەکوچەو کۆڵانەکاندا.

دونیا وتی "ئەو سەنتەرە کراوەتەوە، بەڵام هیچ چالاکییەکی تێدا ئەنجام نادرێت، چەندان جار داوامانکردووە کێشەی ئەم سەنتەرە چارەسەربکەن، بەڵام بەداخەوە کەس خۆی بەخاوەنی کێشەکە نازانێت".

فاتمە کەریم ٢٠ساڵ خوێندکارە، وتی "چەندان جار داوامان لەناوەندی رێکخراوە دیموکراتییەکان کردووە بۆمان چارەسەربکەن، بەڵام بەداخەوە کەسێک نییە وەڵاممانبداتەوە، ئەم سەنتەرە گەورەیە چالاکی تێدا ئەنجامنادرێت".

رزگاری حاجی حەمە، بەرپرسی لقی کەرکوکی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی، گلەیی لەگەنجانی ناحییەکە دەکات بەهۆی کەم تواناییو لاوازییانەوە نەیانتوانیوە بەرێوەی ببەن.

رزگار وتی "ئێمە ئەم سەنتەرەمان دانەخستووە، بەڵام گەنجانی ناحیەی قەرەهەنجیر خۆیان توانای کارکردنیان زۆر لاوازە، بۆیە نەمانتوانیوە ستافێک دەستنیشانبکەین تا بە بەردەوامی چالاکی ئەنجامبدەین".

12 پەروەردە | "بۆ بەرەی کوردستانی، پێویستە حیزبی دیموکرات بەبێ بیانوو قۆڵی لێهەڵبکات"



14

# واسیتەو حیزب بەرۆکی بەشەناوخۆییەکانی هەولێر بەرنادەن

## قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین دەڵێن «ژوورە راقییەکان» دەدرێت بەقوتابییە حیزبییەکان، کە بەپێی بڕیار نابێت بەشەناوخۆیان پێبدرێت

عەلی بانیشاری لەهەولێر

قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین رەخنە لەراگرایەتی کاروباری خوێندکاران دەگرن کە لەسەر بنەمای حیزبی بوونو دۆستایەتی بەشەناوخۆییەکان دابەشدەکات. ئاماژە بەوە دەدەن چەندان کەس کەمافی وەرگرتنی بەشەناوخۆییان نییە، لەباشترین بینا ژووریان وەرگرتووە.
بەپێی وتەی قوتابیان هەفتەی رابردوو لەدابەشکردنی بەشەناوخۆییەکانی زانکۆی سەلاحەدیندا، چەندان قوتابی ئێوارانی زانکۆی سەلاحەدین یان دانیشتووی ناوشاری هەولێر بەشە ناوخۆییان وەرگرتووە، بەو هۆیەشەوە قوتابیانی دەرەوەی شار بەشەناوخۆییە دوورو کۆنەکانیان پێدراوە.
بەپێی بڕیارو رێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا تەنیا خوێندکارانی دەرەوەی شاری کۆلێژەکانی بەیانیان مافی وەرگرتنی بەشەناوخۆییان هەیە. بەڵام خوێندکاران دەڵێن پەیوەندییە حیزبیو شەخسییەکان ئەو بڕیارانەی پێشێلکردووە.
دانا عەبدولڕەحمان قوتابی بەشەناوخۆیی، دەڵێت ئەمساڵیش وەک ساڵانی تر نادادپەروەری هەبوو لەدابەشکردنی بەشەناوخۆییەکاندا، وتی "ئەوەی واسیتەی هەبوو بەشەناوخۆییەکی باشیان بۆ دابینکرد، بەڵام ئەوانەی کەسیان نەدەناسی، بەشەناوخۆییەکیان پێدرا کەهیچ کەسێک پێی رازی نەدەبوو".
دانا لەهەڵەبجەی شەهیدەوە هاتووە بۆ هەولێر، دەڵێت سەرەتا بەشەناوخۆییە باشەکان دابەش ناکرێت، وتی "بەڵام لەژێرەوە قوتابییە حیزبییەکانو نزیک لەخۆیانی بۆ دەنێرن، کاتێک دەزانی لەو بەشەناوخۆییانە شوێنی یەک قوتابی تر نابێتەوە".
بەپێی زانیارییەکانی دەستوور ئەو کارانە لەسەر داوای سەرپەرشتیارانی بەشەناوخۆییەکان نەبووە، بەڵکو بەسەریاندا سەپێنراوە.
بەڵام فەرهاد عەلی بەرپرسی بەشەناوخۆییەکانی کوڕانی زانکۆی سەلاحەدین، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئەو قسانە راست نییەو شتی وا نابێت".
سەرەتای هەموو وەرزێکی نوێی خوێندن بەهەمان شێوەی ئەم ساڵ، کێشەی بەشەناوخۆییەکان لەهەولێر سەرهەڵدەدات، قوتابیان دەڵێن کێشەکە بەهۆی ئەوەوەیە هیچ پێوەرو بنەمایەک نییە بۆ دابەشکردنی بەشەناوخۆییەکان، دابەشکردنەکە نە لەسەر بنەمای کۆلێژە نە لەسەر بنەمای قۆناغەکانی خوێندن.
فەیسەڵ باقی قوتابی کۆلێژی کشتوکاڵ لەزانکۆی سەلاحەدین، دەڵێت لەهەولێر کەس بوێی نییە بەیەکێتی قوتابیانو ئەوانەی لەپارتی نزیکن بڵێت بەشەناوخۆیی وەرمەگرە، وتی "تەنانەت ئەگەر قوتابی زانکۆی ئەهلیش بێت، یان کۆلێژی ئێواران یان دانیشتووی هەولێر، ئەو دەچێت لەسەر میلاکی زانکۆی حکومی بەشە ناوخۆیی وەردەگرێت".
فەیسەڵ ئاماژە بەوە دەدات کەکێشەکە تەنیا بەوەوە نەوەستاوە کەقوتابیانی ئێواران یان دانیشتووی ناوشار بەشەناوخۆیی وەربگرن، بەڵکو ئەوانەی حیزبیو باڵادەستن ژوورێکی "راقیان" بۆخۆیان گرتووەو کەس ناتوانێت بچێت بەلایاندا، وتی "هەندێک جاریش ئەو کەسانە دەڵێن، دەبێت بەشە ناوخۆییەکەمان نزیک زانکۆ بێت".
کۆڤان عیسا بەرپرسی لقی زانکۆو پەیمانگاکانی هەولێری یەکێتی قوتابیان، لێدوانێکیدا بۆ دەستوور دەڵێت ئەو قسانەی لەبارەی یەکێتی قوتابیان دەکرێت ئەسڵ و ئەساسی نییە، وتی "ئەوانەی وادەڵێن بابێن بۆ لقی هەولێری یەکێتی قوتابیان بزانن ئەو قسانە وایە یان نا".
کۆڤان دەڵێت ئەگەر کارێکی واکرابێت، ئەوا یەکێتی قوتابیانی لێ بەرپرسیار نییە، بەڵکو هەموو ئەو کارانە دەگەڕێتەوە بۆ واسیتەی شەخسی نەک بوترێت یەکێتی قوتابیان دەستی بەسەر بەشەناوخۆییەکاندا گرتووە.
بەڵام تەنانەت ئەوانەی بەهۆی یەکێتی قوتابیانەوە بەشەناوخۆییان وەرگرتووە، سڵ لەوە ناکەنەوە، کەبۆ رۆژنامەکانیش بدوێن، ئەوان دان بەوەدا دەنێن کە بەهۆی پەیوەندییە حیزبییەکانیانەوە سوودمەند بوون لەوەرگرتنی بەشەناوخۆیی.
قوتابییەکی کۆلێژی زمان کەئێوان دەخوێنێت، لەهەمانکاتیشدا دانیشتووی شاری هەولێر، نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێت دابەشکردنی بەشەناوخۆیی بەسەر قوتابیانی ئێواراندا لەهەولێر شتێکی نوێ نییە، وتی "لەڕابردوودا ئەو حاڵەتانە هەرهەبووە، بەڵام ئەوەی ئێستا هەیە ئەگەر بەراوردی بکەیت لەگەڵ رابردوودا ئەوە زۆر کەمترە".



# پشت لەقوتابخانە رووخاو و سووتاوەکان دەکرێت

فەرمان چۆمانی لەرانیە

زۆرینەی ئەو قوتابخانانەی لەسنوورەکانی رانیەو بتوێندا بەشێوەی فایبەرگلاس بەهۆی زیادبوونی رێژەی خوێندکارانەوە لەنهۆمی دووەمی قوتابخانەکاندا دروستکرابوون، رووبەڕووی سووتانو رووخان بوونەتەوە، بەڵام وەزارەتی پەروەردە سەرەڕای زیادبوونی رێژەی خوێندکاران پشتی تێکردوونو چاکنەکراونەتەوە.
لەوەرزی خوێندنی ساڵی ٢٠٠٩دا زۆرینەی ئەو قوتابخانانە، لەڕووداوێکی نادیاردا لەشارۆچکەکانی سەنگەسەرو حاجیاوا رانیە سووتاون، ئێستاش هۆڵی بینای قوتابخانەی رەوەندی بنەڕەتی لەشاری رانیە دارماوە. هیچیان چاکنەکراونەتەوە.
حەکیم مستەفا بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناودەشتی نموونەیی لەشارۆچکەی سەنگەسەر کەبینای قوتابخانەکەیان لەمانگی چواری ٢٠٠٩دا سووتا، بەدەستووری وت"سووتانی بینای قوتابخانەکەمان کاریگەری هەبوو لەسەر پرۆسەی خوێندن، چونکە لەبینای خۆماندا رۆژانە لە ٨ی بەیانی تا ١٢:٣٠ دەوامامان دەکرد".
قوتابخانەی ناودەشت پرۆژەیەکی هاوبەشی رێکخراوی کۆمەکو فەرهەنگخانەی سەنگەسەرو وەزارەتی پەروەردەیەو ئێستا لەبینای باخچەی ساوایانی خونچە دەوامدەکەنو شوێنەکەیان وەک پێویست گونجاو نییە.
حەکیم وتی"ئێستا لەبینای باخچەی ساوایاندا دەوامدەکەین، کەئەو بینایەش تایبەتە بەباخچەو بۆ قوتابخانە گونجاو نییە".
لەئێستادا هیچ پلانێک نییە بۆ چاککردنەوە یان دروستکرنەوەی بینای ئەو قوتابخانانە، لەکاتێکدا گەورەترین کێشە لەجۆری زۆری خوێندکارانو کەمیی بینای خوێندن رووبەڕووی قوتابیان بووەتەوە.
ئیبراهیم حەویز بەڕێوەبەری پەروەردەی رانیە بەدەستووری وت "کەرەڤانەکەی قوتابخانەی هەوارەبەرزە، بەنۆ ملیۆنو پێنج سەد هەزار دینارەو سەقفی هۆڵەکەش دە ملیۆن دیناری دەوێت".
بەپێی لێدوانی بەڕێوەبەری پەروەردەکانی رانیەو قەڵادزێ، لەبری ئەو قوتابخانە سووتاوانە دوو قوتابخانەی تر لەشارۆچکەکانی سەنگەسەرو حاجیاوا دروستکراونو زۆریان نەماوە تەواوبن، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی دەستوور ئەو بینایانە بۆ ئەو قوتابخانانە نابن کەسووتاون.
عەلی محەمەد عەلی بەڕێوەبەری پەروەردەی قەڵادزێ، دەڵێت هەر لەدوای سووتانی قوتابخانەکە پەیوەندی کردووە بەئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتی پەروەردەوە، ئەوانیش لەگەڵ عیماد ئەحمەد جێگری ئەوکاتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان قسەیانکردووەو رەزامەندبووە بەدروستکردنی بینایەکی ١٨ پۆلی بۆ شارۆچکەی سەنگەسەرو ئێستا لەبواری جێبەجێکردندایە.

# لەگوندەکانی قەڵادزێ ژمارەی مامۆستا لەقوتابی زیاترە

فەرمان چۆمانی

لەهەندێک لەقوتابخانەی گوندەکانی سنووری پەروەردەی قەڵادزێ ژمارەی مامۆستاکان لەژمارەی قوتابیان زیاترە، پەروەردەی قەڵادزێش هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەدات.
قوتابخانەی ئەبوبەکری بنەڕەتی، شەش مامۆستای هەیە لەکاتێکدا بەتەنیا سێ قوتابی لەو قوتابخانەیە دەخوێنن. مامۆستایەک لەقوتابخانەی ئەبوبەکری بنەڕەتی، بەدەستووری وت "قوتابخانەکە ساڵی رابردوو تا پۆلی شەشی بنەڕەتی تێدابوو، بەڵام نەبوونی بینای پێویست بۆ پۆلی حەوتو چۆڵبوونی گوندەکان بەهۆی تۆپبارانەکانەوە سێ قوتابی ماونەتەوەو شەش مامۆستاشمان هەیە، کەچوارمان تەنسیب دەکرێین"
عەلی محەمەد عەلی بەڕێوەبەری پەروەردەی قەڵادزێ بە دەستووری راگەیاند ئەو گرفتە لە قوتابخانەیەک و دوو قوتابخانەدا نییە، بەڵکو لەزۆربەی لادێکاندا هەیە.
وتی"دوای ئەوەی هەموو مامۆستا تازە دامەزرێنراوەکان دەست بەدەوام دەکەن، ئەو کێشەیە نامێنێتەوەو مامۆستا کۆنەکان دەهێنینەوە بۆ قوتابخانەکان لەناحیەکانو سەنتەری قەزا، یا گوندێکی تۆزێک نزیکترو تەنیا بەپێی پێویست مامۆستا لەو شوێنانە دەهێڵینەوە".
زۆربوونی ژمارەی مامۆستای ئەو خوێندنگایانەی سنووری پەروەردەی قەڵادزییە لەکاتێکدایە چەند قوتابخانەیەکی گوندەکان بەهۆی کەمیو نەبوونی مامۆستاوە داخراوە.
هەفتەکانی رابردووش دەستوور هەواڵی ئەوەی بڵاوکردەوە لەگوندی دەرماناوی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە، پۆلێک لەخوێندنگەکەدا بەهۆی نەبوونی مامۆستاوە داخراوە، کە ١١ خوێندکاریان هەبووە.



# نەبوونی قوتابی، دوو قوتابخانە دادەخات

مەعاز فەرحان

بەهۆی چۆڵبوونی گوندەکانەوە دوو قوتابخانە لەدوو گوندی هەورامان بەهۆی نەبوونی قوتابییەوە دادەخرێن، مامۆستاکانی دوو قوتابخانەکەش بەسەر قوتابخانەکانی ناحیەی خورماڵو بیارەدا دابەشدەکرێن.
قوتابخانەی بنەڕەتی گوندی یاڵانپێی سەر بەناحیەی خورماڵو قوتابخانەی بنەڕەتی گوندی نارنجڵەی سەر بەناحیەی بیارە بەهۆی نەبوونی قوتابی تیایاندا بۆ ئەمساڵ داخران.
مامۆستا هۆشیار مامۆستای قوتابخانەی بنەڕەتی گوندی یاڵانپێ، بەدەستووری وت «سێ قوتابیمان هەبوو بەهۆی ئەوەی ماڵیان لەگوندەکەدا نەماوە ئێستا هیچ خوێندکارمان نییەو بڕیارە قوتابخانەکەمان دابخرێت».
هەروەها وتی «چوار مامۆستاین بڕیارە بەشێوەی تەنسیب بەسەر قوتابخانەکانی خورماڵدا دابەشمان بکەن، هەرکاتێک گوندەکە خوێندکاری بۆ گەڕایەوە، ئێمەش دەچینەوە».
هۆشمەن فارس بەڕێوەبەری قوتابخانەی نارنجڵە، وتی «تائێستا قوتابخانەکەی ئێمە دانەخراوە، بەڵام رەنگە دابخرێت، چونکە ٢ قوتابیمان هەیە لەگەڵ ٥ مامۆستا، ئەگەر داشنەخرێت رەنگە ژمارەی مامۆستاکانمان کەمبکرێنەوە».



# نەبوونی بەڕێوەبەرێکی حیزبی، کردنەوەی خوێندنگەیەک رادەگرێت

کامەران کەریم

دوای تێپەڕبوونی مانگێک بەسەرکردنەوەی دەوامی خوێندندا لەهەڵەبجەی تازە، تائێستا خوێندنگەیەکی ١٨ پۆلی نەکراوەتەوە. بەرپرسانی ناوچەکەش نەکردنەوەی ئەو خوێندنگەیە بۆ نەبوونی بەڕێوەبەرێکی حیزبی دەگێڕنەوە.
بەپێی زانیارییەکانی دەستوور نەکردنەوەی خوێندنگەی شەهیدانی نموونەیی لەقەزای شارەزوور کەهەموو کارەکانی تەواوبووە، بۆ نەبوونی بەڕێوەبەرێکی حیزبی دەگەڕێننەوە.
سیروان مەجید مامۆستایە لەهەڵەبجە، وتی «لەم قەزایەدا گرفتی کەمیی بینای خوێندنگەمان هەیە، کەچی وا نزیکەی مانگێک بەسەرکردنەوەی خوێندندا تێدەپەڕێت، هێشتا ئەو خوێندنگەیە نەکراوەتەوە».
هەروەها وتی «هۆکاری نەکردنەوەی ئەم قوتابخانەیە بەهۆی ئەوەوەیە کەگوایا کەسێکی شیاویان بۆ بەڕێوەبەریی دەستناکەوێت».
دواناوەندی شەهیدانی نموونەیی لەسەر بودجەی وەزارەتی پەروەردە بەبڕی یەک ملیار دینار لەهەڵەبجەی تازە دروستکراوە، بۆ پۆلەکانی حەوت تا نۆ لە١٨ پۆل پێکهاتووە.
شەهلا ماجد، مامۆستایەکی ترە لەهەڵەبجەی تازە، وتی «بەرپرسان ئەوەندەی بەلایانەوە گرنگە کێ بکرێتە بەڕێوەبەر، ئەوەندە بەلایانەوە گرنگ نییە خوێندنگەکە بکەنەوە».
سۆران عەلی قایمقامی شارەزوور، وتی «کردنەوەی ئەو خوێندنگەیە کێشەی زۆری خوێندکار چارەسەردەکات، ئێستا پێویستی بەوەیە مامۆستای بۆ بگوازیتەوەو بەڕێوەبەری بۆ دابنرێ».



# لەخوێندنگە کوردییەکانیش پرۆگرامی عەرەبی دەخوێنرێت

زانیار داقوقی

بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیو وەزارەتی پەروەردەی عێراقو هەرێمی کوردستان، لەو ٤٥٠ قوتابخانانەی کەرکوک کەخوێندن تیایاندا بەزمانی کوردییە، لەمەودوا پرۆگرامی خوێندن بەزمانی عەرەبیش دەخوێنرێتو خوێندکارە کوردەکانی کەرکوک لەپاڵ زمانی کوردیدا عەرەبی دەخوێنن.
عومەر نەجمەدین ئینجە، جێگری سەرۆکی زانکۆی کەرکوک بۆ کاروباری خوێندکاران بەدەستووری راگەیاند، لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیو وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی عیراقیو هەرێمی کوردستان لیژنەیەکمان پێکهێنا بۆئەوەی لەشاری کەرکوک خوێندکارانی کوردی فێری زمانی عەرەبی بکرێن.
عومەر ئینجە، وتی "دەبێت لەو ٤٥٠ قوتابخانە کوردیانە لەقۆناغەکانی سەرەتاییەوە تا ناوەندیو ئامادەیی، زمانی عەرەبی بچیتەپاڵ زمانی کوردی، بۆئەوەی خوێندکارانی کورد فێری زمانی عەرەبی بکرێن، هەروەها رێزمانی کوردی بەشێوەیەکی فەرمی لەسەرجەم قۆناغەکان بخوێنرێت ئەوەش لەسەر فەرمانی هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵاو پەروەردەیە".
ئینجە ئەوەشی وت "ماوەی ٧ساڵە دەرچووانی زمانی کوردی بەهۆی ئەوەی زمانی عەرەبی نازانن لەزانکۆکانی عیراقدا کێشەوگرفتیان بۆ دروستبووە".
عومەر ئاماژەی بەوەشدا، ئەگەر خوێندکارە کوردەکانی کەرکوک زمانی عەرەبی نەزانن، لەفەرمانگەکانی عێراق لەدامەزراندن بێ بەشدەکرێن، جگە لەوە بۆ خوێندنی باڵا ناچنە دەرەوە، چونکە ئەو خوێندکارانەی دەچنە وڵاتانی دراوسێ بۆ خوێندن، دەبێت زمانی عەرەبی بزانن.



# کورد بەرەو مالیکی دەڕوات

## لیستی عێراقییە ئاشکرایکرد کەئەمریکا سێ مەرج بەسەر عێراقییەکاندا دەسەپێنێت



پشتگیری مالیکی زیاتردەبێت

هێمن عەلی

پرسی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق تائێستا یەکلانەبووەتەوەو شاندی کوردی لەچاوەڕوانی وەڵامی جدی لایەنەکانن سەبارەت بەگەڵاڵە ١٩ خاڵییەکەیان، حکومەتی ئەمریکاش هێڵی سووری بۆ لایەنە عێراقییەکان داناوە، هەریەکە لەتورکیاو ئێرانو سوریاش لەنزیکەوە چاودێری رەوشەکە دەکەنو مەترسییان لەدروستبوونی بۆشایی سیاسی لەعێراق هەیە.

### سیناریۆی جۆراوجۆر

هەر لەدوای بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنی حەوتی ئازاری رابردوو کەزیاتر لەحەوت مانگ پێش ئێستا دەکات، هەرچەندە تا ئێستا لیستو لایەنە سیاسییەکان نەیانتوانیوە بگەنە رێککەوتنێک لەبارەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقەوە، بەڵام هەر لایەنێک سیناریۆیەکی هەیە.

بەگوێرەی دوا گۆڕانکارییەکان لەئێستادا دوو بەرە دروستبوونو دەنگی کورد ئێستا یەکلاکەرەوەیە، کورد بەخۆیو وەرەقە ١٩ خاڵییەکەیەوە دەتوانێت تای تەرازووی نێوان عەلاویو مالیکی بە لایەکدا بخات، کۆتایی بەکێشەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو بهێنێت.

بەو پێیەی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی کەعەممار حەکیم سەرۆکایەتی دەکات بەکاندیکردنەوەی مالیکی رازی نییەو پاڵیداوەتە پاڵ لیستی عێراقییە، زانیاری ئەوتۆ لەبەردەستن کەئەلعێراقییەو ئەنجومەنی باڵا رێککەوتوون بۆ دابەشکردنی سەرۆکایەتی کۆمارو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەناو خۆیانداو ئەو دوو لایەنە بیر لەوەشدەکەنەوە هاوپەیمانیەتییەکەیان فراوانتر بکەن.

رۆژنامەی شەرقئەوسەت، لەسەر زاری سەرچاوەیەکی ئاگادار رایگەیاندووە، لیستی ئەلعێراقیەو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیو هاوپەیمانی وەسەت کەبەم دواییانە لەژمارەیەک نوێنەرانی لیستەکانی دیکەو نوێنەرە سەربەخۆکان پێکهات، یەکیان گرتووە، کار بۆپێکهێنانی هاوپەیمانیەتییەکی گەورەدەکەن.

بەو پێیە ئێستا هاوپەیمانیەکەی ئەلعێراقیەو ئەنجومەنی باڵا ١٣٠ کورسیان هەیە، لەکاتێکدا هاوپەیمانی نێوان مالیکیو سەدر خاوەنی ١٢٩ کورسینو بەمەش عێراقییە دەتوانێت بانگەشەی پێکهێنانی حکومەت بکات بەگوێرەی ئەو تەفسیرەی دادگای ئیتحادی بۆماددەی ٧٦ی دەستووری عێراقی کردووە، تێیدا دەڵێت مەبەست لەگەورەترین کوتلە ئەو کوتلەیەیە کە لەپەرلەمان زۆرترین کورسی هەبێت.

سەرچاوەکە ئەوەشی خستەڕوو کەهەردوولا رێککەوتوون، سەرۆکایەتی کۆمار بدرێتە ئەیاد عەلاویو سەرۆکی لیستی ئەلعێراقییەو سەرۆکایەتی وەزیرانیش بدرێتە عادل عەبدولمەهدی کەئێستا جێگری سەرۆک کۆمارەو پاڵێوراوی لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی بوو بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە.

بەڵام گرفتی گەورەی نێوانیان کوردە، چونکە ئیئتیلافی کوردستانی داوای سەرۆکایەتی کۆمار دەکاتو تاڵەبانیان بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە دەستنیشانکردووە، کورد پێداگری لەسەر ئەوە دەکات بۆ ئەم خولە ئەو پۆستە وەربگرێتەوەو بۆ خولی داهاتوو بخرێتە وتوێژەوە.

لەلایەکی دیکەوە، تا ئێستا لیستی ئەلعێراقییە لەناو خۆیاندا رێکنەکەوتوون لەسەر بیرۆکەی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار.

لەمبارەیەوە شاکر کتاب ئەندامی لیستی ئەلعێراقییەو وتەبێژی بزووتنەوەی نوێبوونەوە، رایگەیاند "تا ئێستا رێکنەکەوتووین لەسەر ئەوەی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار وەربگرینو لیستی ئەلعێراقییە بەمەرجێک سازش بۆ وەرنەگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران دەکات کە لە٥٠٪ی بڕیارو دەسەڵاتی حکومەت بدرێتە دەست لیستی ئەلعێراقییە.

ئەمە لەکاتێکیشدایە کەپێشتر ئەلعێراقییە هەمیشە دووپاتیدەکردەوە، بەهیچ شێوەیەک دەستبەرداری سەرۆکایەتی وەزیران نابێتو تانانەت چەندان جاریش هەڕەشەی کشانەوەی لەپرۆسەی سیاسی کردووە ئەگەر ئەو پۆستەی نەدرێتێ.

### ئەمریکا مەرجی هەیە

لایەنە سیاسییەکانی عێراق چ لەئاستی ناوخۆو چ لەئاستی دەرەوە لەجموجۆڵی بەردەوامدان بۆئەوەی بگەنە چارەسەرێک بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی وڵات، تا ئێستا بەشێوەیەکی فەرمی ئەمریکا هیچ هەڵوێستێکی لەو بارەیەوە نەنواندووە، تەنیا ئەوەی دووپاتکردووەتەوە کەئەو بەئەندازەی چوونیەک لەدووری هەموو لایەنە عێراقییەکان وەستاوە، بەڵام ئەندامێکی لیستی عێراقییە ئەوەی ئاشکراکردووە کەئەمریکا مەرجی خۆی هەیەو ئەو مەرجانەشی بەلایەنە عێراقییەکان راگەیاندووە.

لەبارەی ئەو مەرجانەوە حەیدەر مولا وتەبێژی لیستی ئەلعێراقییە رایگەیاند، جوزیف بایدن سێ مەرجی داناوە کەدەبێت لەحکومەتی داهاتوودا بهێنرێنە دی.

ئەوانیش بریتیین لەوەی یەکەم نابێت حکومەتی داهاتوو بەئیرادەی ئێران پێکبهێنرێت، پێویستە رێگە نەدرێت رۆڵی سەدر لەو حکومەتەدا کارابێت، سێیەمیشیان ئەمریکا پشتیوانی لەرۆڵی عێراقییە لەو حکومەتەدا دەکات.

وتەبێژەکەی لیستی ئەلعێراقییە ئەوەشی وت: هەموو ئەندامانی لیستی ئەلعێراقییە لەسەر ئەوە کۆکن کە بەشداری حکومەتێک نەکەن نوری مالیکی سەرۆکایەتی بکات.

### عێراقییەش دوو بۆچوونی هەیە

لیستی عێراقییە کەخاوەنی ٩١ کورسییە لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو لیستێکی بەرەییو لەژمارەیەک رەوتی جیا جیا پێکهاتووە، هەر لەدوای دیارکردنی مالیکی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت لەلایەن شیعەکانەوە، رایگەیاند ئەوان بەشداری لەحکومەتێکدا ناکەن کەمالیکی سەرۆکایەتی بکاتو هەڕەشەی کشانەوەشیان لەپرۆسەی سیاسی عێراق کرد.

عێراقییە لەناو خۆیاندا دوو بۆچوون دروستبووە، بۆچوونیکیان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەناکرێت بایکۆتی پرۆسەی سیاسی وڵات بکرێت، چونکە بایکۆتکردن هیچ سوودو بەرژەوەندییەکی خەڵکی عێراقو دەنگدەرانی لیستەکەیانی تێدا نییە، هەندێکی دیکەشیان لەگەڵ ئەوەدان بەتەواوی پرۆسەکە بایکۆت بکرێت.

هەر لەو چوارچێوەیەدا بۆ جاری دووەم لەماوەی کەمتر لەیەک مانگدا سەرۆکی لیستی عێراقییە سەردانی میسری کردو لەگەڵ ئەمینداری کۆمکاری وڵاتانی عەرەب عەمر موساو حوسنی موبارەکی سەرۆکی ئەو وڵاتە بۆ تاوتوێکردنی رەوشی نوێی عێراق کۆبووەوە.

حەسەن سنێد ئەندامی لیستی دەوڵەتی یاسا رایگەیاند، لیستەکەیان هەوڵدەدات ئەلعێراقییە رازیبکات بەوەی بەشداربێت لەهاوپەیمانێتیەکەیانو هەردوو پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمانو ئەنجومەنی باڵای سیاسی وەربگرن.

وتی "دەوڵەتی یاسا بەدووری دەزانێت گفتوگۆ لەبارەی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیرانەوە بکات، چونکە ئەو دەسەڵاتانە دەستوورییین".

### کورد بەرەو مالیکی دەڕوات

هەرچەندە تا ئێستا کورد بەجدی دەستی بەوتوێژ لەگەڵ نوری مالیکیدا نەکردووە، بەڵام لێدوانی بەرپرسانی کورد لەو بارەیەوە ئەوەی دەرخستووە کەکورد پشتیوانی لەمالیکی دەکەن، ئەمە لەکاتێکدایە کەسەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی رایگەیاندبوو کورد ناچێتە ناو حکومەتێکەوە ئەگەر عێراقییەو هاوپەیمانی دێرینی حیزبە کوردییەکان، واتە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی تێدا نەبێت.

بەبڕوای شارەزایانی سیاسی پرسی سەرکەوتنی مالیکی بەستراوەتەوە بەهەڵوێستی کوردەوەو ئەگەر کورد پشتیوانی لەمالیکی بکات، ئەوا دەتوانێت بەئاسانی حکومەتی داهاتووی عێراق پێکبهێنێت، چونکە کورسییەکانی کورد لەپەرلەمان دەتوانێت ژمارەی پێویست بۆ کابینەکەی مالیکی لەپەرلەمان مسۆگەربکات.

شاندی کوردی لەبەغداد گەڵاڵەیەکی ١٩ خاڵی لەبەردەستەو لەسەر بنەمای ئەو گەڵاڵەیە ئامادەیە بچێتە وتوێژەوە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتیو رازی بوون بەکابینەی داهاتووی حکومەتی عێراق

### بارزانیو مالیکی

هەر لەو چوارچێوەیەدا سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان فوئاد حوسێن، رایگەیاند "لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەنێوان مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانو نوری مالیکی، سەرۆکی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسادا، باس لەرەوشی سیاسیی ئەمڕۆی وڵاتو پرۆسەی دانوستاندنەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان بەمەبەستی پێکهێنانی حکومەتی نوێ کرا".

فوئاد حسێن رایگەیاند هەردوولا بیروڕایان لەبارەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو گۆڕییەوەو تەئکیدیشیان لەسەر پێکهێنانی حکومەتێک کردەوە، کەسەرجەم لایەنەکانی عێراق لەخۆبگرێت.

هەروەها بارزانیو وەزیری دەرەوەی تورکیا لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا ئەو پرسەیان خستووەتە بەر باسو بەگوێرەی لێدوانی فوئاد حوسێن، لەو پەیوەندییەدا سەرەڕای باسکردنی رەوشی سیاسیی ئەمڕۆی عێراق، هەردوولا لەسەر ئەوە کۆکبوون کەدەبێت بڕیاری پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، بڕیارێکی عێراقی بێت.

## پرۆفایل

ئا: هیوای سەلیمی



### ئایەتووڵڵا سەید محەمەدی سەدر.. نوێژی هەینی لەعێراق بوژاندەوە

**موقتەدا سەدر کوڕی ئەو ئایەتووڵڵایەی کوشت کەپلەی ئایەتووڵڵای بەباوکی بەخشی**

ئایەتووڵڵا سەید محەمەدی سەدر رێکەوتی ٢٤ی ئازاری ١٩٤٣ لەبنەماڵەیەکی ئاینیی ناسراوی شیعە لەشاری نەجەف لەدایکبووە. ناوبراو کوڕی سەید محەمەدی سادقی سەدر کەسایەتی ئاینیی شیعە بووەو دایکیشی سەر بەبنەماڵەی ئایەتووڵڵا محەمەد رەزای ئالی یاسینە، چیرۆکی ناولێنانی ئایەتووڵڵا سەید محەمەدی سەدر بەو شێوەیە دەبێت کەدایکی دووگیان نابێتو بۆ دوعا بەرەو شاری مەککە رێدەکەوێت، لەرێگادا نەزردەکا کەئەگەر کوڕی بوو، ناوی بنێن محەمەدو لەسەر ئەو ئەساسە دواتر دایکی بەمنداڵەوە دووگیان دەبێتو لەدوای لەدایکبوونی ناوی دەنێ محەمەد.

رەچەڵەکی سەید محەمەدی سەدر بۆ سەید سەردئەدینی محەمەد دەگەڕێتەوە کە بەپێی بەڵگە ئاینییەکان خێزانی ئیمام موسا کازم ئیمامی حەوتەمی شیعەکان باپیرانی ئەوان بوون. لەکەسایەتییە ناسراوەکانی دیکەی ئەو بنەماڵەیە سەید سەدرئەدینی سەدر، ئیمام موسای سەدر، سەید محەمەد باقری سەدرو سەید عەبدولحوسێنی شەرف ئەدین بوون. سەید محەمەد باقری سەدر ئامۆزای سەید محەمەدی سەدر بووە.

سەید محەمەدی سەدر هەر لەمنداڵیدا نێردرایە قوتابخانە ئاینییەکانو لە ١١ ساڵیدا چووە حەوزەی نەجەفو لەلای کەسانێکی وەک سەید تالیبی رفاعی، سەید محەمەد تەقی حەکیمو زۆر مامۆستای ئاینیی دیکە قۆناغی ناوەندیی ئاینیی تەواوکرد.

لەدوای تەواوکردنی خوێندنی کۆلێژی فیقهی نەجەف بۆ جارێکیتر گەڕایەوە لای مامۆستا سوننەتییەکانی شیعەو ئەمجارەیان لەئاستێکی باڵاتردا دەستیدایە خوێندن لای کەسانێکی وەک سەید محەمەد باقری سەدر، سەید ئەبولقاسمی خویی، ئایەتووڵڵا خومەینی، سەید موحسینی حەکیمو چەندان مامۆستای ناسراوی دیکەی شیعە.

ئایەتووڵڵا سەید محەمەدی سەدر لەگەنجیەتیدا لەگەڵ ئامۆزاکەی ژیانی هاوسەری پێکدێنێتو دەبێتە خاوەنی دوو کچو چوار کوڕ کەسێ کوڕی دواتر دەبنە زاوای سەید محەمەد باقری سەدر. موستەفاو مۆمێل دوو کوڕی سەید محەمەد هاوڕێ لەگەڵ باوکیان لەلایەن حکومەتی بەعسەوە کوژرانو دوو کوڕەکەی دیکەی موقتەداو مورتەزا زیندوونو موقتەدا سەرۆکایەتی رەوتی سیاسیی چەکداری سەدر لەعێراقدا دەکات.

سەید محەمەدی سەدر لەساڵی ١٩٥٠و لە ٤٣ ساڵیدا لەسەردەستی سەید محەمەد باقری سەدرو سەید ئەبولقاسمی خویی بەپلەی ئیجتهاد گەیشت. بەزمی مێژوو لەوەدایە کەسەید محەمەدی سەدر لەسەردەستی سەید ئەبولقاسمی خویی بەپلەی ئیجتهاد گەیشتو کەچی لەساڵانی دواتر سەید عەبدولمەجیدی خویی کوڕی سەید ئەبولقاسمی خویی بەدەستی سەید موقتەدا سەدر کوڕی سەید محەمەدی سەدر کوژرا.

سەید محەمەدی سەدر لەسەردەمی حکومەتی بەعس چەندان جار لەلایەن حکومەتەوە دەستگیرکرا. یەکەم جار ساڵی ١٩٧٢، جاری دووەم لەساڵی ١٩٧٤ هاوڕێ لەگەڵ ١٥٠ قوتابی سەید محەمەد باقری سەدرو بەشێک لەئەندامانی حیزبی دەعوە، جاری سێیەم ساڵی ١٩٩١و لەدوای راپەڕینەکەی شەعبانیەو هاوڕێ لەگەڵ ١٠٦ کەسی دیکە دەستگیرکرا.

دوای ئەو چەندجار گرتنە، وازی لەکاروباری سیاسی هێنا، دواتر حکومەتی بەعس سەید محەمەدی سەدری وەک مەرجەعی فەرمیی عێراق ناساندو تەنانەت کردیە سەرۆکی قوتابخانەی ئاینیی نەجەف. هەرچەندە سەید محەمەدی سەدر لەرابردوودا مەرجەعی شیعەکان بوو، بەڵام حکومەت بەشێوەی فەرمی ئەو ئیجازەیەی بەناوبراو داو هەرئەوەش بوو کەناڕەزایی گەورەی لەناو شیعەکاندا لێکەوتەوەو تەنانەت زۆر کەس سەید محەمەدی سەدری وەک ئایەتووڵڵایەکی سەر بەحکومەت تۆمەتباردەکرد.

گەورەترین ئاسەواری ئایەتووڵڵا محەمەدی سەدر زیندووکردنەوەی سوننەتی نوێژی هەینی لەشارەکانی عێراق بوو. ناوبراو بۆ جارێکیتر دوای ساڵانێکی زۆر لەنەمانی نوێژی هەینی ئەو رێوڕەسمەی زیندووکردەوەو دواتر نوێژی هەینی لە ٨٦ شاری عێراق بوژایەوە. بۆ ئەو مەبەستە ٨٠ پیاوی ئاینیی بۆ شارەکانی عێراق بەڕێکردو ئیدارەیەکی بەهێز بۆ ئەو کارە پێکهێنا.

هاوکات ئایەتووڵڵا سەید محەمەدی سەدر چەندان بەرهەمی چاپکراوی هەیە کە گرنگترینیان بریتین لە: نقرات الاسلامیه فی اعلان حقوق الانسان، القانون الاسلامی، وجوده، ؟عوباته، منهجه، اشعه من عقاید الاسلام

ئایەتووڵڵا محەمەدی سەدر بڕوای بەدامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی بووەو لایەنگریشی لەحکومەتی ئێران دەکرد.

سەرەنجام ئایەتووڵڵا سەید محەمەدی سەدر لەشەوی هەینیی ١٨ی شوباتی ١٩٩٩ لەشاری نەجەف هاوڕێ لەگەڵ موستەفاو مۆمێلی کوڕەکانی لەرێگەی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراو تیرۆرکرانو دواتر رۆژنامەی قەبەسی کوەیتی ئاشکرایکرد کەئەو چەکدارانە گرووپێکی تایبەتبوون کە لەلایەن قوسەی کوڕی سەدامەوە بۆ تیرۆری ئەوان نێردرابوون.



# "بۆ بەرەی کوردستانی، پێویستە حیزبی دیموکرات بەبێ بیانوو قۆڵی لێهەڵبکات"

## ناهید بەهمەنی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێر بۆ دەستوور

سازدانی: سۆران پالانی

ناهید بەهمەنی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت ئاسۆی خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان لەرۆژهەڵات روونە، داواشدەکات حیزبەکان جدیتر هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی بدەن.

**دەستوور:** پێشتر ئێوە راتانگەیاندبوو کەوەکو بزووتنەوەیەکی گەورەی دیموکراسیخوازی لەبزووتنەوە ناڕەزاییەکەی ئێران دەڕوانن، کەڕەوتی سەوز سەرکردایەتی دەکات، تایبەتمەندییەکانی ئەو بزووتنەوەیە کامانەن؟

**ناهید بەهمەنی:** بەڵێ بزووتنەوەکە بەگشتی‌و سەرەڕای کەموکوڕییەکانی، جووڵانەوەیەکی دیموکراسیخواز بوو. چەمکە بنەڕەتییەکانی بزووتنەوەی دیموکراتیک وەکو داواکاری هەڵبژاردنی ئازاد، ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی، ئازادبوونی چالاکیی حیزب‌و رێکخراوەی سیاسی، ئازادی رێکخراو و کۆڕو کۆمەڵی پیشەیی‌و فەرهەنگی، ئازادی بەندکراوانی سیاسی، لاچوونی هەڵاواردنی رەگەزی‌و زمانی‌و ئایینی تێدا کرا بەداخوازی. بێجگە لەوانە سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی ئیسلامی ئێران لەدنیاو لەناوچەکەشدا درایە بەر رەخنەی شیاو و سەرنجڕاکێش لەلایەن خەڵکەوە، نەک رێبەرانی بزووتنەوەکەوە، بۆ یەکەمجار لەئاستی جەماوەریدا ویلایەتی فەقیەی کۆماری ئیسلامی لەئێران کەوتەبەر رەخنەو پەلامار. تەنانەت لەزۆر بواردا هۆکاری خەڵک، کاریگەریی هێزە جەماوەرییەکەی، توانایی‌و رادەی تێگەیشتن‌و ئامادەیی داهێنەرانەیان بۆ بەرامبەرکێ لەگەڵ داموودەزگای سەرکوتی دەوڵەتی، ترس‌و دڵەڕاوکێی دەخستە نێو رابەری کۆماری ئیسلامی‌و رژێمی تووشی سەرلێشێوان دەکرد. بێجگە لەهەموو ئەم دیاردانە رۆڵی بزووتنەوەی سی ساڵەی ژنان زۆر لەو رۆژانەدا کاریگەرو بەرچاو بوو، بەشێوەیەکی بەرین سەرنجی دنیای راگەیاندنە ناوخۆیی‌و دەرەکییەکانی بۆ لای خۆی راکێشا. بەبڕوای من تەنیا داپڵۆسین‌و توندوتیژی لەڕادەبەدەر، دەستبەسەرکردنی هەزاران کەس لەهەڵسوڕاوانی ئەم هێزە راپەڕیوە، توانی بێدەنگی بەئەو بزووتنەوە مۆدێرن‌و جەماوەرییە بێنێ. دیارە هەڵەو کەموکوڕی سەرانی بزووتنەوەکەش کاریگەری خۆی هەبوو، بەڵام بەبڕوای من دەرفەت بۆ گەشبوونەوەی ئەم ئاگرە زۆرەو رزگاربوون بەدوور نابینم.



**مێژووییەکان دەریدەخەن کەهەموو بزووتنەوە رزگاریخوازو خەباتکارانەکان هەلی هەڵچوونی جەماوەرییان قۆستووەتەوە**

**دەستوور:** ئێوە وەکو کۆمەڵە زۆرترین قسەتان لەسەر ئەم بزووتنەوەیە کرد. ئامانج لەمەدا چی بوو؟

**ناهید بەهمەنی:** ئێمە وەکو حیزب پێمانوابوو کەبێدەنگی لەبەرانبەر ئەو جووڵانەوەیەوە کە لەسەرەوە باسیکرا، لەلایەن گەلی کوردەوە بەگشتی‌و حیزبەکانی کوردستانەوە بەتایبەتی شیاو نییە. ئێمە لەو بڕوایەدابووین کە بەهۆی ئەو بزووتنەوەیەوە دەرفەتێکی گەورە بۆ هێنانەئارای پرسی کوردو دەربڕینی داخوازییەکانی لەئاستێکی گەورەدا هەڵکەوتووە، کەنابێ بەخەساری بدەین. گەلی کورد لەکوردستانی رۆژهەڵات سێ دەیە ئەزموونی بەنرخی هەیە کەدەتوانێ لەوکاتەدا کەوڵات هەستاوە بەکەڵک لێوەرگرتنیان چ لەبواری تاکتیکی‌و چ بۆ درێژخایەنتریش حەقانیەتی خۆی بخاتە بەرچاوی هەمووان، نیشانی بدا کەئەو هەر لەسەرەتاوە هەقی پێبووە. ئەم راستیە بداتەوە بەچاوی ئەوانەدا کە نەتەنیا پشتیوانی لێ نەکردووە، بەڵکو خۆیان بەشێک بوون لەدەزگای سەرکوتی بزووتنەوەی کوردستان، یان هۆکارێکی چەواشەکردنی خەڵک لەم بارەیەوە بوون. ئەزموونە مێژووییەکان دەریدەخەن کەهەموو بزووتنەوە رزگاریخوازو خەباتکارانەکان هەلی هەڵچوونی جەماوەرییان قۆستووەتەوە لەپێناوی سەلماندنی خۆیان‌و مافەکانیان، هەروەها کردوویانە بەهۆیەک بۆ تەریک نەکەوتنەوەو نامۆ نەبوون. کورد هەقی خۆی بوو لەم بارودۆخە سیاسییەدا بەمەبەستی هێنانە مەیدانی داخوازییەکانی هەڵسووڕاو بوایە بۆئەوەی جارێکی دیکە بیسەلمێنێ کەئەوەی کورد داوایکردووە بەرحەق‌و شیاوی پشتیوانییە، ئەوەی کردوویەتی جێگای پێزانینە. ئێمە بۆ وەڵامدانەوە بەو پێویستییە ئاوا چالاک بووین. دەبوایە هەوڵبدەین کەبەشداری چالاکانە بۆ مافی خۆمان‌و هەروەها پشتگیری لەگەڵاڵەی دیموکراتیک بۆ سەرجەم داخوازییە رەواو دیموکراتیکەکانی دیکەش رۆڵی پێشکەوتووی خۆمان بنوێنین. نزیکی‌و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی، بووە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی کوردو سەلماندنی خەباتەکەی نەک پێچەوانەکەی. بێجگە لەوە ئێمە دوژمنێکمان هەیە کە بەتەنیا بۆمان ناشکێت، ئاساییە کەبۆ لێدانی ئەو دوژمنە لەگەڵ نەیارانی دیکەیدا هاوکاری بکەین. پێشتریش کورد هەر ئەو کارەی کردووە. بەهێزبوونی بزووتنەوەیەکی گەورەی بەرهەڵستکار لەئێران لەبەرژەوەندی ئێمەی کورددایە.

بەپێی ئەم لێکدانەوەیە ئێمە رەنگە زیاتر لەحیزبەکانی دیکەی کوردستانی، لەبەر جێگەو پێگەی خەباتی میژوویی گەلی کوردو قورسایی کۆمەڵایەتی تێکۆشانەکەی، نەک لەبەر دڵی بەرەی ئیسلاحخواز لەسەر گرنگی بەشداری کورد لەو بزووتنەوەیەدا دواوین. لەهەمانکاتدا ئێمە بووین کەهەر لەسەرەتا رۆژەکان‌و هەفتەکانی سەرهەڵدانی ئەو بزووتنەوەیە راشکاوانەو بەوردی کەسایەتییەکانی ئەو بزووتنەوەیەمان دەستنیشانکردووەو داومانەتە بەر رەخنە. ئاگادارن کەزور جاریش ئیستدلال‌و لێکدانەوەی کۆمەڵە لەلایەن نەیارانەوە تەحریف دەکرا تا بێ هەڵوێستی خویانی پێ پاساو بکەن.

**دەستوور:** دوای لەسێدارەدانی ئەو چوار چالاکوانەی کورد، خەڵکی کوردستان بەرانبەر بەو کردەوەیە مانیان گرت. دەسەڵات رێگای جۆراوجۆری گرتەبەر. پێتوایە قۆناغی بزووتنەوەی رزگاریخوازی دوای ئەو یەک رەنگیە گۆڕانگاری گەورەی بەخۆیەوە دیوە؟

**ناهید بەهمەنی:** بەبڕوای من لەبارەی یەک دەنگی‌و هاوپشتی خەڵکەوە کەم وێنە بوو. لەسێدارەدانی ئەو تێکۆشەرانە بەتایبەت مەرگی فەرزاد رۆڵەی مەکتەبی مرۆڤدۆستی کەکاراکتەرو مەعنەویەتی بەراستی رژێمی ترساندبوو، خەمێکی گەورەی خستە نێو دڵیانەوە. وەکو دەرکەوت مەرگی ئەوان خەڵکی نەکردە کونەوەو نەیتۆقاندن، بەڵکو بەپێچەوانە وورەی بردنەسەرو هێزی بزواندن. لەلایەکی دیکەشەوە نیشانیدا کەسەرەڕای هەموو پروپاگەندەیەکی نەیارانی بزووتنەوەی کوردستان، حیزبە سیاسییەکان‌و نفوزیان تا چ رادەیەک گرنگی خۆی هەیە، تەحەزوب‌و کاری رێکخراو پێگەی شایانی خۆی راگرتووە. رێکخراو بوون‌و یەک دەنگی لەگەڵ حیزبەکاندا ئەویش لەوەها بارودۆخێکی سیاسی هەستیاردا دەسکەوتێکی کەم نییە. بزووتنەوەی سەوز بەو هەموو هێزو ئاستی توانای مەعنەوی‌و ماددییەوە نەیتوانی مانگرتنێکی گشتی سازبدات.

**دەستوور:** دوای ئەو مانگرتنە پێویستی بوونی یەککگرتن‌و بەرەیەکی کوردستانی زیاتر دەرکەوتووە؟ پرۆژەی بەرەی کوردستانی بەکوێ گەیشت؟ لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا مەسەلەی دابڕانەکان هیچ ریگا چارەسەرییەکی بۆ دۆزراوەتەوە، چ هیوایەک بۆ نزیکبوونەوەی نێوان لایەنەکان‌و چ ئاسۆیەک بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان دەبینی لەدوای گۆڕانگارییەکانی ئەمساڵ لەئێران‌و کوردستاندا؟

**ناهید بەهمەنی:** بەڵێ وایە، بەدەیان جار زیاتر ئەم پێویستییە خۆی نیشاندا. پرۆژەی بەرەی کوردستانیش سەرەڕای هەموو هەوڵی کۆمەڵە، بەداخەوە تا ئێستا ئەنجامی نەگرتووە. شەرتی پێویست بۆئەوەی هەوڵەکان ببن بە بەرە، ئەوەیە کەحیزبەکانی کوردستان لەسەر وەها پێویستییەک راشکاوانەو بێ گرێ‌وگۆڵ کاربکەن. بەتایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کراوەترو بەبێ بیانوو قۆڵی لێ هەڵبکات. بەرە بەیەک لایەن‌و بڕو بیانووی لایەنی دیکە عەمەلی نییە. شەرتی سەرەکی پێکهێنانی بەرە وەکو نیهادێکی بەرپرس وەگەڕخستنی ئیرادەو گوتاری هاوبەشە، کە بەداخەوە گرنگی خۆی لای هەمووان پێ نادرێت.

بزووتنەوەی کوردستان لەسەر ئەساسی دەسکەوتەکانی سێ دەیەی رابردووی خۆی ئاسۆی روون‌و روو لەگەشەیە. ئەزموونی بەنرخی سیاسیی کورد هاورێ لەگەڵ داڕشتنی تاکتیک‌و کرداری بەجێ‌و ژیرانە بەپێی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئێران‌و ناوچەکە، دەتوانێ کاریگەری باشی لەبەرزکردنەوەی داخوازییەکانی گەلی کورددا هەبێت. کۆمەڵە لەم بارەیەوە لەیەکساڵی رابردوودا هەڵوێستی باشی وەرگرتووە.

# جەنگی نێوان تورکیاو پەکەکە کۆتاییدێت!

## پەکەکە: ئێمە تەسلیم نابین‌و سازش لەسەر مافەکانی کورد ناکەین

ئا: محەمەد عەلی

گۆڤاری نیوزویکی ئەمریکی لەدوایین ژمارەی خۆیداو لەوتارێکی ئۆون ماتیۆس لەبارەی جەنگی نێوان تورکیاو پارتی کرێکارانی کوردستان بڵاوکردووەتەوەو ئاماژەی بەوە داوە جەنگی دوورو درێژی پەکەکە دژی تورکیا لەوانەیە کۆتاییبێت.

ئۆون ماتیۆس لەوتارەکەی نیوزویکدا دەڵێت بزووتنەوەی کوردانی تورکیا کەدوورو درێژترین‌و خوێناویترین یاخیبوونیان لەسەر ئاستی جیهان تۆمارکردووە، نزیکەی سی‌و شەش ساڵە دەجەنگن‌و زیاتر لەچل هەزار کەس لەشەڕەکانیاندا گیانیان لەدەستداوە، لەوانەیە بەمزوانە کۆتاییبێت. بەمجۆرەش "پەکەکە دۆڕانی قبوڵکردو ئاشتی نزیکە".

ماتیۆس پێیوایە "وتووێژەکان لەگەڵ ئۆجالاندا ئەگەرچی ماوەیەک پێش ئێستا ئەنجامدران، بەڵام بەمانای خۆکوژی سیاسی دێن". بۆ ئەمەش ئەنجامەکانی ریفراندۆمەکەی ١٢ی ئەیلول بەنمونە دەهێنێتەوەو دەنووسێت "بەشێکی گرنگ لەدەنگدەرانی تورک پشتیوانیان لەدەستوورێک کردو دەنگیان بۆدا، کەفەرمانڕەوایی مەدەنییەکان‌و هەرجۆرە رێککەوتنێک لەگەڵ کوردەکان‌و کردنەدەرەوەی سوپا لەسیاسەت فەراهەمدەکات".

نووسەرەکەی نیوزویک بڕوایوایە پەکەکە گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی ئەو جەنگەی بەدروشمی جیابوونەوە دەستیپێکرد، ئێستا دۆڕاندویەتی، چونکە "کۆماندۆو فڕۆکە تورکییەکان بەهاوکاری‌و پاڵپشتیی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا ماوەی سێ ساڵە مۆڵگە قایمەکانی ئەو پارتە لەچیاکانی باکووری عێراق بۆردوماندەکەن".

بەڵام سەرکردەکانی پەکەکە سوورن لەسەر ئەوەی تا ئەو کاتەی تورکیا دان بەمافی بوون بەناسنامەی کورددا نەنێت‌و مافەڕەواکانی لەخۆبەڕێوەبەریدا نەچەسپێت، دەستبەرداری چەک نابن. دەڵێن ئاگربڕ یەکسان نییە بەچەکدانان‌و تەسلیمبوونەوە.

فەرحان عومەر بەرپرسی پەیوەندییە عێراقییەکانی پەکەکە لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت لەساڵی ١٩٩٣ەوە ئەمە هەشتەمین جارە ئاگربەستی یەکلایەنەیان ئەنجامداوە، وتی "مەبەستمان چارەسەرکردنی کێشەی کوردە بەڕێگەی سیاسی‌و ئاشتی، بەڵام تورکیا بەتوندوتیژی وەڵامدەداتەوە، ئێمە خوازیاری شەڕ نین، بگرە خوازیاری ئاشتین".

وتارەکەی نیوزویک تێیدا هاتووە "پارتەکە فەرمانڕەوایەتی لەخاکی تورکیاشدا لەدەستداوە"، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو رووداوە دەهێنێتەوە لەئەنجامی هەڵکوتانەسەر کارگەیەکی بەرد لەشاری دیاربەکر، کوردەکان کەپێشتر رەخنەگرتن لەپەکەکەیان لەخۆیان حەرامکردبوو، ئەمجارە رەخنەیان لەو کارە گرتووە.

فەرحان دەڵێت تورکیا لەگەڵ ئێران‌و سوریاو ئەمریکاو عێراق پیلانی نێودەوڵەتی دادەنێت بۆ لەناوبردنی پەکەکە، وتی "ئەو هەوڵەی تورکیا دوژمنانەیە، چارەسەری سیاسی‌و دیموکراتی نییەو سامناکە".

نووسەرەکەی نیوزویک لەبارەی لێبوردنی گشت بۆ چەکدارانی پەکەکە دەنووسێت "ئەگەرچی ژمارەیەک نەتەوەپەرستو ئەفسەری سوپا دژی ئەو لێبووردنەن، بەڵام رێککەوتنێکی ئاشتی لەگەڵ ئەو چەکدارانەی پەکەکەدا کەماونەتەوە، ئەگەرێکەو لەئارادایە".

سەرکردەکانی پەکەکە دەڵێن تاوانێکیان نەکردووە تا پێویستیان بەلێبووردن بێت، بەڵکو ئەوەی تاوانی کردووە تورکیا کە ٩٠ ساڵە ئینکاری ناسنامەی کورد دەکات. ئەوان دەڵێن کێشەکە کێشەی نەتەوەیەکە بەلێبووردن چارەسەر ناکرێت، بەڵکو بەدانپیانان‌و پێدانی ماف کۆتاییدێت.

ئۆون ماتیۆس ئەوەش دەڵێت "پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئەو مافانەی دەدرێت بەو کوردانەی داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن تا کوێ بڕەدەکات. ئەم ماوەیە بۆچوونی هەندێک لەکوردەکان گۆڕا. ئێستا لەجیاتی سەربەخۆیی، تەنیا دەیانەوێت لەپاڵ پاراستنی زمان‌و کولتووری خۆیاندا، سوود لەو خۆشگوزەرانییەش ببینن کەبەم دواییانە لەتورکیادا زیادیکردووە".

فەرحان دەڵێت ئەوان مەیلی توندوتیژییان نییە، بانگەوازدەکەن بۆ ئاشتی‌و چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەگفتوگۆو ئاشتی، وتی "چارەسەرێکی گونجاومان دەوێت‌و داوای چارەسەری مەدەنی دەکەین، پرۆژەی ئێمە پرۆژەیەکی دیموکراسییە، مافەکانیان لەسنووری سیاسیی خۆیاندا داوادەکەین".

فەرحان عومەر وتی "تورکیا بەردەوام ئۆپەراسیۆن ئەنجامدەدات دژی پەکەکە، ناو بەناو سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بۆردوماندەکات، ناهێڵێت کوردان بەئازادی سیاسەت بکەن، لەو دۆخەشدا یان دەبێت تەسلیم بیت، یان شەڕ بکەیت، ئێمەش تەسلیم نابین‌و سازش لەسەر مافەکانی کورد ناکەین".

# لەبری ئەوەی داوا لەتورکیا بکات مافە سیاسییەکانی کورد بسەلمێنێت

## یەکگرتوو داوا لەپەکەکە دەکات پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا نەبەستێت

ئا: محەمەد عەلی کەمال

یەکگرتووی ئیسلامی کورد ناڕەحەتی خۆی سەبارەت بەنزیکبوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان‌و ئیسرائیل ئاشکرادەکات، دڵگرانە لەوەی چەکدارانی پارتەکە لەدژی وڵاتانی ناوچەکە بەکاربهێنرێن.

ماڵپەڕی سی ئێن ئێن تورک بڵاویکردووەتەوە یەکگرتووی ئیسلامی کەپارتێکی هەرێمی کوردستانە پێیوایە ئیسرائیل بەدوای سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی ژێر زەوی کوردستانەوەیە، داوادەکات کوردانی هەرێم وریای چالاکییەکانی ئەو وڵاتە بن.

ماڵپەڕەکە ئاماژە بەوە دەدات کەڕۆژنامەی یەکگرتوو کەئۆرگانی یەکگرتووی ئیسلامییە، بڵاویکردووەتەوە "دۆستایەتی کوردی عێراق‌و ئیسرائیل هیچ نرخێکی نییەو داوای لەسەرکردایەتی پەکەکەش کردووە واز لەخزمەتکردنی هیوا ئیمپریالیستییەکانی ئەو وڵاتە لەهەرێمی کوردستاندا بهێنن".

بەگوێرەی ماڵپەڕەکە لەڕۆژنامەکەدا باس لەکارمەندانی دەزگا هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل کراوە کەسەرقاڵی کوشتنی کەسانی بێ تاوان‌و رابردوویەکی درێژیان لەو بوارەدا هەیە، هەر ئەو دەزگایە پشتیوانی لەهەریەک لەپەکەکەو پژاک دەکاتو وەک داردەستی خۆی بەکاریاندەهێنێ. تێیدا هاتووە "هەفتەی رابردوو سێ ئەندامی پەکەکە لەوڵاتی لوبنان بەتۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ ئیسرائیل دەستگیرکران، ئەمەش ئەوە نیشاندەدات کەپەکەکە لەناوچەکەدا لەخزمەتی ئیسرائیلدایە".

هەروەها هاتووە "موراد قەرەیلان لەلێدوانێکیدا بۆ دەزگا راگەیاندنەکانی ئەو وڵاتە رایگەیاندبوو دوژمنی ئیسرائیل دوژمنی ئێمەشە، داواشی لەتەلئەبیب کردبوو پەیوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بپچڕێنێت کەدوژمنی پەکەکەن".

یەکگرتوو دەڵێت "ئەگەر تەماشای ئەم داواکارییە بکەین، ئەوە دەبینین کەپارتی کرێکارانی کوردستان چەند پەیوەستە بەڕژێمی زایۆنییەوە، پارتەکە لەڕێی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئیسرائیلەوە لەهەوڵی ئەنجامدانی گۆڕانکاریدایە لەناوچەکە".

ئاماژە بەوەش دەدات راگەیاندنەکانی ئیسرائیل پڕوپاگەندە بۆ پەکەکە دەکەن‌و دەیانەوێ وێنەیەکی پۆزەتیفی ئەوان پێشکەشبکەن.

پێشتر موراد قەرەیلان سەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبردنی پەکەکە لەچاوپێکەوتنێکی کەناڵی دووی ئیسرائیلدا رایگەیاندبوو "تورکیاو سوریاو ئێران دوژمنی هاوبەشی پەکەکەن، دوژمنە هاوبەشەکانی ئێمە دوژمنی ئیسرائیلیشن".

# زانکۆی (گەشەپێدانی مرۆیی)

## پرۆژەیەک دوورتر لەوەی دەخوازراو نزیکتر لەشکست



سامان ساڵح

(کاتێک کەئەم بابەتە دەنووسم، دەزانم زیان دەگەیەنێت بەچارەنووسم، بەڵام لەوکاتەوەی دەستم داوەتە قەڵەم بۆ نووسین بەمانا راستەقینەکەی، هەرگیز نەمویستووە بەبێدەنگی زەمانەتی چارەنووسی خۆم بکەم).

من خوێندکاری زانکۆی (گەشەپێدانی مرۆیی)م ئەو زانکۆیەی کەهەڵگری ناوێکە لەگەڵ بیستنیدا هەست دەکەیتو بیردەکەیتەوە دەبێت لەم زانکۆیە چی بخوێنرێت؟ بۆ سێ ساڵ دەچێت من خوێندکاری ئەو زانکۆیەم وەک خۆم بەدەرفەتێکم زانیوە کەرەخساوە لەبەردەممدا بۆ خوێندن، کەخۆی زانکۆی ئەهلیی بەشێک لەئامانجەکەی دروستکردنی ئەو دەرفەتەیە بۆ ئەوانەی کەبۆیان نەلواوە، ئەوەی خۆیان حەزی لێدەکەن بیخوێنن، تێیدا بیخوێنن.

دەمەوێ مەبەستی خۆم لەم نووسینە روونبکەمەوە، کەئەوەیە رەخنەگرتنە لەو زانکۆیە لەچەند لایەنێکەوە کەهەوڵدەدەم بەئینسافەوە باسیبکەم، لەوانەیە هەندێک بڵێن ئەم نووسینە نووسینی خوێندکارێکی تەمبەڵی زانکۆکەیە، بەڵام حەزدەکەم پرسیاری نمرەو ئاستەکەم بکەن لەزانکۆکەو پێویست ناکات لێرەدا باسیبکەم،رەخنەکەشم لەپێناوی دروستکردندایە نەک رووخاندن.

### ئەم زانکۆیە چییە؟

لەوانەیە پرسیارێکی سادە بێت، بەڵام وەڵامی زۆرە، من ماوەی دووساڵە لەناو شاخدا دەخوێنم (لەقەرەداغو بناری قرگە) خۆشم نازانم هۆکاری چییە ئەم زانکۆیە خزاوەتە ناو ئەم شاخانەوە، ئێستاش لای هیچ خوێندکارێکی ئەم زانکۆیە روون نییە کەئایا ساڵانە بەبێگومان لەکوێ دەخوێنێت لە (قەرەداغ یان قرگە)و نازانین تاتەواوی دەکەین ئایا هەروادەبێت، لەکاتێکدا ئێمە وەک خوێندکار مافی خۆمانە بزانین لەکوێ دەخوێنین تا کۆتایی خوێندنەکەمانو جگەلەوەش پێویستە لەشوێنێک بخوێنین کەگیانو ژیانمان پارێزراوبێت، کەئەم تایبەتمەندییە لەو زانکۆیەدا نییە. زیاتر لەسەر ئەمە دەدوێم. ئێمە لەکوردستان پێش هەمووشتێک یاسای زانکۆ ئەهلییەکانمان نییەو ئێستا لەپەرلەمانی کوردستان تازە یەکەمین خوێندنەوەی بۆ کراوە، بۆیە ئەم زانکۆیانە تائێستاش لەژێر رێنماییو بڕیاری وەزارەتی خوێندنی باڵادانو تایبەتمەندی خۆیانیان لەدەستداوەو ناکرێت بڵێین ئەم زانکۆیە هیچ شتێکی جیاوازە لەزانکۆ حکومییەکان، ئەوەشی من ئاگاداربم لەپرۆژە یاساکەدا جگە لەدانانی مەرجی یاساییو زانستی، مەرجی شوێن، واتە (دیاریکردنی ناوچەیەک بۆ زانکۆ) دانەنراوەو شتی لەمجۆرە لەپرۆژە یاسادا نییە، کەئەگەر تێیشیدابێ شیاوی رەخنەلێگرتنە، بۆیە بوونی ئەم زانکۆیە لەقەرەداغ هیچ مانایەکی جوان نابەخشێتو بەپێچەوانەوە ماناکەی بەخشیوەتە زانکۆکە، کەلێرەدا پێویستە پرسیاری ئەوەبکەین ئەگەر ئەم زانکۆیە ناوی گەشەپێدانی مرۆییە (واتە مرۆڤ چەقی ئامانجەکان) بێت، بۆچی براوەتە قەرەداغ، من تەحەدادەکەم لە٥٪ی ئەو خوێندکارانەی لەو زانکۆیەن، ئەگەر راپرسییەکی خاوێن بکرێتو وەعدی تێدانەدرێت، ناڕازین لەوەی لەقەرەداغنو لەوێ دەخوێننو ئەو رێگا دوورە دەبڕن، بەچەند بەڵگەیەک:

١- لەناو ئەو زانکۆیەدا ژمارەی خوێندکارە قەرەداغییەکان (ئەوانەیماڵیان لەقەرداغە) ناگەنە١٠خوێندکار.

٢- بەشی هەرەزۆری خوێندکارانی زانکۆکە دانیشتووی سلێمانیو نزیک سلێمانین (شارەزوور، سیدسادق، هەڵەبجەی شەهید)ن بۆئەوان باشترە لەسلێمانی بوایە نەک قەرەداغ.

٣- جگەلەوە بەشێکی باش لەخوێندکاران فەرمانبەرو مامۆستانو دوای دەوام ئەو رێگا دوورە زیاتر بێزارو ماندویان دەکات.

٤- خراپیی رێگای سلێمانی - قەرەداغ، کەیەکم ساڵی خوێندن نزیکەی ٥ رووداوی هاتوچۆی تێدا رویداو چەند خوێندکارێک برینداربوون، چەند دانەیەکیان بەسەختی.

کەواتە لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت زۆر بەپێچەوانەی ناوی زانکۆکە (گەشەپێدانی مرۆیی) کۆی مامۆستاو خوێندکارو ئۆتۆمبێلو کەرەستەکان خراوەتە خزمەتی قەرەداغەوە وەک ناوچەیەک نەک بەپێچەوانەوە!.

من لێرەدا زۆر بەزەییم بەخۆمدا یەتەوە کەبوومەتە کەرەستەی خزمەتکردنی ناوچەیەک، لەوانەیە بەڕێزانی بەرپرسی زانکۆ بڵێن کێ پێی وتی بێ بۆ قەرەداغ بخوێنە؟ بەڵام من کەحەزم بەخوێندنەو مافی خۆشمەو پێویست ناکات ئیستیغلال بکرێم، لێرەدا شتێک دەڵێم، باشە ئەگەر ئەم زانکۆیە لەسەر خواستی خۆیان نەچوونەتە قەرەداغ، بۆ قبوڵی دەکەن، ئەسڵەن یەکەمجار بۆ کرایەوە لەوێ؟ ئەگەر ئەم زانکۆیە نەتوانێت لەڕووی هێزی بڕیارو هەیمەنەی حیزبێک یان بنەماڵەیەکدا بوەستێ، ئایا گەشەپێدانی مرۆیی لەم زانکۆیە چاوەڕواندەکرێت؟.

### دروستکردنی بێدەنگی


دوای ئەو شتانەی باسمانکرد حەزدەکەم بێمەسەر لایەنی ئیدارێو هەندێ شتیتری ناو زانکۆ لەلایەنە جیاوازەکانەوە، ئەوەی ماوەی ئەم دووساڵە من تێبینیم کردووەو لەم هەفتەی یەکەمی دەوامدا بیستم پرۆسەی بێدەنگکردنی دەنگەکانو ترساندنی خوێندکار بەبێ چاوسوورکردنەوە (بەهێزی ئیدارییو بەیاسا!) پەیڕەودەکرێت، (هەرچەند لەساڵی یەکەمدا بەهۆی سەرەتایی زانکۆکەو دڵخۆشیی خوێندکاران بەخوێندن ئەمە کەمبوو یان هەستی پێنەدەکرا) بەڵام لەدوای ساڵی یەکەمەوە ئەم بێدەنگکردنە بەشێوەیک هەیە کەمامۆستاکان هەمان ئەزموونی ناسەرکەوتوویی ناو زانکۆکانی تر لەوێ پەیڕەودەکەنو شتێک کەبایەخو نرخی نەبێت راوبۆچوونی خوێندکارانە، وەک ئەوەی لەسەرەتای ئەمساڵدا یەکێک لەمامۆستایان وتی (مەسەلەی تاقیکردنەوە بەدوو کۆرس یان یەک کۆرس ئەوە قسم خۆی بڕیاردەدات ئێوە هەقتان نییە بەسەرییەوە) وەک ئەوەی ئەوان تاقیکردنەوەی کورسیو مێز بکەن، نەک خوێندکارو ساڵی پاریش چەند نارەزاییەک دروستبوو، بەڵام هەر زوو لەڕێگەی دەستخستنە ناو خوێندکارانو بەکارهێنانی چەند رستەیەک (کەهەموو خوێندکارێک لێی تێدەگات مەبەست هەڕەشەیە بە لەسەرخۆیی) بێدەنگکردن پەرەی سەندو پەیڕەوکرا، بەشێکی سەرکەوتنی ئەم بێدەنگکردنە بۆ ئەوە دەگەڕێتە کەزانکۆی ئەهلیی بەپێی سروشتی تەمەنەکان کێشەیەکی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لەڕوویی پیشەییەوە خوێندکارێک دروستنابێت کەبتوانێت لەسەر مافەکانی خۆی شەڕبکات، بۆنمونە لەناو خوێندکاراندا ژمارەیەک خوێندکار هەن کەتەمەنیان هەیەو زمانی عەرەبی دەزانن (چونکە بەشێکی زۆری کێشەکان بەهۆی زمانی عەرەبییەوە بوون لەو زانکۆیە) ئەم ژمارە خوێندکارە بەهۆی تەمەنیانو هەندێجار پاراستنی بەرژەوەندییەکان نایەنە ناو هاوکێشەکان، ئەمەش هەمیشە کەرەستەیەکە بەدەست ئیدارەوە بۆ کۆنترۆڵو خەفەکردنی دەنگەکان، ئەمە جگە لەهەندێ مامەڵەی ناعەقڵانی لەگەڵ خوێندکاراندا، من خۆم گەواهیدەریی ئەوەم کە لەتاقیکردنەوەکانی کۆرسی یەکەمی ئەمساڵدا یەکێک لەمامۆستاکانی زانکۆی (گەشەپێدانی مرۆیی) لەکاتێکدا کەژمارەیەک خوێندکار لەبەرخۆیانەوە قسەیاندەکرد (من ناڵێم ئەوە باشە)، قۆڵی هەڵکردوو وتی: کێ ئازایە لەژێرەوە قسەنەکاتو بەئاشکرا قسەبکات، منیش وەک هەموو خوێندکارێکیتر لەترسی ئەوەی وەرەقەکەم لێنەسەننو چارەنووسم نەفەوتێت، نەموێرا قسەبکەم، بەڵام لەناخەوە تفێکم لەخۆم کرد. ئەمە زانکۆی (گەشەپێدانی مرۆییە؟).

من ئێستاش خوێندکاری ئەو زانکۆیەم، کۆی لایەنەکانی ئەو زانکۆیە خراپ نییە، بەڵام ئەم زانکۆیە وەک پرۆژەیەک کەناوی (گەشەپێدانی مرۆییە) ئەگەر وابڕوات (گومانم هەیە باشبێت) پاڵیداوە بەشکستەوەو پشتی لەسەرکەوتن هەڵکردووە، چونکە ئەم زانکۆیە تاکە شتێک کەدەیانەوێت شانازیی پێوەبکەن، توندکردنی ئیدارەیە بەنەفەسی توندوتیژیی کەسییو زاڵکردنی بیروڕای شەخسە بەسەر شتەکاندا، لەکاتێکدا ئەمە لەدوولاوە گرفتە، یەکەم: لەوەدا گرفتە کەخودی ئەو یاسایەی هەیە لەکوردستان کەدانراوە بۆ رێکخستنی زانکۆکان شیاوی گاڵتەجاڕییە (یەک خاڵی سیستمی رێککاری ناو زانکۆکان دەڵێت: ئەگەر خوێندکارێک بە (غیرعمد)ی شتێکی زانکۆ بشکێنێت، دەبێت سزابدرێت! ئەمە یاساکەیە، جا وەرە ئەم یاسایە! رای شەخسیشی بەسەردا زاڵبکەیت چەند جوان دەبێت؟.

یەکێکیتر لەو شتانەی کەدەمەوێت باسیبکەم لەم زانکۆیەدا ئەو رێژە زۆرەی دەرنەچوونی خوێندکارانە لەئەمساڵدا بەجۆرێک ئێمەی خوێندکارانی تووشی شۆک کردووەو (ناڵێم هەموو خوێندکارێک شیاوی دەرچوونە) ئەمەش یەکێکیترە لەو هۆکارانەی ترساندن لەناو زانکۆدا کەزانکۆ باڵ بەوە بادەدا کەژمارەیەکی زۆر خوێندکاری دەرنەچووەو بەمەش دەیانەوێت (تۆڵەی) ئەو قسەیە بکەنەوە لەخوێندکاران (کەهیچ خوێندکارێک لەوەبەرپرس نییەو قسەی دەرەوەی زانکۆیە) کەوتراوە لە (زانکۆی ئەهلیی هەر پارە بدەیت دەردەچیت)، بەڕاستی جێگەی داخە، زانکۆ تۆڵەی قسەیەک کە کەس لێی بەرپرس نییە، لەخوێندکاران بکاتەوەو ئەم قسەیەش لەقسەی مامۆستایەکدا لەسەرەتای ساڵدا دەرکەوت، لەکاتێکدا هەندێک لەو مامۆستایانەی کەدانرابوون بۆ وانەوتنەوە هۆکاری سەرەکیی دەرنەچوونی خوێندکارانو زانکۆ خۆی ئەوە باش دەزانێتو لەئەنجامی ئەو راپرسییەی کەکرا لەکۆتایی ساڵدا زانکۆ بۆی دەرکەوت کەئاستی مامۆستاکانی چۆنن (هەندێکیان سفرن)، بۆیە لەوانەیە دەستبەرداری هەندێکیان بێتو پێیان بڵێت خواحافیز، بەڵام بەچی دەچێت کەخوێندکاران باجی ئەو مامۆستایانەیان داو ئەگەر دەرفەتێکیش هەبێت بۆ دەنگ هەڵبڕین ئەوە هەندێ مامۆستای تر هەن خوێندکاران نایانەوێن. لەکۆتاییشدا دەمەوێت ئاماژە بەوەبدەم کەقسەکردنم لەسەر ئەم زانکۆیە زۆری ماوەو بەو ئومێدەی لەداهاتوودا بتوانم زیاتربدوێم.

# مەدلولەکانی کەیسی سەردەشت

ئاری ئەبوبەکر



ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەکەیسی سەردەشت عوسمان بەو پەلەپروزکێیە (هەڵبەت پەلەپروزکێ نەک لەڕووی کاتەوە، بەڵکو لەڕووی ناوەڕۆکەوە)، کۆمەڵێک واتاو مەدلولی بەگوێی تاک بەتاکی کوردستاندا دا، بەشێوەیەک کەپێویستی بەهەڵوێستە لەسەرکردنو تێڕامان هەیە، چونکە هەمووان، وەک بنەماڵەی سەردەشت رایانگەیاند، چاوەڕوانی سیناریۆی دروستکراو بووین بۆ کەیسی شەهیدکردنی سەردەشت، بەڵام بەبیری کەسدا نەهاتووە کەسیناریۆیەکی ئا بەوشێوە تراژیدیاو کۆمیدیە، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی ئەو لیژنەیەی کەخودی سەرۆکی هەرێم پێکیهێناوە، بڵاوبکاتەوە.

یەکەم مەدلول کەدەسەڵات لەڕێگەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی سەردەشتەوە بەگوێماندا دەدات، دابڕانی پیشەی رۆژنامەنووسییە لەو کەڵە پیاوە نەترسە، چونکە لەڕاگەیاندنەکانی ئیمارەتی زەرددا، بەهیچ شێوەیەک بۆ تەنیا جارێکیش بێت نەمانبیست کەسەردەشت بەڕۆژنامەنووس ناوبهێنن. بەمەش دەسەڵات دەیەوێت پێمان بڵێت، کەمن بڕیاردەرم لەپیشەی ئێوە، ئەوە منم کەناونیشانی پیشەکەتان دیاریدەکەم، ئەگەر گوێڕایەڵم بن، ئەوە مەقامی پیشەکەتان دەگەیەنمە کەشکەلانی فەلەک، خۆ ئەگەر یاخی بن لەمن (دەسەڵات)، ئەوا تەنیا ئەو پیشەیەتان دەخەمە پاڵ، کەخۆم گەرەکمە. بۆیە دابڕانی پیشەی رۆژنامەنووسی چ لەلایەن کەناڵەکانی سەر بەدەسەڵاتەوەو چ لەلایەن لیژنەی لێکۆڵینەکەوە، ئەوە دەدات بەگوێی زیندووەکانی کۆمەڵگای ئێمەدا، کە لادان لەحیزب، یەکسانە بەسڕینەوەی پیشەکەتان.

دووەم مەدلول لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکە، تێوەگلانی سەردەشتە بەگروپێکی ئیسلامی توندڕەو و تیرۆریستییەوە، کەئەمەیان لەهەمووی ترسناکترو بەسوێ ترە، چونکە ئەم بەشەی سیناریۆکە، ترسێک لای زیندووەکانو کەسوکاری ئەو کەسانەی کەگوێڕایەڵی حیزب نین، دروستدەکات، کەدەشێت مەرگێکی پاڵەوانانە، مەرگێک کە لەسەر کارێکی نیشتمانیو رەخنەگرتن بێت لەدروستبوونەوەی دیکتاتۆری حیزبی کوردی بگرێت، ببێتە مەرگێکی تراژیدایی وا، کەمرۆڤ شەرمبکات لەناوهێنانی قوربانییەکەی. بەواتایەکی تر، ئەگەر تاکێک، رۆژنامەنووسێک، نووسەرێک، بەویستی دەسەڵاتو حیزب جوڵایەوە، ئەوا ئەگەر بەکارەساتی سروشتیش بمرێت، حیزب دەتوانێت بیکاتە شەهیدی نیشتمانی، خۆ ئەگەر بێت هەر هەمان تاک یان رۆژنامەنووس زیانی گەیاند بەبەرژەوەندییەکانی حیزب وبنەماڵە یا هێڵی سووری حیزبی بەزاند، ئەوا جگە لەوەی کەمافی ژیانی نامێنێت، هۆکاری مردنەکەی وا ناشیرین دەکرێت، کەدواجار تاکەکە بەتیرۆریستو ناپاک لەقەڵەمدەدات.

ترسناکی ئەم هەڵگەڕاندنەوەیەی هۆکاری کوشتنی مرۆڤ تا ئەو رادەیەیە، کەدەشێت بەیانی رۆژنامەنووسێکی تر لەپەنایەکا شەهیدبکرێت، پاشان توهمەی ئەخلاقیو هەزاران شتی تری بخرێتەپاڵ. چونکە دواجار ئەوە وەلائی حیزبە کەبڕیار لەسەر ئێمەو چاکو خراپی ئێمە دەدات، نەک تەنیا ئەو کاتانەی کە لەژیاندایین، بەڵکو دوای مردنیشمان.

ئەگەر ئەو دوو مەدلولەی سەرەوە لایەنی نێگەتیڤی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بن لەکەیسی سەردەشت، ئەوا دەتوانم رێگە بەخۆم بدەم، باس لەیەک مەدلولی پۆزەتیف بکەم لەو لێکۆڵینەوەیە، ئەویش ناچارکردنی دەسەڵاتە بەوەی کەئەنجامێک بداتە دەستەوەو بێتەگۆ لەسەر کوشتنی مرۆڤەکان. واتا دروستبوونی ڕای گشتی لەسەر ئیدانەکردنی شەهیدکردنی سەردەشت، دەسەڵاتی ناچارکرد، کە بەهەرشێوەیەک بێت بێتە قسە، ئەمەش لەدواجاردا پێماندەڵێت، ئەگەر شەقامی کوردی جوڵا، ئەگەر رای گشتی هەبوو، ئەگەر هەموو هاتینە قسە، ئەوا دەسەڵات ناچاردەبێت کەبکەوێتە کار (هەتا ئەگەر بەدروستکردنی سیناریۆی داتاشراویش بێت)و خۆکۆکردنەوە، بۆ ئەوەی کەشەقامی کوردی لێنەتۆرێت و رای گشتی زیاتر نەخرۆشێت.

ئەمەش لەدواجاردا ترسێک لەلای دەسەڵات دروستدەکات، کەئەگەر ئارەزووی کارێکی نەشیاویکرد، ئەوا دەبێت چەند جار بیری لێبکاتەوە، بۆئەوەی کەشەقامی کوردیو رای گشتی لێنەوروژێت.

مەدلولەکان زۆرن، بەڵام بەبڕوای من، ئەمانەی سەرەوە، گرنگترینی ئەو مەدلولانە بوون، کەدەشێت هەموولایەک ئاگاداری بن، بۆ ئەوەی نەتوانرێت جارێکی تر سیناریۆی لەوشێوەیە بەسەرماندا تێپەڕێت.

hotmail.com@Arei١٩٧٦



# دانوستاندنەکانی عێراق، وەک ئەنجامدانی یارییەکی خوێناوی وایە

هاوکار عەبدوڵڵا*

وا پێدەچێت دانوستاندنو بیروڕاگۆڕینەوە بێ کۆتاییەکانی عێراق، پێ بنێتە ساڵی داهاتووەوە. بۆ ئەو لایەنانەی کەچاوەڕوانی سەرکەوتنیان لێناکرێت مایەی دڵخۆشی نابێت بۆیان، ئەم دیاردەیە بەدرامایەکی سایکۆلۆژی وشکو بێڕەحم لەرووی مێژووی ئەم وڵاتەوە ناوزەندەکرێت.

ئەم حەوت مانگەی رابردووی دوای هەڵبژاردن کەبۆ پێکهێنانی حکومەت بەسەرچووە، لەئاهەنگی باخچەیەک دەچێت کەیاریزانە سیاسییەکانی لەدەرەوەی ئاهەنگەکە یارییکەن، چونکە یاریزانەکان وەک گلادیاتۆر ئازادکراون.

بەو پێیەی سیاسەتی نوێی دیموکراتی ئەمریکا ئێستا لەبارێکی لاوازدایە، بۆیە سیاسەتمەدارەکان هەستبەوەدەکەن کەئەم قۆناغە زۆر هەستیارە، لەوانەیە لەدەستدانێکی هەنوکەیی ببێتە دوورکەوتنەوەیەکی هەتاهەتایی لەمەیدانەکەدا.

پرسیارکردن دەربارەی گەمەی خوێناویە سیاسییەکانو روبەڕووبوونەوەکان دژ بە بەڕێوەبردنی وڵات، یەکێک لەسیاسەتمەدارەکان ئەوەی دەربڕیوە کەئەم بارودۆخە لەنیوە گاڵتەیەک دەچێت، تاکە رێگا بۆئەوەی ئەم عێراقە ناچار بەفەرمانەکانی خۆت بکەیت، تەنیا کوشتنی عێراق خۆیەتی.

بۆ ئەو لایەنانەی کەچاوەڕوانی سەرکەوتنیان لێناکرێت، تێگەیشتن لەو بیرۆکەیەی کە بەسیاسەتی بنبەست ناودەبرێت، واتە ناکرێت لایەنێک تا کۆتایی ماوەکە حکومەتی لەژێر دەستدابێت. هەر ئەم تێنەگەیشتنە وایکردووە کەرەوشێکی ناسەقامگیر دروستبکات.

لەگەڵ ئەوەش وەک فاکتەرێک بووە بۆ سەرهەڵدانی ترسو کێشەکان، بۆیەش مێژووی بێڕەحمی ئەم وڵاتە پێماندەڵێت کەبیروڕاگورینەوەو دانوستاندنەکان لەوانەیە پێ بنێتە ساڵی داهاتووەوە.

دەربارەی ئەم فەزا خنکاوەی بەغداد، یەکێک لەراوێژکارێکی پارتەکان پێیوایە "متمانە شتێکە بوونی نییە"، پێشیوایە بەغداد ئەو شوێنەیە کەهەر گروپێک لەدژی یەکێکی تر هانی یەکتر دەدەن.

ئەگەر سەیرییکەین گشت یاریزانەکانی ئەم گەمە سیاسییە خوێناوییە، دەمامکێکی ترسیان بەڕووخسارییانەوە دیارە، کەئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پاشماوەی رژێمی سەدامو ئەو شەڕە دەمارگیرییەی ماوەی چەند ساڵە لەدوای ئەم رژێمەوە بوونی هەیە. لەنێوان ئەم شیعانەی کەماوەی چەندان ساڵە چەوسێنرابوونەوە، زۆر لەگروپە سیاسییەکان بڕوایانوایە کەتیرەگەلێکی پاڵەوانی شەرعین، هەربۆیەش ئێستا نوێنەری زۆرینەی عێراق دەکەنو لەوانەیە خاوەن رێگە دۆزەرەوەی سەرەکی بن بۆ عێراق.

ترس لەلایەکی ترەوە هەڕەشە لەسوننەکانیش دەکات، ئەو سوننانەی کە لەگەڵ شیعەکاندا دژنو رازی نین بەگرتنەدەستی حکومەت لەلایەن ئەوانەوە، ئەمە لەوانەیە ببێتە لەمپەر دروستکەرێک لەبەردەم سەرکردەکانو حستنە ژوورەوەی چەندانیان بۆ بەندیخانە بەهۆی جیاوازی رەگەزپەرستییەوە، هەروەک چۆن سەرکردەی گەورەی شیعەکان، نوری مالیکی لەدوو ساڵی رابردوودا پراکتیزەی ئەمەی کردبوو.

لەلایەکی تریشەوە، کوردەکانی عێراقیش کاردەکەن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی هەمیشەیی زامنی ئەو گەرەنتییە بکەن بەرانبەر ئەو سەربەخۆییە رواڵەتەی هەیانەو جەخت لەسەر ئەوەش دەکەنەوە کەجارێکی تر حکومەتی بەغداد نەیانکاتەوە بەقوربانی. بەڵام ئەوان ئێستا چیتر دڵنیانین ئاخۆ کێ دەبێتە یاریدەدەری راستەقینەیان لەو ژینگە سیاسییەی ئێستا بوونی هەیە.

سیکۆلاری سیاسیی شیعەکان ئەیاد عەلاوی، کەقەوارەکەی زۆرینەی کورسییەکانی هەڵبژاردنی بەهاری رابردووی بەدەستهێناوە، لەلایەن بزووتنەوەی دژەرۆژئاوایی متمانەی پێکراوە، بەڵام نەوەک لەیەن مالیکییەوە. ئەم مالیکییەی تا ئێستا لەلایەن هیچ کەسێکەوە متمانەی تەواوی پێنەکراوە. مەسعود بارزانیش کەسەرکردەی کوردەکانە، متمانەی بەعەللاوی هەیە، بەڵام بەگشت سەرکردە سوننییەکان نا.

گشت حیزبە رکابەرە شیعەکان، خاوەن یادەوەری تاڵو ناخۆشن لەمیانەی ئەو ساڵانەی لەمەنفابوون، کاتێ دەیانویست شەرەفی ئۆپۆزیسیۆن دەستبخەن، کەچی هاوڕێیە کۆنەکانیان لێیان دەترازێنو بەسەریانەوە هەڵدەگەڕێنەوە، ماوەیەکی زۆریشە لەژێر وانەکانی ئەمریکادان. بۆیە ئەگەر بوارێکیان بۆ برەخسێت هەر رکابەرێک لەهەوڵی تێکشکانی ئەوی تردا دەبێت. ئەو ئامڕازو هۆکارانەش بەکاردێنن کەوەک پشتگیری بێت بۆ خۆیانو دژبێت بەنەیارەکانیان.

کەس شتی زیاتر نازانێ دەربارەی ئەوەی ئاخۆ حیزبەکەی مالیکی (حیزبی دەعوە) چ ئەنجامێکو چارەنووسێک دەستکەوتی دەبێت.

کەمال سەعدی، ئەندامی یەک لەپارتەکانە، لەلێدوانەکانی کۆتایی بەهاری ئەمساڵدا باسی لەو پێشێلکاریو شەرمەزارییانە کردبوو لەوکاتەی کەئەندامانی حیزبی دەعوە لەئێران دەژیان، ئاماژەشی بەوەداوە کەچۆن رابەرانی داهاتووی شیعە، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراقی، لەلایەن ئێرانەوە پشتگیریان لێکراوە، بەڵام ئێستا ئەمە هەمان بایەخی نەماوە.

ئەندامانی حیزبی دەعوە هەستیان بەناخۆشی کردووە لەماوەی رابردوودا، هەمان نارەزاییان دەربڕیبوو دژ بەحیزبی بەعسی سەدامیش لەرابردوودا. دیپلۆماتە ئەمریکییەکان وەسفێکی تایبەتیان هەیە بۆ مالیکی، لەهەندێ لەلیدوانەکانیاندا هاتووە کە "مالیکی زۆر لەرەوتی پێشووی بەعس ترسی لادروستبووە، تەنانەت ترسی دووبارەهاتنەوە بۆ سەر حکوم لەلای سەریهەڵداوە".

دیپلۆماتەکە بەردەوامدەبێت دەڵێت "مالیکی کێبڕکێی ئەوەدەکات بۆ ئەوەی سوننەکان لەگەڵ بەعسییەکانو سەدامییەکان یەکنەگرن"، دیپلۆماتەکە ئاگاداری ئەوەی داوە کەمالیکی گومانی لەهەموو کەسێک هەیە.

ئەمریکا هەوڵی ئەوەیداوە هەردوو سەرکردە مالیکیو عەللاوی لێکنزیکبکاتەوە، بەڵام هەوڵەکانیان سەرکەوتوونەبووە.

هەریەک لەخۆبەزلزانینو جیاوازی لەکەسایەتی وایکردووە کەتەنانەت پەیوەندییە شەخسییەکانی نێوانانیان ژەهری بکرێتە ناوەوە. ئەو هەوڵانەش ئەنجامێکی نەبوو کەکۆمەڵەی سیخوڕی ئەمریکی ئەنجامیدابوو.

یەکێک لەپشتیوانەکانی مالیکی دەڵێت "کاتێ مالیکی لەساڵی ٢٠٠٧، تەلەفۆن بۆ عەللاوی دەکات بەمەبەستی سەقامگیرکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان، کەچی عەللاوی بەئەنقەست تەلەفۆنەکەی پشتگوێخستووە، کاتێ پێیانوتووە کەمالیکی لەسەر هێڵە".

بۆ ئەم دوورەیەی نێوانیان عەللاوی حکومەتی مالیکی بەوە تاوانباردەکات کەهەولێ ئەوەی دابوو ئەندامانی حیزبەکەی (حیزبی عێراقیە) تۆمەتباربکات بەوەی کەدەستیان هەبووە لەکارە تیرۆرستییەکانو دروستکردنی بەڵگەی ناڕاست بۆیان.

پێشیوایە ئەندامەکانی حیزبی عەللاوی بوونەتە مایەی دروستکردنی کێشەو تانوپۆ بۆ هێزە ئەمنییەکان. بێگومانیش بوونی ترس بۆ سەر حکومەت مانای وایە ترس لەسەر گشت تاکەکان دروستدەکات.

ئەنجومەنی شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق، کەئەویش یەکێکە لەپارتە شیعەکان، ئەندامەکانی بانگەشەی ئەوەدەکەن کەئەوان ترسیان هەیە لەسەلامەتی خۆیان لەوەرزی داهاتووی سیاسیان.

سەرکردەی ئەم پارتە عەممار حەکیم داوایەکی رابەری باڵای شۆڕشی ئێران، ئایەتوڵڵا خامەنەیی رەتکردووەتەوە، کاتێ داوای ئەوەی لێکردبوو پشتگیری لەمالیکی بکات.

رەتکردنەوەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوبێ متمانەییەی ئەندامانی حیزبەکەی حەکیم هەیانە بەرانبەر بەمالیکی. هەریەک لەحەکیمو عەللاوی خەریکی تاقیکردنەوەی هاوپەیمانییەکن، ئەویش دەستنیشانکردنی جێگری سەرۆک کۆمار "عادل عەبدولمەهدی"ە بۆئەوەی جێگای مالیکی بگرێتەوەو نەهێڵن جارێکی تر بگەڕێتەوە سەر حکوم.

عادل عەبدولمەهدی لەمانگی رەمەزانی رابردوودا رۆڵێکی کاریگەری هەبوو لەدیاریکردنی کێشەکانی وڵات، پێیوایە هەرچی پەیمان هەیە لەدیموکراسیدا وەک ئەوەی هەوڵی ئەوەیدابێ شەیتان دروستبکات لەسیاسەتدا.

خۆشبەختانە تا ئێستا نەیتوانیوە ئامانجی خۆی بپێکێت. مەهدی ئەوەشی وتووە "ئێمە لەژێر رژێمکدا دەژین پێیدەڵێن باوکی سەدام، مامی سەدام، لەشوێنە گەورەو گرنگەکاندا یەکێک لەوان سەر بەبنەماڵەی سەدامە، بۆیە ناتوانی پێشبینی کارێکی نۆرماڵو هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی لەلایەن ئەوانەوە بکەیت".

**لەرۆژنامەی لۆس ئەنجلۆسی ئەمریکییەوە وەریگراوە**



# پیاوە نەخۆشەکەی سەر نیل

ن: دەیڤد شێنکەر*
و: شالاو فەتاح

حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسر لەکۆتایی مانگی ئابدا کوڕەکەی (جەمال موبارەک) بۆ واشنتۆن هێنا، تا لەدانیشتنەکانی بنیادنانی ئاشتی لەنێوان ئیسرائیل-فەلەستین ئامادەبێت. لەقاهیرەش، بێگومان ئەم سەردانە چاوەڕواننەکراوەی خێزانی سەرۆک دەبێتەهۆی تۆخکردنەوەی ئەو باوەڕەی کەموبارەک پلانی میراتگریی سەرۆکایەتی بۆ ئەم کۆمارە عەرەبییە داڕشتووە. ئەمە جگە لەوەی نەخۆشیی ئەو کەسەی ٣٠ ساڵە سەرۆکایەتی میسر دەکات، پشتڕاستدەکاتەوە.

لەمانگی ئازاری ئەمساڵەوە، ئەوکاتەی موبارەک سەفەرێکی درێژی بۆ نەخۆشخانەکانی ئەوروپا کرد بۆ پشکنینی سەلامەتی گرێیەکانی، راپۆرتەکان گشت باس لەوە دەکەن کەسەرۆک نەخۆشیی شێرپەنجەی پەنکریاسی هەیە. فۆتۆکانی ئەم دواییەی سەرۆک کەکاراکتەرێکی بەهێزی پیشاندەدات، هیچ لەم بانگەشانەی کەم نەکردەوە. سەرەڕای چارەسەرکردنەکانی، خولی ئۆفیسی ئەم پیاوە نەوەد ساڵانەیە پێدەچێت لەکۆتاییەوە نزیکبێت. نەمانی موبارەک لەسەر شانۆی سیاسی میسر کۆتایی چاخێکە، ئەمە جگە لەوەی دەستنیشانکەری خراپترین پێگەو دۆخی هەرێمی میسرە لەئێستادا.

پەنجا ساڵ پێش ئێستا، لەژێر حوکمی سەرۆک جەمال عەبدولناسردا، قاهیرە یەکەمین هێزی دبلۆماسیو سەربازیی بێ رکابەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بوو. وتەکانی ناسر جەماوەری دەوروژاند. سوپاکەی حکومەتە بیانییەکانی لەکاردەخست. ئەمڕۆ، میسر تەنیا سێبەری ئەو میسرەی سەردەمی ناسرە کەئەوانیدی هەم رێزیان دەگرتو هەم لێیدەترسان. لەکاتێکدا، رووبەڕووی یەکەمین رکابەرێتی بەهێز دەبێتەوە لەناوخۆداو لەدوای سی ساڵ، قاهیرە لەسیاسەتیی هەرێمی کشاوەتەوە لەبەر خاتری کێشە ناوخۆییەکان. نزیکەی لەهەموو بەرەکانەوە، میسر دەبێتە هێزێکی هەرێمی لاواز.

چەند شتێکی دڵخۆشکەر هەن. لەم ساڵانەی دواییدا، قاهیرە ئەزموونی بەرزبوونەوەی کۆی داهاتی تاکەکەسی بەرێژەی لە٧٪ کردووە، تەنانەت ژمارەی زۆر سەرنجڕاکێشیشی لەکاتی قەیرانە ئابوورییەکەی جیهاندا تۆماردەکرد. بەڵام ئەم جوڵەیەش لەپڕێکدا وەستا. سەرەڕای ئەوەی دەرکەوتنەکانی موبارەک لەکۆشکی سپی، چونکە ماوەی چەندان ساڵە وەک هێزێکی دبلۆماسی خاوەن نفوزی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەقەڵەمدەدرێت. دبلۆماسیەتی قاهیرە سەلمێنراوە، بەتایبەت لەمامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی فەڵەستینی دراوسێیدا. هەر بۆ نمونە بەرپرسانی میسر دەڵێن، ئەوان "ئیمارەتێکی ئیسلامیان لەغەزە قبوڵ نییە". هەر لەبەر رێگرتنە لەم ئەنجامەش کەقاهیرە ماوەی سێ ساڵ هەوڵی رێککەوتن بەستنی رێککەوتنێک دەدا لەنێوان دەسەڵاتی فەلەستینیو حەماسدا.

بەڵام ئەمانە گشتیان سوودێکی زۆر کەمیان هەیە. ئەم ملنەدانەی هێزە فەڵەستینییەکان لەساڵانی پێشوودا بەهیچ شێوەیەک چاوەڕوانکراو و وێناکراو نەبوو. تەنیا بیر لەساڵی ١٩٩٥و رێککەوتننامەی ئۆسلۆی دووەم بکەینەوە ئەمە دەردەکەوێت. کاتێک یاسر عەرەفاتی سەرۆکی فەڵەستینییەکان لەخستنەڕووی نەخشەکان خۆی دەدزییەوە، موبارەک قەناعەتی پێکرد کەنەخشەکان بخاتەڕوو، بەفەرمانپێکردنی بەم رستەیە،"ئیمزای کە ئەی سەگ"!

مامەڵەی قاهیرە بۆ کێشەی دراوسێکەی باشووری، واتە سودان کەخەریکە هەڵدەوەشێت، دەرکەوتووە کەناکاریگەرە. جا لەئاکامی تەمبەڵی بێت یان کشانەوە، قاهیرە بێدەنگە لەئەگەری دامەزراندنی ئیمارەتێکی ئیسلامی لەخەرتووم، هەرچەندە حەزی خۆی بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەر شتێکی لەو جۆرە بۆ غەزە دەکرد. هەرچەندە قەسابخانەی دارفۆر بە بەرچاویەوە روودەدات، بەڵام میسر دەڵێت کەتەنیا چوارهەزار سەربازی لەسوداندا جێگیرکردووەو دوودڵیش دیارە دەربارەی ئەو دابەشبوونە چاوەڕوانکراوەی لەو دراوسێیەی باشووریدا روودەدات.

بەڵام دیارترین ئاماژەی لاوازبوونی پێگەی هەرێمی میسر بریتیە لەدەستڕاگەیشتنی قاهیرە بەسامانی ئاو. رووباری نیل کەخوێنە بۆ ژیانی میسر، نزیکەی تەواوی پێویستییەکانی ئەو وڵاتە بۆ ئاو پڕدەکاتەوە، بەپێی رێککەوتنی ١٩٢٩یش، میسر نزیکەی لە٧٠٪ی سامانی نیلی بەردەکەوێتو مافی ڤیتۆشی دژی هەر پرۆژەیەک کە لەلایەن دەوڵەتانی دەوروبەری خاوەنی نیلەوە ئەنجامبدرێت، هەیە. بەڵام بەمدواییانە ئەم هەژموونەی نیل گومانی لێدەکرێت، چونکە ئەندامانی (دەستپێشخەریی سەرچاوەی نیل) (NBI) داوای مافی یەکسانتر دەکەن.

راستییەکەی ئەوەیە کەمیسر نەدەتوانێت ئەندامانی (NBI) رازیبکات، نەبیانترسێنێت. بۆیە هەریەکە لەئەسیوبیا، ئۆگەندا، رواندا، کینیاو تەنزانیا بەردەوامن لە مشتومڕکردن دەربارەی پێگەی میسر لەئەفریقادا. لەکاتێکدا چاوەڕواندەکرێت دانیشتوانی میسر بۆ ١٠٠ ملیۆن بەرزببێتەوە تا ساڵی ٢٠٢٥، رەنگە کێشەی ئاوو رووباری نیل ببێتە لاوازترین خاڵی دەوڵەتی میسر، ئەو وڵاتەی رۆژێک هیرۆدۆتی مێژوونووسی یۆنانی بە "دیاری نیل" ناویبردووە.

بۆ میسر، هیچ یەک لەمانە هەواڵی خۆش نییە. بەڵام بۆ واشنتۆن، کە لەساڵی ١٩٧٨وە وەک شەریکێکی عەرەبی گرنگ پشتی پێبەستووە، لاوازبوونی میسر گورزێکی دیکەیە کە بەر ئەندازەی ئەمنیەتی هەرێمی لاوازی ئەمریکا دەکەوێت. لەڕاستیدا، لەگەڵ دەرچوونی ئەنکەرە لەو هاوپەیمانێتیە تەقلیدییەی لەگەڵ واشنتۆن هەیبوو، هەروەها لەگەڵ کەمبوونەوەی نفوزی قاهیرەدا، ئیدارەی ئۆباما هیچ شەریکێکی زلهێزی موسڵمانی نەماوە کە بەهۆیەوە بتوانێت رووبەڕووی هەڕەشەی تاران ببێتەوە.


بەڵام کاریگەریی کەمبوونەوەی نفوزی هەرێمی قاهیرە تەنیا ئێران نییەو ئەو کێشەیە تێدەپەڕێنێت. کاتێک میسر بەهێزبوو، هێزی قەناعەتپێکردنی ئەو وڵاتە یارمەتی ئەمریکای دەدا کەسیاسەتەکانی بۆ ئارامکردنەوەی هەرێمیو ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا گەشەپێبدات. ئێستا کەچیدی میسر ئەو رۆڵەی نەماوە، قورسدەبێت بۆ میسر زۆرێک لەئامانجەکانی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدەستبهێنێت.

بەدڵنیاییەوە، لاوازبوونی قاهیرە، یەکێکە لەزنجیرەی ئەو کێشانەی کەبەمدواییانەو لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا رووبەڕووی واشنتۆن بووەتەوە. دوایین ئاراستەگۆڕینی هەریەکە لەحکومەتەکانی تورکیاو لوبنانو دوورکەوتنەوەیان لەخۆرئاواو بەهێزبوونی بەرەی ئێرانی-سوریایی دەبێت ببێتەهۆی بزواندنی ئیدارەی ئۆباما بۆ کارکردنی جدی لەم هەرێمەدا. گەر واشنتۆن کارێکی ریشەیی نەکات بۆ پێچەوانەکردنەوەی دۆخەکە، لاوازبوونی میسر دەبێتە نمونەیەکی دیکە بۆ کەمبوونەوەی نفوزی ئەمریکا لەناوچەکەدا.

***دەیڤد شێنکەر بەڕێوەبەری پرۆگرامی سیاسەتی عەرەبیە لەپەیمانگای واشنتۆن بۆ کاروباری خۆرهەڵاتی نزیک.**



# قـــادر جـــەلال: دووجـــار لـــەمـــردن گـــەڕاومـــەتـــەوە



موحسین یاسین

هونەرمەندی شانۆکار قادر جەلال کە لەساڵی ١٩٥٥ لەگەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی لەدایکبووە، پێیوایە شانۆو هونەری کوردی لەساڵانی هەشتاکاندا لەئاستێکی بەرزدا بووە، ئەوەش دەڵێت لەدرامای نامەکانی ئەشرەفدا ئەشرەف پێی بوتایە سەربانەکەم بۆ سواغ بدە، دەیکرد، ئاشکراشیدەکات دووجار لەمردن نزیکبووەتەوە.

**دەستوور:** سەرەتای کاری هونەریت دەگەڕێتەوە بۆ کەیو کێ هاوکاری کردیت؟

**قادر جەلال:** لەپۆلی سێیەمی ناوەندی دەستمکرد بەکاری هونەری، ئەو کاتە هونەرو ئەدەبو شیعرو میوزیکی کوردی گەشەی کردبوو، لەگەڵ کامەران رەئوفو فازیل ئەحمەدو سورکێو جەلالو دلاوەر ئەحمەدو قادر عەلیو بەهادین عوسمان کارماندەکرد. دواتریش چوومە تیپی شانۆی پێشڕەوی کوردیو هونەرمەندانی ئەو تیپە هاندەرم بوون.

**دەستوور:** بۆچی ساڵانی هەشتاکان بەسەردەمی زێڕینی شانۆ ناودەبرێت؟

**قادر جەلال:** ساڵانی هەشتاکان درێژکراوەی ساڵانی حەفتاکانە، ژمارەی هونەرمەندان زیادیکردو بەڕۆحێکی گەنجانەوە دەستیانکرد بەکاری هونەری، هەروەها هزرو هەستی نەتەوایەتی هونەرمەندان لەڕێگەی هونەرەوە خەبات بکەن.

**دەستوور:** بۆچوونت لەبارەی هونەرەوە لەئێستادا چییە؟

**قادر جەلال:** ئێستا ئازادیی کارکردن بۆ هونەرمەندان هەیە، ئەگەر کەموکورتییەکیش هەبێت ئەوا کەموکورتییەکە لەهونەرمەندان خۆیاندایە.

**دەستوور:** زیاتر لەدرامادا کاردەکەیت، وەک لەشانۆدا، هۆکارەکەی چییە؟

**قادر جەلال:** شانۆ بەدایکی هونەرەکان دەزانم، بگرە یەکەمجار لەشانۆوە دەستم بەکارکرد، شانۆ پیرۆزترین شوێنی نواندنە.

**دەستوور:** ئاستی دراما کوردییەکان چۆن دەبینیت؟

**قادر جەلال:** خەڵکانی زۆر دڵسۆز هەوڵیانداوە درامای کوردی بەرەو پێشەوە بەرن، بەتایبەتی ئەو گەنجانەی ئێستا پێگەیشتوون، من پێیان گەشبینمو لەم چەند ساڵەدا کاری درامای جوان کراوە.

**دەستوور:** زیاتر بەچ کارێک لای خەڵک ناسرایت؟

**قادر جەلال:** سەرەتا لەشانۆگەریی چەخماخەدا ناسرام، بەڵام لەڕێگەی زنجیرە درامای گەردەلوولەوە زیاتر ناسرام. هەروەها لەڕێگەی زنجیرە درامای نامەکانی ئەشرەفیشەوە.

**دەستوور:** رۆڵ بینین لەسەر داوای خۆت دەبێت یان دەرهێنەر؟

**قادر جەلال:** ئەو رۆڵانەی بەرجەستەمکردووە، زیاتر لەسەر داوای دەرهێنەرەکان بووە. ئەو رۆڵانەی بەرجەستەم کردووە، جێگەی خۆشحاڵیم بووە. لەهەموو رۆڵەکاندا سەرکەوتنم بەدەستهێناوە.

**دەستوور:** لەکارکردندا چی گرنگە؟

**قادر جەلال:** بەپلەی یەکەم سیناریۆ گرنگە، کە لەخزمەتی کولتوورو ژیانی میللەتدا بێت، هەروەها دەرهێنەرو پاداشتیش گرنگن بۆ کارکردن.

**دەستوور:** بۆچی قاپو قاچاخەکانیماڵی ئەشرەفت سپیدەکردەوە، بۆ رایکردنی کارەکانت؟

**قادر جەلال:** لەخوام دەویست ئەشرەف کاری پێم هەبێت، ئەگەر ئەشرەف بیوتایە سەربانەکەشم بۆ سواغبدە، دەمکرد.

**دەستوور:** هەرگیز تووشی رووداوی ناخۆش بوویت؟

**قادر جەلال:** دووجار لەمەرگ نزیکبوومەتەوە، جارێک بەهۆی جگەرەکێشانەوە، جارێکیش بەهۆی رووداوی هاتوچۆوە.

**دەستوور:** نوێترین کاری هونەریت چییە؟

**قادر جەلال:** لەبەشی سێیەمی گەردەلوولدا بەشداریدەکەم.

## یەکەمین کەناڵی ئاسمانیی ئیسلامی لەئیتاڵیا پەخشدەکرێت

دەستوور


راوێژکاری کەمایەتییە ئیسلامییەکانی ئیتاڵیا بۆ کاروباری راگەیاندن ئاشکرایکرد لەچەند مانگی داهاتوودا کەناڵێکی ئاسمانیی ئیسلامی لەئیتاڵیاوە پەخشدەکرێت.

حەمزە ریکاردۆ بەئاژانسی هەواڵی ئاکیی راگەیاند ماوەیەکی زۆرە لەهەوڵی دامەزراندنی ئەو کەناڵەدانو تەنانەت شوێنیشیان بۆ ستۆدیۆ دەستنیشانکردووە.

ریکاردۆ وتی بەرنامەکانی ئەو کەناڵە لەچوارچێوەی بیروباوەڕە ئیسلامییەکانەو کەناڵێکی مەزهەبی دەبێت.

وتیشی چەندان نامەی ئاگادارکردنەوە بۆ ناوەندە ئیسلامییەکانی ئیتاڵیا نێراوە، تا ئەوانیش رای خۆیان لەبارەی کردنەوەی ئەو کەناڵەوە رابگەیەنن.

# خەڵاتی ئاشتیی پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت دەدرێت بەنووسەرێکی ئیسرائیلی



دەستوور

پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب رۆژی یەکشەممە لەڕێوڕەسمێکدا خەڵاتی ئاشتی دا بەنووسەرێکی ئیسرائیلی.

خەڵاتی ئەمساڵی پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێب لەفرانکفۆرت بەداڤید گرۆسمان نووسەری ئیسرائیلی بەخشرا.

دەستەی دادوەرانی پێشانگەکە ئەو خەڵاتەیان دا بەداڤید گرۆسمان، بەهۆی هەوڵەکانی ئەو نووسەرە لەپێناوی ئاشتی لەنێوان ئیسرائیلو فەڵەستینییەکاندا.

داڤید گرۆسمان لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەدا وتی "هیوادارم ئیسرائیل بتوانێت مێژوویەکی نوێ بۆخۆی بنووسێتەوە".

ئەو نووسەرە ٥٦ ساڵەی ئیسرائیل یەکێک لەچالاکوانانی بزووتنەوەی ئاشتی لەئیسرائیلو بڕوای بەدامەزراندنی دوو وڵاتو دوو حکومەتی سەربەخۆی ئیسرائیلو فەڵەستینە.

کوڕێکی گرۆسمان لەجەنگەکانی باشووری لوبنان بەدەستی حیزبوڵڵای لوبنانی کوژرا، بەڵام گرۆسمان رایگەیاند لەدڵەوە ئاواتەخوازە کۆتایی بەتۆڵەسەندنەوەو سەرکوتکردن بێتو گەلانی ناوچەکە بەئاشتیو ئارامی ژیان بەسەربەرن.

# کـــوردێـــک لـــەچـــەنـــدان زنـجـیـرە درامـــای کـــەنـــداودا بـــەشـداریـــدەکـــات



ژەنیار

مەریوان ساڵەیی لاوێکی کوردەو لەبواری نمایشی جلوبەرگو ریکلامکردنو راگەیاندندا کاردەکات، بڕیاریداوە لەچەند زنجیرە درامایەکی کەنداوی عەرەبیدا بەشداریبکاتو هەروەها ئەلبومێکی گۆرانی بەزمانی کوردیو عەرەبی بڵاودەکاتەوە.

مەریوان ساڵەیی هەڵگری رەگەزنامەی هۆڵەندییەو لەشاری دوبەی نیشتەجێیە، ماوەی ٢٠ ساڵە لەگەڵ خێزانەکەیدا کوردستانی بەجێهێشتووە.

لەدوای تەمەنی یانزە ساڵییەوە لەراگەیاندنو ریکلامکردنو نمایشی جلوبەرگدا کاریکردووە.

ساڵەیی ئاشکرایکرد داوایان لێکردووە وەک ئەکتەر بەشداری لەچەند زنجیرە درامایەکی وڵاتانی کەنداودا بکات، بڕیاریشیداوە بەشداریبکات.

وتیشی سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ تۆمارکردنی ئەلبومێکی گۆرانی بەهەردوو زمانی کوردیو عەرەبی.

مەریوان ساڵەیی هەروەها کتێبێک بەزمانی ئینگلیزی لەبارەی ناوچەکانی کوردستانەوە بڵاودەکاتەوە.


# گوڵەکانی کەرکوک لەئیتاڵیایە

ژەنیار

فیلمی سینەمایی گوڵەکانی کەرکوک لەدەرهێنانی دەرهێنەری کورد فریبۆرز کامکاریو بەرهەمی وڵاتی ئیتاڵیاو سویسراو هەرێمی کوردستان، بەشداریی لەفێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی رۆما دەکاتو لە٩٠ هۆڵی سینەمایی ئیتاڵیا نمایشدەکرێت.

فیکری بەرۆژی خاوەنی کۆمپانیای ڤیژل کەی لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "فیلمەکە لەفێستیڤاڵی نێودەوڵەتی رۆما بەشداریدەکات، کە لە٢٨ی ئەم مانگە تا ٥ی مانگی داهاتوو بەڕێوەدەچێت.

گوڵەکانی کەرکوک باس لەچیرۆکێکی خۆشەویستیی کوردێک دەکات لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم، لەسەردەمی ئەنفالکردنی گەلی کورددا.



**تەرازوو** (٢٣ ئەیلول - ٢٢ ت. یەکەم)

ئەگەر لەگەڵ کەسێکی نزیکتدا جیاوازییەک لەبۆچوونەکانتاندا هەیە، ئەوا ئەم هەفتەیە زۆر لەبارە بۆ تێگەیشتن لەیەکتری. سازدانی هەر گفتوگۆیەک بۆ قایلکردنی بەرانبەر بەسوودی تۆ دەشکێتەوە.



**دوپشک** (٢٣ ت. یەکەم - ٢١ ت. دووەم)

هەستەکانت کەمێک دڵەڕاوکێت لەلا دروستدەکەن، هەر لەبەرئەوەشە کەنازانی لەدەوروبەرت چی دەگوزەرێ. هەوڵبدە بەتەرخانکردنی کات، ئەوە لەکۆڵ خۆت بکەیتەوە. ئاگاداری نهێنییەکانت بە.



**کەوان** (٢٢ ت. دووەم - ٢٠ ک. یەکەم)

هەندێک جار شتەکان زۆر لەڕادەی خۆیان بچوکتردەکەیتەوە، بەتایبەت ئەگەر رەخنەیەکت ئاڕاستە بکرێت. ئەم هەفتەیە زۆر هەستیاریت بەرانبەر بەرەخنەکان، کە لەشتێکت یان کەسێکت دەگیرێنو هەوڵبدە هەڵنەچیت.



**گیسک** (٢١ ک. یەکەم - ١٩ ک. دووەم)

ماوەی داهاتوو زۆر لەبارە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی باش لەهەردوو ژیانی تایبەتو گشتیدا. هەوڵبدە کەمێک بچیتە دەرەرەوەو بەردەوام لەماڵەوە نەبیت. لەوانەیە لەچوونە دەرەوەتدا کەسێکی باش بناسیت.



**سەتڵ** (٢٠ ک. دووەم - ١٧ شوبات)

دەمەقاڵەیەکی بچوک لەنێوان تۆو هاوڕێیەکی نزیکتدا روودەدات، ئەوەش لەئەنجامی لێکتێنەگەیشتنەوەیە لەوتەی یەکێکتان. بەڵام هەرزوو چارەسەردەبێت. هەفتەیەکی خۆشو پڕ یادگاریی جوان دەبێت لەژیانی تایبەتتدا.



**نەهەنگ** (١٨ شوبات - ٢٠ ئازار)

هەسارەکان کاریگەری ئەرێنییان لەسەرت دەبێت ئەم ماوەیە. هەر ئەمەشە وادەکات پەیوەندییەکی سۆزداریی زۆر توندوتۆڵ بەخۆشەیستەکەتەوە بتبەستێتەوە. بۆیە حەزدەکەیت بەردەوام لەگەڵیدا بیت.

# شازادەیەکی بەحرەینی، عاشقی سەربازێکی ئەمریکی دەبێت

دەستوور

شازادەیەکی بەحرەینی بەناوی مریەم ئال خەلیفە پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ سەربازێکی ئەمریکی دەبەستێتو بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لەگەڵ ئەو سەربازەدا هەڵدێت بۆ ئەمریکا.

چیرۆکی خۆشەویستیی ئەو کچو کورە بۆ سێ مانگ لەمەوپێش دەگەڕێتەوە.

ڕووداوەکە بەمشێوەیەیە کەمریەم ئال خەلیفە کچە شازادە ١٨ ساڵانەکەی بەحرەین بەڕێکەوت لەوڵاتی بەحرەین لەگەڵ سەربازێکی ئەمریکی بەناوی گیسن جانسۆن ئاشنادەبێتو دواتر پەیوەندیی خۆشەویستی لەنێوانیاندا دروستدەبێت.

شازادەی بەحرەینی دەزانێت ناتوانێت بەهۆی نەریتەکانی کۆمەڵگەکەیەوە لەگەڵ ئەو سەربازە ژیانی هاوسەری پێکبێنێت، لەبەرئەوە پلانی هەڵهاتن بۆ ئەمریکا دادەڕێژن.

شازادە مریەم ئال خەلیفە بەبەڵگەنامەی ساختەو بەپۆشینی جلی سەربازیی هێزەکانی مارینز لەگەڵ سەربازە ئەمریکییەکە هەڵدێن بۆ ئەمریکاو کاتێک دەگاتە فڕۆکەخانەی شیکاگۆ بەڵگەنامە ساختەکانەی لەلایەن پۆلیسەوە ئاشکرادەبێتو بەناچار داوای مافی پەنابەریی سیاسی لەئەمەریکا دەکات.


لەدوای ئاشکرابوونی ڕووداوەکە حکومەتی بەحرەین فشاری خستەسەر ئەمریکاو داوای تەسلیمکردنەوەی شازادەی کرد.

هەرچەندە حکومەتی ئەمەریکا لەسەرەتادا بەو داوایە ڕازیبوو، بەڵام دواتر دادگای باڵای کۆچبەرانی سانتیاگۆی ئەمریکا ئەو داوایەی ڕەتکردەوەو ڕایگەیاند گەڕانەوەی بۆ بەحرەین دەتوانێت مەترسیی گیانی بۆ کچەکە دروستبکات.

لەبەرانبەردا باڵیۆزی بەحرەین لەئەمریکا ڕایگەیاند بنەماڵەی دەسەڵاتداری بەحرەین کچەکەیان خۆشدەوێتو هیچی بەرانبەر ناکەن، بەڵام ئەمریکا بەهۆی فەرمانی دادگاوە ڕازینەبوو بەگەڕاندنەوەی مریەم ئال خەلیفە بۆ بەحرەین.

ئێستا شازادە مریەم ئال خەلیفەو گیسن جانسۆن ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوەو پێکەوە ژیان بەسەردەبەن.

گیسن جانسۆن چەند ساڵێک سەرباز بووە لەریزەکانی سوپای ئەمریکا لەعێراق.



## کچەکەی گیڤارا چاوپێکەوتن لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبنان ئەنجامدەدات



دەستوور

ئەلیدا گیڤارا کچی گیڤارای شۆڕشگێڕی ناسراوی جیهان یەکشەممەی ڕابردوو لەسەردانێکدا گەیشتە باشووری لوبنانو لەگەڵ بەرپرسانی باڵای حیزبوڵڵای لوبنان کۆبووەوە.

ئاژانسی هەواڵی فەڕەنسا بڵاویکردەوە ئەلیدا گیڤارا لەباشووری لوبنان تابلۆیەکی پێدراوە کەتایبەتە بەبیرەوەرییەکانی گیڤارای باوکیو عیماد موغنیە کە یەکێک لەڕابەرە کوژراوەکانی حیزبوڵڵا.

ئەلیدا گیڤارا لەکۆبوونەوەی بەرپرسانی حیزبوڵڵادا وتوویەتی "من عەرەب نیم، بەڵام ڕێز لەژیانی مرۆڤەکان دەگرمو لەلوبنانیشدا هەست بەبوونی باوکم دەکەم".

## بەم زووانە خالید ڕەشید دوو ئەلبومی گۆرانیو میوزیک بڵاودەکاتەوە



موحسین یاسین

هونەرمەند خالید ڕەشید ئاشکرایکرد بەم زووانە دوو ئەلبومی میوزیکو گۆرانی بڵاودەکاتەوە.

خالید ڕەشید لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت کارەکانی ئەلبومە نوێکەی تەواوبووەو بەم زووانە بڵاودەبێتەوە، کەنۆ گۆرانی تێدایە.

وتیشی زۆرینەی ئاوازی گۆرانییەکان خۆی دایناوە.

خالید ڕەشید ئاماژەی بەوەدا ئەلبومێکی میوزیکیش بڵاودەکاتەوە.

## کۆنترین کتێبی تەورات دەدۆزرێتەوە

دەستوور

کۆنترین کتێبی تەوراتی جولەکەکان لەشاری قودس دۆزرایەوەو بەپێی وتەی شارەزایانو پیاوانی ئاینیی جولەکە ئەو تەوراتە بۆ سەدەی دووەمی زاینی دەگەڕێتەوە.

ڕۆژنامەی نەهاری جەزائیری بڵاویکردەوە ئەو تەوراتە بەزمانی عیبری نووسراوەو لەناو ئایەتەکانی ئەو پەرتووکە پیرۆزەدا، پێغەمبەری موسڵمانان وەک ڕزگارکەری کۆتایی ناوی هاتووە.

پیاوانی ئاینیی جولەکە باسیان لەوەش کردووە خوێندنەوەی ئەو کتێبە ئاشکرایدەکات کۆمەڵێک دەستکاری لەئاینیی جولەکەدا کراوەو بەشێک لەدروشمە ئاینییەکانی جولەکە، کەئێستا باوە، لەو کتێبەدا بوونی نییە.

## ئەفغانستان: دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەر ژنە سەربازە کەنەدییەکان



دەستوور

بڵاوبوونەوەی نامەکانی یەکێک لەسەربازە ژنەکانی سوپای کەنەدا، ئەنجامدانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر ژنانی سەرباز لەکەمپەکانی سوپای کەنەدا لەئەفغانستان ئاشکراکرد.

ڕۆژنامەی ناشناڵ پۆست بڵاویکردەوە نیکۆلا گۆدارد کە لەساڵی ٢٠٠٦ وەک یەکەمین ژنی سوپای کەنەدا لەئەفغانستاندا کوژرا، پێش کوژرانی، چەندان نامەی بۆ هاوسەرەکەی ناردووەو لەنامەکاندا باسی لەوەکردووە کە تەنیا لەهەفتەی یەکەمی گەیشتنی بەو کەمپە سەربازییە، شەش جار دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر ژنانی سەربازو تەنانەت ژنان لەشەودا ناوێرن بەتەنیا لەدەرەوەی ژوورەکانیان پیاسە بکەن.

نیکۆلا لەنامەیەکدا نووسیویەتی لەباروەدۆخەکە زۆر نیگەرانو تووڕەیە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی ناشناڵ پۆست ڕۆژنامەنووسێک بەناوی ڤالێری فۆرتنی بەسوودوەرگرتن لەنامەکانی نیکۆلا کتێبێکی بەناوی "ژیانو مەرگی نیکۆلا"وە نووسیوە.

لای خۆیانەوە بەرپرسانی سوپای کەنەدا تائێستا هیچ ڕوونکردنەوە یان وەڵامێکیان لەوبارەیەوە ڕانەگەیاندووە.

## بەلگراد: لەفێستیڤاڵی هاوڕەگەزبازیدا ٤٥ کەس برینداردەبن

دەستوور

پێکدادانی نێوان نەیارانی هاوڕەگەزبازیو پۆلیسی سڕبستان لەشاری بەلگراد برینداربوونی ٤٥ کەسی لێکەوتەوە.

تۆڕی هەواڵی بی بی سی بڵاویکردەوە لەکاتێکدا هاوڕەگەزبازان سەرگەرمی ئەنجامدانی فێستیڤاڵێکی تایبەت بەخۆیان بوون، خۆپیشاندەرانی نەیاری هاوڕەگەزبازان هێرشیانکردە سەر بارەگای حیزبی دیموکراتی ئەو وڵاتەو لەئەنجامی پێکدادانی پۆلیسو خۆپیشاندەراندا ئەو بارەگایە سوتێنراو ٤٥ کەسیش برینداربوون.

بەهەزاران پۆلیس ناوەندی شاری بەلگرادیان گەمارۆداو ڕێگەیانگرت لەنزیکبوونەوەی خۆپیشاندەران لەشوێنی ئەنجامدانی فێستیڤاڵەکە.

لەساڵی ٢٠٠١ەوە ئەوە یەکەمینجارە هاوڕەگەزبازەکانی سڕبیا فێستیڤاڵی تایبەت بەخۆیان ئەنجامدەدەنو لەساڵی ٢٠٠١یشدا پێکدادانی توند لەکاتی بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵی هاوڕەگەزبازەکاندا ڕوویدا.

نەیارانی هاوڕەگەزبازی لەسڕبستان لەو بڕوایەدان ئەو ڕەفتارە دژی ئاینی خەڵکو بنەما خێزانییەکانی ئەو وڵاتەیە.

هاوڕەگەزبازی لەزۆربەی وڵاتانی ئەورووپیو ئەمریکادا ئازادەو تەنانەت لەهەندێک وڵات گرێبەستی هاوسەری بەشێوەی فەرمی لەنێوان هاوڕەگەزەکاندا دەبەسترێت.



### کاوڕ (٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

ئاگاداری تەندروستیت بە، لەوانەیە ئەم ماوەیە کەمێک نەخۆشبیت. ئەوەندەی دەتوانیت خۆت دووربگرە لەهەر هەڵچوونێک. زۆر خۆت ماندوومەکەو کاروبارەکانت لەکاتی خۆیدا ئەنجامبدە.



### گا (٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

ئەگەری سەرکەوتنت زۆرە لەم هەفتەیەدا بەتایبەتیو لەم مانگەدا بەگشتی لەبوارەکانی پەیوەست بەبازرگانیو کڕینو فرۆشتنەوە. ڕەوتی هەسارەکان بەجۆرێکن هەست بەبێزاریو نەخۆشی ناکەیت.



### دووانە (٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

وا باشترە لەماوەی ئەم هەفتەیەدا پارە خەرجنەکەیت، لەبەرئەوەی بەتەواوەتی ناتوانی بڕیار لەسەر ئەوە بدەیت کەپێویستت بەکڕینی چی دەبێت. بەباشی بیر لەئامانجەکانت بکەرەوەو بێپلان هیچ کارێک مەکە.



### قرژاڵ (٢١ حوزەیران - ٢٢ تەموز)

ئەگەر هەست بە نادڵنیایی لەبارەی جەستەتەوە دەکەیت، ئەوا ئەو هەستانەت ئەم هەفتەیە دەڕەونەوە. کەسێک لێت تێدەگاتو بۆچوونەکانت دەنرخێنێ. ئەمەش کاریگەری لەسەرت دەبێو بڕوات بەخۆت زیاددەکات.



### شێر (٢٣ تەموز - ٢٢ ئاب)

هەوڵمەدە ئەم ماوەیە بەتەنیا پلان بۆ ژیانت دابنێیت، پێویستت بەکەسێکە هاوکاریت بکاتو بەشداربێت لەگەڵتدا. شتێک ئامادە بکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کەسێک کە یەکەمجارتە دەیناسیت.



### فەریک (٢٣ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

کەسێکی نزیکت کێشەی تەندروستی هەیەو پێویستی بەهاوکاریی تۆیە. ئەم ماوەیە زۆر گونجاوە بۆ پەرەپێدانی لایەنی سۆزداریت. هاوڕێیەتییەکی کورتخایەن کاریگەری زۆر باشت لەسەر بەجێدەهێڵێ.

دەستوور
**خاوەنی ئیمتیاز:** کۆمپانیای سولی تێلیگراف
**سەرۆکی ئەنجومەن:** ئیدریس عومەر
info@destur.net - 0533187811
**جێگری سەرنووسەر:** وریا حەمەتاهیر
**سکرتێری نووسین:** شۆڕش خالید
**بەڕێوەبەری هونەریی:** لوقمان عومەر

# سلێمانی بیرتان دەکات

**ساڵیادی ٢٢٦مین ساڵەی دروستکردنی شاری سلێمانی، ڕۆژنامەی دەستوور بەو بۆنەیەوە وێنەی شێتەکانی سلێمانی بڵاودەکاتەوە، کەهەمیشە دنیایان جوانتر بینیوەو بەدەم ژیانەوە پێکەنیون، ئەوان بەشێکی گرنگی ڕابردوو و ئێستای ئەو شارەن.**

